
# زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت، نیشتمانی نیکۆس کازانتزاکیس


بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی رووناکبیری گشتییە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات


خولی دووەم، ژمارە (١٥٢)، شەممە، کانوونی دووەمی ٢٠١١/١/٢٢ زایینی - بەرانبەر بە ڕێبەندانی ٢٧١٠ی کوردی - ساڵی یانزدەیەم







www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## کەلتووری خۆشەویتی:کەلتووری مرۆڤایەتییە

ل ٢٤-٢٥







**لەم ژمارەیەدا:**


* ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت - بەشی نۆیەم. ل ١٢ - ١٣
* سەباح رەنجدەر لەمەڕ شیعر و چالاککردنی هەستەکان دەنووسێ. ل ١٤ - ١٥
* ئیلام شاری دێرینی کوردان. ل ٣٠
* دەزگای بەدرخان لەشاری بەسرە سەروەرییەکی دیکە تۆماردەکات. ل٢٨
* کۆمیدیکار هێمن سەعدی ناسراو بە جادر لە دیمانەیەکی رووبەڕوودا ل ١٠




دوێنێ ٢٠١١/١/٢١ لە وڵاتی یۆنان - دورگەی کریت چالاکی کەلتووری و ئەدەبی لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و یەکێتی کوردانی کریتی لەژێر دروشمی زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت نیشتمانی نیکۆس کازانتزاکیس بە ئامادەبوونی ١٥ میوان لە کوردستانەوە کە بریتی بوون لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و راگەیاندکارانی کورد و جەماوەرێکی زۆر لە کورد و یۆنانی دەستی بەکارەکانی کرد.

لە وتەیەکی مامۆستا و چیرۆکنووس و رۆماننوس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هاتووە سەبارەت بە نیکۆس دەڵێ

من لە نەتەوەیەکم"کورد"ی پێدەڵێن، وڵاتەکەم کوردستانە. هەر پارچەیەکی بەدەستی وڵاتێکەوەیە، ئومێد دەکەین رۆژێک ببینە خاوەنی دەوڵەتێک و کیانی خۆمان هەبێ. لێرەدا لەبەردەم رۆحی کازانتزاکیسدا دەوەستم و دەڵێم: گەورەم ئەو کۆچبەرە یۆنانییانەی لەناو بەڵشەفیکەکانەوە دەگەڕانەوە یۆنان، گەر کەسانێکی کورد لەناو بەڵشەفیکەکاندا مورتەزەقە بووبێتن و یۆنانییەکانیان کوشتبێ، ئەوانە بۆ بەرژەوەندی کورد شەڕیان نەکردووە. هەروەکو چۆن ئەو کوردانەی لەناو جەندرمەی تورکدا بوون و خوێنی ئەرمەنەکانیان رشت، کورد پێی نەوتوون ئەرمەنی بکوژن. کورد وەک نەتەوە لە خوێنی یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکان بێ گوناهن.

لە ژمارەی داهاتوو ریپۆرتاژێک سەبارەت بەم بابەتە لە بەدرخان بخوێنەوە.




فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید بۆ بەدرخان دەنووسێ ل ٤-٥



محەمەد حوسێن رەسووڵ لە نێوان ئەندازیاری و ئەدەب و وەرگێڕاندا ل ٢٦



بێلاف، رۆحی عەبدوڵڵا فەرهادی بە ئاسمانی هەولێر شاددەکات ل ٦



کاردۆ گەلالی ئەو مرۆڤەی لە بەرامبەر بێویژدانترین رژێم چۆکی نەدا ل ٣١



کاکە مەم بۆتانی لە ئەزموونی یەکەم نووسینی بۆ بەدرخان دەنووسێت ل ٩



## ئاراستەی سێیەم

سمکۆ عەبدولکەریم

### ساڵی لافاوەکە

هەمووان پێمان وایە ناتواندرێ رێ لە کارەساتە سروشتییەکان بگیرێت، بەڵام لانی کەم دەتوانرێ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی رووداو و کارەساتە سروشتییەکان کەم بکرێنەوە.

جادەو بان و پڕۆژە هەیە تا تەواوکراوە چەندجارێک تێکدراوەتەوەو چاککراوەتەوە، تەنیا لەبەرئەوەی پێشوەخت پلانێکی رێک و پێکی بۆ دانەنراوە، کاتێکیش قسە دێتە قسە، یەکەم شت کە باسی لێوەدەکەن پلانی پێشوەختەیە، لە کاتێکدا خودی پڕۆژەکان باشترین بەڵگەن بۆ نەبوونی هیچ جۆرە پلانێکی تۆکمەو بەجێ، ئەوەی دەوترێت هەر قسەیەو هیچ، ئەگەرنا مەعقولە دوای ئەو هەموو ساڵەو دوای دابینکردن و خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە لە پڕۆژەی ناپێویستتر لەو پڕۆژەی من باسی دەکەم، تازە بە تازە مەزرا بۆ گەڕەکەکانی هەولێر دروست دەکرێت.

ساڵ نییە لەگەڵ هەر بارانێکی تۆزیک بە خوڕدا هەولێر رووبەڕووی لافاو نەبێتەوە، ساڵانی زوو بە دەگمەن لافاوی لەو شێوەیەی ئێستا، هەولێری دەگرتەوە، ئەگەر بشبوایە ئەوە چەند ساڵ جارێک، لافاوی لەو شێوەیە روویدەدا، هەربۆیە دوای چەندین ساڵ تێپەڕبوون بەسەریدا، ئەو لافاوە دەبووە رۆژێکی مێژوویی، ئەگەر باسی هەرشتێکیان بکردبوایە لەو ساڵەدا دەیانگووت ساڵی لافاوەکە، ئەوەش ئەو راستییە دەردەخات، کە ئەو ساڵانە بە دەگمەن لافاو روویداوە .

راستە لە بنەڕەتدا یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی هەولێر نەبوونی ئاوەڕۆیەکی ستراتیجییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی دیکەش نەبوونی عەقلیەت و پلانێکی ستراتیجییە، کە ئەمەیان لە ئیرادەی ئینسانەکان خۆیاندایە، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو پڕۆژەیەی ئاوەڕۆی هەولێر بکەین، کە بەر لە دوو ساڵ جێبەجێکرا، بە قسەی خۆیان پڕۆژەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی زۆر ستراتیجی بوو، کەچی بەشێکی ئەو پڕۆژەیە بە شێوەیەکی زۆر عەفەوی و بەدەر لەو پلانە پێشوەختەی کە دەبوایە ببێ جێبەجێکرا، لە کاتێکدا بەرنامەکە وابوو دەبوایە ئەو ئاوەڕۆ سەرەکییەی، کە ئاوی باران و بەشی هەرە زۆری هەولێری پێدا دەڕوات بە شێوەی سندوقی دروست بکرێت، نەک بەو جۆرە بۆرییە پلاستیکییە باریکە کە لە گەڵ یەکەم باران بارینداا ئەو بۆرییە لە دەیان جێ تەقی و لە شوێنی خۆی دارما، تا ئێستاش کە زیاتر لە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە چاک نەکراوەتەوە، بۆیە دەکرێ پرسیاری ئەوە بکەین، کە هۆکاری سەرەکی ئەو لافاوانەی ساڵانە رووبەڕووی هەولێر دەبێتەوە چییە ؟ کێ لێی بەرپرسە .

# دۆستی راستەقینەی کورد تەنها دیموکراتخواز و نیشتیمانپەروەرەکانن

**پارێزەر: کەمال محێدین**

ئەگەر بمانەوێ ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەکەی خۆمان، نەک تەنها بپارێزین لە پاشەکشەو پووکانەوە بە پیلانی دوژمنەکانمان، بەڵکو دەبێ بە کاروکردەوەی جدی و بەردەوام هەوڵبدەین بۆ پێشخستن و فراوانکردن و بەهێزکردنی لەهەموو بوارەکانی ژیان و دەبێ خوێندنەوەیەکی قووڵ و زانیارییانەمان هەبێت لەسەر هەموو ئەو رووداوە تفت و تاڵانەی، کە دژی کاربەدەستانی عەباسییەکان لە ناوچەکانیان ئەنجامداوە تا کار گەیشتە ئەوەی کوردەکان توانیان هەموو ناوچەی موسڵ ئازاد بکەن و دەسەڵاتی خۆماڵیان تێدا جاڕدا، لەگەڵ سەلماندنیان بە دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی. لەم کاتانەدا ژمارەیەکی زۆر لە خێزان و هۆزە عەرەبییەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی واتا"شبه جزیره العرب" لە سعودیەو یەمەن و شام روویان کردە ناوچەکانی باشووری عێراقی عەرەبی تا ئەنینو جلەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیایان داخست لەگەڵ بانگەشە بۆ"یەک وڵات و یەک زوبان و یەک دروشم و یەک دەوڵەت" بەمجۆرە هەموو دەسەڵات و مافەکانی گەلی کوردیان خەفەکرد، پەیتا پەیتاش کوردەکانیان لەشارو دێهاتەکان دەردەکرد یا تورکیان تێدا دادەنا یا پاش تاڵانکردنیان دەیان سووتاندن، بەدرێژایی ئەو ماوە تا حکومەتی عێراق دروستکرا



قوتابیانی زانکۆی بەغدا ئاهەنگی نەورۆز/ 1957 - کەمال محیەدین وتاری قوتابیانی کوردستان پێشکەش دەکات

بەسەر وڵاتەکەمان هاتووە، بۆیە وا دەزانم بۆ هەموو دڵسۆزێکی کورد، کە بیەوێ لەباری سیاسی گەل و نیشتیمانەکەی بگات پێویستە بەلای کەمەوە چەند قۆناغێکی مێژوویی نزیکی وڵاتەکەی بزانێت، گەر بگەڕێینەوە مێژووی بەسەرهاتەکانی عێراقی عەرەبی و کوردستان دەبینین تا ساڵی ٦٣٩ی زایینی وڵاتەکەمان بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی، کە هیچ هەست و بیروباوەڕی نەتەوایەتیان نەبووە.

پاش هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بۆ ناوچەکەمان لەساڵی ٦٣٩زایینی هەست و بیری خۆشەویستی خەڵک بەگشتی بۆ یەزدانی پاک و قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری مەزن بووە"د.خ"کوردەکان درێغیان نەکردووە بۆ سەرکەوتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بەڵگەش بۆ ئەوە سەلاحەددینی ئەیوبی کە بەهێزو توانای خۆی و هۆزەکەی شاری"عکا و قودس"ی رزگارکرد لەدەست داگیرکەرانی ئەورووپی و سوپای سەلیبی دەربەدەرکرد لە وڵاتی ئیسلامداو دەوڵەتی ئەیوبی ئیسلامی لە میسر و سوریا دروستکرد و عێراقیشی خستە سەر دەوڵەتەکەی بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی پیرۆز بەتایبەتی لە رۆژانی حوکمرانی ئەمەوییەکان لەساڵانی ١٦٨٢ و ١٧٠٢ و ١٧٠٨ چەندجار کوردەکان راپەڕینیان دژی نەبوونی یەکسانی و گرفتی کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە، هەروەها لەساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٤٦ و ١٨٦٦ دیسان کوردەکان راپەڕینیان سنووری باشووری کوردستان هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پێدەشتەکانی ئاسیای ناوەند روویان کردە باکووری کوردستان و سنوورەکانی باشووری کوردستان.

بەمجۆرە رێژەی عەرەب و تورکمان لە کوردستان زیادی کرد، خێڵ و هۆز و مەڕدارەکانی عەرەب و تورک لە ناوچە کشتوکاڵییەکانمان جێنشین بوون.

پاش کۆتایی حوکمی عەباسی ئیمارەتێکی داگیرکەرەکان دەرکەوت لە ئەنەزولی تورکیا بە سەرۆکایەتی"ئەرتەخرل کوڕی سلێمان" پاشان عوسمانی کوڕی" ئەرتەخرل" بەردی بناغەی دەوڵەتی عوسمانی داناوە.. تا ساڵی ١٩٢٢ کە مستەفا کەمال بەپێی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لەژێر فشاری ئینگلیزەکان خەلافەتی ئیسلامی نەهێشت و هەموو قوتابخانەو مزگەوتەکانی داخست و عیلمانییەتی راگەیاند.

لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کوردستان ویلایەتێکی سەربەخۆبوو لە عێراقی ئەوکاتە.

پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال"ئەتاتورک" کوردەکان زۆر یارمەتی مستەفا کەمالیان دا، چونکە زۆر بەڵێنی چەور خۆشی بە کوردەکان دابوو، بەڵام بەداخەوە کوردەکان ماران گاز بوون و دوژمنەکانمان پەیمانی لۆزانیان دانا لەشوێنی پەیمانی سیڤەر بێ ئەوەی باسی کوردی تێدا بکرێت، دوا بەدوای ئەوە مستەفا کەمال و عیسمەت لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، تورکیا داوای ویلایەتی موسڵی بەهەموو کوردستانی باشوورەوە دەکرد، بەڵام لەژێر فشاری ئینگلیز و پاڕانەوەی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ بەهێزکردنی حکومەتە عێراقییە دەستکردەکەی ئینگلیز، لە دواجار ویلایەتی موسڵیان لکاند بە عێراقەوە، هەرچەندە مەلیک فەیسەڵ بەڵێنی گەورەی بە کوردەکاندا، بەڵام دیسان بەڵێنەکان پووچەڵ دەرچوون، لەساڵی ١٩٣٤وە حکومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی دەستی کرد بە کردنە عەرەبی ناوچە کوردستانییەکان، لەپێش هەموویانەوە ناوچەی کەرکووک و یەکەمینجاریش بە گەورەکردنی حەویجە، کە گوندێکی بچووک بوو هەموو دانیشتوانی کورد بوون، ئێستاش بووە بە قەزاو زۆربەی دانیشتوانی کراوە بە عەرەبی توندڕەو، سەیر ئەوەیە لەژێر چەتر و سێبەری سەرۆک وەزیرانی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ مالیکی و سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ جەنابی مام جەلال تاوانەکانی تەعریبکردنی کوردستان بەردەوامە.

بەمجۆرە عێراقی دیموکرات بوو بە وڵاتێکی هەمە چەشنەو رەنگاوڕەنگ، لەڕووی خاک و نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕەوە، کە ئەم فرە رەنگییە لەهیچ وڵاتێکی دنیا بەدی ناکرێت، هەربۆیە بەڕێوەبردنیشی هاسان و بەردەست نییە، دەبینین خاکی عێراقی فیدراڵ لە باشووری کوردستان دروستکراوە، کە بەشێکە لە نیشتیمانی گەلی کورد، هەروەها لە بەشێک لە

←

ڕۆژهەڵاتی عەرەبستان، کە بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەب، دیسان دەبینین گەلی عێراق پێکهاتووە لە بەشێک لە گەلی کورد و بەشێک لە گەلی عەرەب، لەگەڵ ژمارەیەک نەتەوەی دیکە وەک: تورکمان، ئاشووری، لەڕووی ئایینیشەوە پێکهاتووە لە ئیسلام بە سوننەو شیعەو لەگەڵ مەسیحی بە کلدان و ئاشووری و سریانییەوە لەگەڵ سابیئەی مەندائی و.. سەرەڕای ئەمانە هەمووی بەشێکی زۆر بەرچاو خۆیان بە عەلمانی دەزانن، کە لەگەڵ لایەنە ئایینییەکان ناگونجێن.

پاش نزیکەی زیاتر لە ٨٠ هەشتا ساڵ گەلی عێراق بە هەموو لایەنە ئایینی نەتەوەییەکانییەوە توندترین زەبرو زەنگی چێشتووە لەدەست حکومەتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکان تا ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ پەیکەرەکەی سەدامی خوێنڕێژ تێکدراو کۆمارێکی سەربەخۆی دیموکرات و فیدراڵی لەجێگای دامەزرا، لەم ڕۆژەوە لایەنە سیاسییەکانی عێراقی فیدراڵ کێبرکێیانە لەسەر دەسەڵات گرتنە دەست، لەپێش هەمووشیانەوە برا شیعەکان بە ڕابەرایەتی لیستی نیشتیمانی و سەرۆکایەتی"ئیبراهیم جەعفەری و مالیکی"هەروەها برا سوننەکان بە ڕابەرایەتی لیستی ئەلعراقیەو بە سەرۆکایەتی د. ئەیاد عەللاوی. لەهەموو وڵاتانی جیهان، کە شۆڕش یان گۆڕانکاری بەرەو ئازادی ڕوودەدات، کۆمەڵگا دەبێتە سێ بەش:

١- یەکەمیان خۆی بەخاوەنی شۆڕش و گۆڕانکارییەکە دەزانێ و بەرگری لێ دەکا.

٢- دووەمیان ئەوانەن کە گۆڕانکارییەکە دژی بەرژەوەندییەکانیانە، بۆیە دژی دەوەستنەوە.

٣- سێیەمیشیان بێلایەنەکانن، کە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبات.

بەڵێ ئێمەش لەم جیهانە بەدەر نین و ناشتوانین دوورە پەرێز بوەستین لە ڕووداوەکانی ئەم جیهانە، وتمان سەدام حوسێن ڕووخاو گۆڕانکاری ڕوویدا، بەمجۆرەی هەموو لایەک دەیزانین و لەهەمان کات دۆست و دوژمن و بێلایەن بۆ گۆڕانکارییەکە پەیدابوو، کە هەر لایەک لەم لایەنانە بریتین لەچەند گروپی هەمە چەشنەو ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگ و پێویستە، کە دۆستەکانی ئەم گۆڕانکارییە دەبێ خاوەن بیروباوەڕی نەگۆڕبن بە گۆڕانکارییەکە، دەبێ دووربین و وردبین بن لەهەمان کات بەرامبەر کێشەکان دەبێ دڵسۆز و ڕاستگۆبن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، دەبێ هێمن و هوشیارو نەبەز بن بەرامبەر هەموو نەیار و دوژمنەکان، دەبێ دەست و دەم و دەروون پاک بن لە ڕەفتار، دەبێ ئاگادار و وریا بن و ڕێگا نەدەن بەو دوژمنانەی کە لە دەرگاکان ڕایان کردووە، با لە پەنجەرەکان نەیەنە ژوورەوە.

ئێستا ئێمە لەم قۆناغە گرنگ و پڕ لە مەترسیدارەداین، دەبینم دۆست و دوژمن و بێلایەنەکانی گۆڕانکاری ئەزموونەکەمانیان تێکەڵکردووەو هیچ هێڵێک نییە لێکیان جیا بکاتەوە، ئەوانەی خوێنیان ڕشت و ماڵیان وێران بوو لەپێناو ئەو گۆڕانکارییە، ئەوانەی کەسوکاریان ئەنفال و کیمیاباران کرا، ئەوانەی خاوەنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەن لەم گۆڕانکارییەدا ئەوانەو ئەوانە، ئەوانەی دیکەش کە هەمیشە ئامادەبوونەو ئێستاش ئامادەن بین بە ئاگر بەڕووی دوژمنانی ئەو ئەزموون و گۆڕانکارییە پیرۆزە، بەڵام مخابن هەموویان بیرچوونەتەوەو وەک میوانیش تەماشا ناکرێن.

ئەو قارەمانانەی تا ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ لە زیندانە تەسک و تاریک و تەنهاکانیان چاوەڕوانی پەتی سێدارەیان دەکرد لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەل و نیشتیمان ئێستا پێیان دەوترێ: چۆلەکەی پار، بەداخەوە ڕۆژ ڕۆژی نزیکبوونەوەی جاش و جاسووس و بەعسی سەدامە لە دامودەزگای ئەزموونەکەمان خۆیان مەلاس داوە تا ڕۆژی گونجاو بۆ تێکدانی ئەزموونەکەمان، بەڵێ ڕۆژی ئەو جاشانەیە، کە داوایان لە سەدام حوسێن دەکرد بۆئەوەی کوردستان و پێشمەرگە کیمیاباران و ئەنفال بکات، ڕۆژی ئەو سیخوڕ و جاشانەیە سەربازانەیە، کە لووت و گوێی گاوان و جووتیاری بێ دەسەڵاتیان دەبڕی بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی چڵکاوخۆرەکانی سەدام حوسێن و دوورخستنەوەی هێزە دیموکرات و نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتووەکانە، لە بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی زیاتر لە ٢٥٥ پارت و لایەن و کەسایەتی سیاسی و دیموکرات و نیشتیمانپەروەر بە کورد و عەرەب و تورکمان بە ئیسلام و مەسیحی کۆدەبوونەوەو کاریان دەکرد بۆ پشتیگری لە ئەزموون و گۆڕانکارییەکانمان، بەڵام سەد مخابن لەشوێن ئەم قارەمانانە لەپڕێکا "ئوسامە نوجێفی" بە سەرۆکی گەورەترین دەسەڵاتداری یاسا دانرا، واتا سەرۆکی پەرلەمان کە تائێستاش باوەڕی بە دیموکراسییەت نییەو نموونەش پەراوێزکردنی لیستی برایەتی لە نەینەوا باشترین بەڵگەیەو تا ئێستاش باوەڕی بە مافەکانی گەلی کورد نییەو ناوی کوردستان نابات، بەڵێ دەرهێنانی بەڕێز ساڵح موتڵەگ و هاوڕێکانی لە لیست و خانەی بەعسی سەدامییەکان نەک تەنها ڕزگارکردنیانە لە لێپرسینەوەو سزای یاسایی، بەڵکو کورسی و پلەوپایەی بەرزو گەورەیان بۆ ئامادە کردوونە، ئەوەتا ساڵح موتڵەگ بوو بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ، دەک خوا قەبووڵی نەکات و خوێنی شەهید و کیمیاباران و ئەنفالکراوەکان لێتان خۆش نابن، زۆر سەیر و نەگونجاوە خاوەن شەهید و ئەنفالکراوەکان کورسی تایبەت دروست دەکەن بۆ بەڕێز ئەیاد عەللاوی بەناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی کێشە چارەنووسسازەکان حەوت وەزیری بێکار و زیاد لە پێویست دادەنێن بۆ ڕەزامەندی فلان و فیسار لەناو گروپەکانی عەرەب، بەڵام یەک وەزیریان نەدا بە لیستی گۆڕان، کە خاوەنی هەشت ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو ٥٠٠ هەزار کوردیان لەگەڵدایە، بەڵێ بەمجۆرە حکومەتەکە دەبێتە حکومەتی نیشتیمانی و هاووبەش؟ خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی کورسییەکانی لیستی کوردستانی، کە بریتین لە کورسی سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەو وەزیری بازرگانی و چەند وەزیرێکی بێکار دەبینین لەئاستی استحقاقی هەڵبژاردن و نەتەوەیی کورد نین، چونکە پۆستەکان لاواز و بێ دەسەڵاتن پەیوەندییان نییە بە کێشەکانی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند، واتا لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەخۆمان دەپرسم؟ ئایا بۆ دەبێ لیستی کوردستانی پێداگریی نەکات لەسەر پۆستێکی ئەمنی، ئایا ئێمە شایستە نین یا باوەڕمان پێناکەن و یا پێمان ڕاهاتوونە، کە سازش قەبووڵ بکەین، جگە لە هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە دەخرێنە پێش داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد، وەک کێشەی سەرژمێری و ماددەی ١٤٠ و تێپەڕاندنی مووچەی ساڵی ٢٠١١ بە زیانی گەلی کوردستان و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نەوت و غاز و پێشمەرگە، ئەو تابلۆیەی، کە لەسەرەوە باسمان کرد یەکە یەکە دژی بەرژەوەندی کورد و ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵەکەی کۆماری عێراقی فیدراڵە، ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی کورد و فیدراڵییەتە لاوازەکەمان لاوازتر و بێهێزتر دەکات، لەهەمان کات نیشانەی پاشەکشە پێکردنە بە دیموکراتییەت و یەکێتی خاکی عێراق و چارەنووسی گەلی کورد، کە لە فیداڵییەتی نەتەوایەتی خۆی دەنوێنێ.

لەکاتێکدا کە ئەمریکا و ئێران و سعودیە لەگەڵ بەڕێزان مالیکی و ئەیاد عەللاوی بە داهێنەری ئەم تابلۆیە دەناسرێن و ویستیان نمایشکردنی تابلۆکەش بخەنە ئەستۆی کورد، هەربۆیە هەموو لایەنەکان هاتنە کوردستان و لەژێر چەتری کوردستان و بە ڕواڵەت لەسەر داوای هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنەکەیان ڕاگەیاند، ئەویش ئەوەیە کە وەکو ژەهری مار کردیان بە گەرووی کوردو هێزە دیموکرات و نیشتیمانپەروەرەکانی گەلی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ.

لەکاتێکدا کە باوەڕی تەواوم هەیە بە دڵسۆزی و نەفەس درێژی و نەبەزی سەرۆکانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد، بەتایبەتیش جەنابی بەڕێزان سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی ئومێد دەکەم تەمەنیان درێژ و سەرکەوتووبن لەپێناو بەدەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد، بەتایبەتی لەم قۆناغە مەترسیدارو هەستیارەدا بەپێویستی دەزانم زیاتر پێداگری بکەن لە مافەکانی کورد، چونکە ئێمە خۆمان بەهێزین و با بیپارێزین، گومانم نییە لەوە کە ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەکەمان لە پاشەکشەیەو ڕۆژ بەڕۆژ سەنگەری نەیارەکانی دیموکراتییەت و فیدراڵییەت بەهێز دەبێت لەسەر حیسابی سەنگەرەکانی ئێمە، بۆیە تا کار لەکار نەترازاوەو هەموو ڕیسەکانمان نەکرێنەوە بە خوری، بۆئەوەی سەرلەنوێ پۆست و پلەکان هەڵوەشێنەوە لەڕێگەی پێداگرتنمان لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ بڕیارە چارەنووسسازەکان لەگەڵ وەرگرتنی پۆستێکی ئەمنی و هێنانەپێشەوەی هێزە دیموکراتخواز و پێشکەوتووەکان بەپلەی دەسەڵاتداری جۆراوجۆرو ئاوڕدانەوەی جددی و ڕاستگۆیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی برا فەیلییەکان و بەشداریکردنیان لە حکومەتی داهاتوو لە ئاستێکی بەرز و شایستە، تەنانەت بەم هەنگاوانە باوەڕی کۆمەڵگەی کوردی وەردەگرینەوە بۆخۆمان و ئەزموونەکەمان، کە ئێستا زۆر بە ئاشکراو هەستیار لەدەستمان داوە بەداخەوە، چونکە خۆم وەک ئەندامێکی دڵسۆزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆڕشی ئەیلوولی شکۆدارو دۆستی هەموو پارتە کوردستانی و عێراقییە دڵسۆزەکان بۆ دیموکراتییەت و فیدراڵییەتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد ئاگادارم لە هەست و هەڵوێست و نائومێدی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقی فیدراڵ و دیموکرات بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە، کە زۆربەی هەرە زۆریان دڵگیر و ڕەشبینن بەرامبەر ئەو پاشەکشەی، کە بەسەر ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەکەمان هاتووەو زۆربەشیان تاوانەکان دەخەنە سەر کورد و سەرکردایەتییەکەی، جا بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە دۆستی ڕاستەقینەو درێژخایەنی کورد تەنهاو تەنها هێز و پارت و کەسایەتییە نیشتیمانپەروەر و دیموکراتخوازە ڕاستەقینەکانن، کە ئێستا پەراوێزخراون و مەیدان بۆ دژە"دیموکراتییەت و نیشتیمانپەروەر"چۆڵکراوە، ئەوانەی بەبیانووی جۆراوجۆریش یا لەژێر پەردەی مەزهەبی و تایفەگەری و نەتەوایەتی دەیانەوێ وڵاتەکەمان ببەستنەوە بە وڵاتانی دەرەکی بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، ئەمانە قەت و قەت دۆستی گەلی کورد و گەلی عەرەب نین و باوەڕیشیان بە دیموکراتییەت و فیدراڵییەتی عێراق نییە، بۆیە نابێ بە قسەی چەور و بەڵێنی سەر زارەکی خۆش و ڕازاوە یا چەند پلەوپایەکی بێهێز و لەرزۆک فریو بخوێن و دەستمان ببڕن، گەر ئەم ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەمان لەدەست بچێت، ئەوا دەبینین دەوڵەتێک لەجۆری دراوسێکانمان دروست دەبێ هەتا هەتایە دوور لە دیموکراتییەت و فیدراڵییەتی ڕاستەقینەکە بنەمای هەموو ئازادی و سەروەرییەکانن.



## قەڵەم

حەسەن یاسین

### مەلای زاناو مەلای ناشی!

• ساڵی ١٩٨٥ تازە کتێبی (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا)ی عەبدولخالیق مەعروف دەرچووبوو، هەندێ مەلای هەولێر کەوتنە لەهەڵلادان دژی کتێبەکەو نووسەری کتێبەکەش. یەکێک لەو مەلایانە، مەلایەک بوو کە ئەوکات، لەناوەندی مەلاکانی هەولێردا، بەدۆستی بەعس و دایەرەی ئەمنی هەولێر ناوی ڕۆیشتبوو. ئەو مەلایە لەوتاری هەینیی مزگەوتەکەیدا زۆر قسەی ناشیرین و خراپی لەسەر عەبدولخالیق مەعروف کردبوو، ئەمە جگە لەوەی خەڵکی نوێژکەری لێهاندابوو. دوای ئەو وتارە عەبدولخالیق مەعروف چووبوو بۆ لای و پێیگوتبوو ئامادەم لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە کتێبەکەمدا باسمکردوون دیالۆگت لەگەڵ بکەم، بەس مافی ئەوەت پێنادەم لەنێو خەڵکی شارەکەمدا ناوم بزڕێنی ! ئەو مەلایە، کە دیاربوو بەئیعازی دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس لەدژی ع.مەعروف کەوتبووە جوڵە، ئامادە نەبوو دیالۆگی لەگەڵدا بکات، بەڵام لەسەر لەهەڵلادان دژی کتێبەکەو ع.مەعروف بەردەوام بوو تا بەکوشتیدا.

• هەر لەو ساڵەو لەکاتی دەرچوونی کتێبەکەی ع.مەعروفدا، مەلایەک بۆی گێڕامەوەو گوتی ئەو مەلایەی دۆستی بەعس، کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ڕۆژێک هاتە مەجلیسی مەلا یەکەوەو لەمەجلیسەکەدا کەوتە قسەکردن دژی عەبدولخالیق مەعروف و کتێبەکەی و هەوڵی زۆریدا مەجلیسەکە دژی ع. مەعروف هانبداو تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر مەجلیسەکە دانا. کەڕۆیشت لەیەکە یەکەی مەلاکانی ئەو مەجلیسەم پرسی: ئایا ئەو کتێبەتان خوێندۆتەوە؟ کەسیان نەیانخوێندبووەوە. گوتم من ئەو کتێبەم خوێندۆتەوە و ئەو قسانەی مەلا فلان (مەبەستی مەلاکەی دۆستی بەعسە) دەیکات هیچی لەو کتێبەدا نین، تکاتان لێدەکەم کتێبەکە بخوێننەوە ئەوجا هەق بەخۆتان بدەن قسەی لەسەر بکەن. ئەگەر بەبێ خوێندنەوە قسەی لەسەر بکەن گوناهبار دەبن و خەڵکیش، کەگوێ لەقسەی ئێوە دەگرن، بەهەڵەدا دەبەن!

• لەچوارچێوەی ڕیپۆرتاژێکدا کەلەسەر تێکەڵنەکردنی ئایین بەڕۆشنبیری و هونەر ئامادەکراوە، د.بەشیر خەلیل کە ئێستا سەرۆکی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستانە، سەبارەت بە ئاستی خراپی ئەو وتارانەی هەندێ لەمەلاکان لەنوێژی ڕۆژانی هەینیدا پێشکەشی دەکەن، بۆ ژمارە (٥٣٧٦)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دواوەو دەڵێ: ( لەکۆی ئەو ٢٨٠٠ وتارخوێنە ئایینیەی لەمزگەوتەکانی هەرێمی کوردستاندا وتاری ڕۆژی هەینی پێشکەش دەکەن، دەتوانم بڵێم ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ کەسیان پسپۆڕن و بەشێوەیەکی زانستی شارەزان لەوتنەوەی وتاری هەینیدا. ژمارەیەکی زۆریان شارەزاییان نییە، بۆیە دەبێت حکومەت لەڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە کەسانی پسپۆر لەمزگەوتەکاندا دابمەزرێنێت).

• کارەساتە ٢١٠٠ مەلای ناشی و نەشارەزات هەبێت و هەموو ڕۆژانی هەینییەکیش وتاری هەینی پێشکەش بەخەڵک بکەن. لەکاتێکدا تەنیا ٦٠٠ یان ٧٠٠ مەلای شارەزات هەبێت و شایستەی ئەوە بن وتار لەڕۆژانی هەینیدا پێشکەش بکەن. ئەم هەڵسەنگاندنەی ئاستی مەلا وتاربێژەکانی ڕۆژانی هەینی لەلایەن ڕۆشنبیرێکی دوور لەمزگەوتەوە نەکراوە، بەڵکو ئەوە د.بەشیر خەلیلە، کە خۆی مەلایەو زیاتر لە ٢٥ ساڵە وتاربێژی مزگەوتە، پێیوایە زۆرینەی مەلا وتاربێژەکانمان نەشارەزانو لەو ئاستەدا نین پێشکەشکردنی وتاری ڕۆژانی هەینییان بخرێتە ئەستۆ.

• ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە وەزارەتی ئەوقاف لیژنەکی شارەزا پێکبهێنێت بۆ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی ئاستی مەلا وتاربێژەکانمان لەڕێگەی تاقیکردنەوەیان. بەو مەرجەی ئەوانەی لەو هەڵسەنگاندنە دەرکەوێت ئاستیان نزمەو بەگوێرەی پێویست شارەزانین مافی پێشکەشکردنی وتاری هەینییان لێبسەنرێتەوە! تا ئەو کاتەی لەڕێگەی خولی ئاست بەرزکردنەوەوە دەگەنە ئەو ئاستەی بتوانن بەشارەزاییەوە وتاری هەینی پێشکەش بکەن، نەک وەک ئەو مەلایەی ۆخی لێبۆتە ڕەخنەگری ئەدەبی هاتووە لەوتاری هەینیدا، لەیەکێک لەمزگەوتەکانی هەولێردا، شیعرێکی قوبادی جەلیزادەی هەڵسەنگاندووە و جەلیزادەی بەوە تۆمەتبارکردووە کە گوایە سوکایەتیی بەخوا کردووە. هەقە ئەو مەلایە باش بزانێ کورد لەخۆیەوە نەیگوتووە نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب. هەڵسەنگاندنی شیعر دەبێت ئەرکی ڕەخنەگر بێت نەک مەلا!

• شاعیرە کلاسیکییەکانمان هەم مەلای زانابوون، هەم شاعیری لێهاتووبوون. ئەو مەلایانەی کە مەلای زانابوون و ئەوانەش کە مەلای ناشی بوون، نەمانبیستووە هیچ کەسێکیان دژی شیعری فلان شاعیر قسەیەکی خراپیان کردبێ. خۆ ئەو شیعرەی کە نالی لەسەر هین(...)ەکەی مەستورە نووسیویەتی بابەتێکی تەواو خیلاعییە کەچی یەک مەلای ئەو زەمانە نالیی بەبەدڕەوشت ناو نەبرد! هەقە وەزارەتی ئەوقاف هەنگاوێکی بوێرانە بنێت و مەلا ناشییەکان لەمینبەری وتاری هەینی دوور بخاتەوە تا بەهۆی ئەوانەوە مەلا زاناکانیشمان لەنێو کۆمەڵدا ناوبانگیان لەکەدار نەبێت!

## کاکم گۆتی



سەرتیپ جەوهەر

### ڕۆشنبیران و پەرلەمان و جەماعەت

کاکم دەیگۆ ماوەیەکە حکومەت و پەرلەمان و نوسەران و وتارخوێنەکانی هەولێر کەوتوونەتە گێژاوێک کەسیان ناوێرن خۆیان لەقەرەی چارەسەرکردنی بدەن، لەلایەک مەلاکان کەووتونەتە هێرشێکی توند بۆسەر حکومەت و حزب و لەهەموویشی خراپتر بۆسەر بەشێک لە نووسەران.
نووسەران ناوێرن بەئاشکرا لەسەر مەلاکان بنوسن، چونکە ڕووبەڕووی کاردانەوەی توند دەبنەوە، بۆیە لەترسی جەماعەت بەیاننامەو یاداشت بەدزییەوە دەنێرن بۆلای کاکم و لایەنی پەیوەندیدار، پەرلەمانیش ناوێرێت بێتە مەیدان، چونکە پێیانوایە دەست لەکونی مار وەردانە، حکومەتیش نایەوێ بێتە ناو ئەو مەوزوعە چونکە ئەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە بەڵکو کێشەو ململانێی خەڵکانێکەو دەیانەوێ لەو بەینە شەیەکە لەسەری حکومەت بشکێنن.
کاکم گۆتی ئەوانەی وتاری هەینی دەخوێننەوە لەلایەن چەند لایەنێکی دیاریکراو هاندەدرێن، خۆ ئەگەر هانیش نەدرێن ئەوا تەغزیە دەکرێن بەزانیاریی سەبارەت بەو بابەتانە، ئەگەرنا ئەو وتارخوێنانە چوزانن لەڕۆژنامەی ئاسۆ لە ژمارەی فلان شیعرێک بە فلان ناونیشان بڵاوبۆتەوە.
کاکم گۆتی زیاتر لە ١٠ ئەندامی پەرلەمان یاداشتێکیان دابویە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی وەزیری ئەوقاف بانگ بکات و لەبەردەم پەرلەمان ئامادەبێت ڕوونکردنەوەی پێویست بدات سەبارەت بە هۆکاری ئەو وتارانەو ئەو ئیجرائاتانەی کراون لەگەڵ ئەو کەسانەی موخالەفەیان کردووە، بەڵام ئەم داوایە گۆڕا بۆئەوەی وەزیری ئەوقاف سەردانێکی کورتی سەرۆکی پەرلەمان بکات و قاوەیەکی شیرین بخواتەوە و هیچ لەبارودۆخەکەش نەگۆڕێت.
هەر کاکم گۆتی لەوەتەی (کاکم) بووە بە وەزیری ئەوقاف ئەو کێشانە زیاتر بوون بۆیە گوماندەکرێت لەلایەک حزبەکەی کاکم دەستی لەپشت ئەو بارودۆخە بێت ء هاوکات وەزارەتەکەیشی خۆ بێدەنگ بکات لەو بارودۆخە، تاوەکو سوود لەدەنگی ئەو وتارخوێنانە وەربگیرێت بۆ مەرامی حزبی، ئەگەرنا وشەی جێندەر چ پەیوەندی بەو هەرایە نەدەکرد، چونکە ئەسڵەن بەو مانایە بەکارنەهێنراوە کە ئەوان دەیانەوێ.
گۆتیشی لەگەرمەی ئەو هەڵچوون و داچونەی نێوان حزب و پەرلەمان و ڕۆشنبیران، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بووە قوربانیی بارودۆخەکە، قوت لەسەر کاریان لاداو مایکی قسەکردنیان سپاردە کەسێکی دیکە لەکاتێکدا کاکی وتەبێژی پێشوو دەمێکە وتەبێژەو هیچ گوناهێکی نەبووە مەگەر لەقسەی ئەو برادەرانە هاتبێتە وەڵام، بۆیە دەکرێ بڵێین لەو نێوانەدا ئەو بووە قوربانی ئەو پەندەی دەڵێ (نەکردی نەخواردی لە سمێڵان مەیی).

# کورد لە بەڵگەنامەکان


**دۆزینەوەو وەرگێڕانی لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی:**
**فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید**
**ئامادەکردن و ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

**پێشەکی ئامادەکار:**
لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ لە دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستام "پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر" سەبارەت بە فێستیڤاڵی واشنتۆن، کە سەرکەوتووانە بەکۆتا هات و لەپاشانیش قسەکردن سەبارەت بە دوا بەشەکانی "کەرکووک و دەوروبەرەکەی حوکمی و مێژوو و ویژدان" کە هاوکارمان ستار باقی کەریم لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەڕێوەبەری نووسینی هەفتەنامەی بەدرخانیش "عەبدولڕەحمان مەعروف" پێداچوونەوەی لەڕووی هەڵەبڕی و زمانەوانی بۆ ئەنجامداوە.
لەو دەمە خەریکی قسەکردن بووین، کە چۆن لەساڵی ٢٠١١ ئەو کتێبەی د. کەمال مەزهەر چاپ بکەین، ئا لەو ساتە زەنگی دەرگا لێدراو دیاربوو میوانێکی تایبەتی د. کەمال بوو، منیش "حەمید" یەکسەر رووخسەتم وەرگرت و بڕیارمدا بڕۆم، د. کەمالیش قیووڵی نەکرد و گوتی: ئەوە فەیسەڵە پیاوێکی شەریف و مامۆستایەکی پایەبەرزی عێراقییە، کە کوڕی شەهید "محەمەد فەهمی سەعید"ە، چەندین ساڵە لە بەغدا دەیناسم، بنەماڵەیەکی تێکۆشەری عێراقین، باوکی لە ١٦ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لەتەک سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، کامل شبیب، یونس سەبعاوی، مەحموود سەلمان لەسێدارە دران، کە وای گوت منیش بەتاسەوە گوێم بۆ قسەکانیان ڕاگرت و لەپاشان مامۆستا فەیسەڵ باسی لەوە کرد کە چەندین دیکۆمێنتی لەسەر کەسایەتی کورد و دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا دۆزیوەتەوەو بەتایبەتی هی ساڵانی ١٩٣٣ – ١٩٣٥، کە لە دوو توێی ١٢ بەڵگەنامەیە، کە بە زمانی ئینگلیزییە، ئەویش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەر ئەودەم د. کەمال پێی گوت: ئەگەر مەبەستتە بڵاوی بکەیەوە ئەوا هەفتەنامەی بەدرخان یەکێکە لە باوەڕپێکراوترین بڵاوکراوەکان لەڕووی بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنت، منیش بەتاسەوە تا ئەوان لە قسەکردن تەواو بوون گوێم گرت، لەپاشان بەشانازییەوە فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید بەڵێن و بڕیاریدا کە لە هەفتەنامەی بەدرخان بە بەش بەش بڵاوبکرێتەوە، پاش چاوەڕوانی بۆ زیاتر لە مانگێک هەر ١٢ بەڵگەنامەکانمان بەدەست گەیشت، هەر لە ڕێگای بەدرخانەوە نووسەر و لێکۆڵیار د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور، کە ڕاوێژکاری دەزگای بەدرخانەو سەرپەرشتی ئەو دۆسیەیە دەکات.

**کورتەیەک لە ژیاننامەی "فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید"**
* فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید لە ئەیلوولی ١٩٣٣ لەشاری بەغدا لەدایکبووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە.
* لەساڵی ١٩٥٤ – ١٩٥٥ بەکالۆریۆسی لەکۆلێژی کارگێڕیّ و ئابووری زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
* چەندین کارو پۆستی پێدراوە لە وەزارەتی دارایی و پیشەسازی و بەتایبەتی بانکی پیشەسازی.
* لە دەرەوەی وڵاتیش بەتایبەتی لە وڵاتانی "ئەمریکا، هۆڵەندا" خولی ئەکادیمی بینیوەو لەپاشان دبلۆمی باڵای لە بوارەکانی کارگێڕی و دارایی بەتایبەتی لەبواری بانک وەرگرتووە، پاش وازهێنانی لەکاری حکومی ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە لە چالاکییەکانی لەبواری ڕاوێژکاری لە چەند کۆمپانیایەک.
* لەبواری ئەکادیمیش لەناوەوەو دەرەوەی وڵات چەندین بابەت و سیمیناری پێشکەشکردووەو خاوەنی ٣ تیۆری مێژووییە.
* ئێستا لە بەغدا دەژی.

**پێشەکی:**
بەڵگەنامە بەریتانییەکان گرنگترین سەرچاوەن بۆ نووسینی مێژوو بەتایبەتی مێژووی عێراق، وەنەبێ تەنیا مێژووی سیاسی عێراق بگرێتەوە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانی عێراقی دەگرێتەوە، لەوانە مێژووی عێراقی کۆن و چالاکی شوێنەواری و ڕاپۆرتەکانی زێرەڤانی و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی، هەروەها هەموو لقەکانی ئابووری لە نەوت و چالاکی بازرگانی و باری دراوو پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ هاوسێیەکان و جیهاندا، بەڵام لەم نووسینەمدا تەنیا باری ڕامیاری و ئەوەندەی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە لەم کورتە نووسینە مێژووییەدا باسی لێوە دەکەین.
یەکێک لە توێژەرە گەورەکانی بەریتانیا "د. داود کاون" مامۆستای مێژووی ئیسلامییە لە پەیمانگای خوێندنی ڕۆژهەڵات لە

# تیشکێک لە سەر قۆناغێکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان




وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە پارێزەری ڕاوێژکار حوسامەدین سەرداری

**بەڵگەنامەی یەکەم ژمارە (٥٥) لە ٢٥/ک٢/١٩٣٣ ژمارەی بەرگ**
**باڵوێزخانەی بەریتانی – بەغداد**
**لە باڵوێز/ سێر.ئێف.ئێج.همفریز. Sir. F.H.Hemphrys**
**بۆ/ ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی سێر.جۆن سایمۆن John Simon**

گەورەم: خۆم بە بەختەروەر دەزانم ئاگاداری جەنابتان بکەمەوە کە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم لە موسڵ ڕاپۆرتێکم لە وەزارەتی ناوخۆ پێگەیشت ئاماژە بەوە دەکات کە چەند کەسانێک لە پیاوانی شێخ ئەحمەد بارزانی لە سەرکردە دووەمەکان لەوانە (براکەی محەمەد سادق) لە سنوورەکان بەدی کران هەڵدەستان بە ڕێکخستن و بارکردنی چەندین باری چەک و تەقەمەنی. لە بەرواری ٢٨/ک١/١٩٣٢ لە لایەن پۆلیس نزیک مێرگەسۆر (ناحیەی شێروان) بارێک لەم چەک و تەقەمەنیانە دەستی بەرسەردا گیراو و یەکێک لە پیاوەکانیان کوژرا.
٢- بەپێی دوا هەواڵەکان کە پێم گەیشتووە دەڵێت (لە کاتی ئێستادا دەسەڵاتی تورکەکان هەموو پیاوەکانی شێخ ئەحمەد بارزانیان ئازاد کردووە جگە لە خودی شێخ ئەحمەد دوای ئەوەی لە هاوینی پار خۆیان تەسلیم بە دەسەڵاتی تورک کردبوو دوای شکستهێنانی شێخ ئەحمەد).
ژمارەیەکی زۆر لەوانە ئێستا لە گوندەکانی نزیک سنوور بە ئازادی و بێ کۆنترۆڵ و چاودێری ژیان بەسەر دەبەن.
٣- حکومەتی عێراقی نارەزایی و پرۆتۆستۆی خۆی لەسەر حکومەتی تورکیا نیشاندا، بەڵێنی دا کە لێبوردنی گشتی بکات لە سەر هەموو نیشتەجێبووان (جگە لە پیاوێک بە ناوی خەلیل خۆشەوی کە تۆمەتبار کراوە بە تاوانی کوشتن). بە مەرجێک حکومەتی تورکی تەسلیم بە دەسەڵاتی عیراقی لە (زاخۆ) و (کانی ڕەش)یان بکاتەوە.
٤- وا پێشبینی دەکەم کە حکومەتی تورکیا ڕەزامەندی نیشاندەدات لە سەر ئەم پێشنیارە، بە پێچەوانەوە ئێستا بەهۆی داپۆشینی بەفرێکی یەکجار زۆر بۆ ناوچەکە ئەم کەسانە دەتوانن زیانێکی زۆر کەم (بێ بایەخ) بگەیەنە دەسەڵات، بەڵام لەو بڕوایەدام کە لە بەهاردا ببنە سەرچاوەی نیگەرانی بۆ دەسەڵاتی خۆجێیەتی ناوچەی بارزان،کە بەم دواییە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە.
٥- وێنەیەک لەم نامەیە بۆ بەڕێز باڵوێزی شانشینی بەریتانیا لە ئێستەمبوڵ.
لەگەڵ بەرزترین ڕێز و ستایشم گەورەم

**خزمەتکارتان**
**ئێف.ئێج.همفریز**




- 2 -
tle harm, the country being
are likely to become in the
rrassment to the local authorities
ited Barzan district.
g a copy of this despatch to His
at Istanbul.
ur to be with the highest respect,
Sir,
Your most obedient,
humble Servant,

# ڕۆحێک بەسەر ئاسمانی هەولێرەوە

**ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە ڕۆحی پاکی زیندووی "مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی*"، کە یەکێک بووە لە گەورەترین و زاناترین مەلا ناودارە ئایینییەکانی کوردستان، تا هەولێر و قەڵا و منارەکەی بمێنێ ناوی ئەو زاتەش هەر بە نەمری لە دەفتەری شکۆمەندی ئەم شارەدا بە تۆمارکراوی دەمێنێتەوە.**



**منارە بەتۆوە سەربەرز و**
**قەڵا بەتۆوە بەهێز بوو،**
**مزگەوت بەتۆوە ڕووناک و**
**هەولێر بەتۆوە بەڕێز بوو.**

❊❊❊❊

**ئێستا کێ ئاوێنە شارەو**
**کێ هەتاوی ئاسۆمانە؟**
**قورئان تۆزی لێنیشتووەو**
**ئێمەش هەر باوکە ڕۆمانە.**

❊❊❊❊

**ئەی قەڵەمی ماندووی ژیان:**
**چ وشەیەک بدۆزمەوە**
**شایەنی سەفەری تۆ بێ و**
**نەمداتە دەست قوڵپی گریان؟**

❊❊❊❊

**پرسیارێکم لەسەر لێوە**
**کەس وەڵامم ناداتەوە،**
**بەدوای وەڵامێک دەگەڕێم**
**تا دڵم ئاو بخواتەوە.**

❊❊❊❊

**کوا کێ وەک تۆ لەم شارەدا**
**میحرابی پڕ لە نوور دەکرد؟**
**کوا کێ وەک تۆ بەچاوی پڕ فرمێسکەوە**
**بەدڵ سوجدەی بۆ خوا دەبرد؟**

عەبدوڵڵا فەرهاد مەولود (عەبدوڵڵا فەرهادی)
لەدایکبووی: 1922/گوندی لهێبان/هەولێر
خوێندن: دەرچووی خوێندنی ئایینی
چاپکراوەکانی:
-- لمعة البیان فی قواعد الترتیل القران، أربیل 1952.
_ طلاق الاكراد والطلاق الثلاث وطلاق السكر، مطبعة كوردستان، اربیل 1955.
_ ایقاف الخلاف ودرء الاعتساف.فی اعادة صلاة الجمعة ظهرا، بغداد 1956.
_ الحج المبرور والذنب المفقود، مطبعة سلمان الاعظمی، بغداد 1957.
_ الرسالة فی الزكاة، مطبعة سلمان الاعظمی، بغداد 1957.
_ منهل الوعظة.
_ ازاهیر من الجواهر الادب.
_ مێرغوزار هۆنراوە.
_ العقیدة الفریدة.
_ حدیقة الاذهان فی مولد المختار، مطبعة الثقافة والشباب، اربیل 1985.
_ کەلەپور دابەشکردن فرائض.
_ منافع الصوم ومضار الخمر.
_ الاكلیل فی محاسن اربیل.
_ بغیة الحكام فی تنظیم القسام.
_ وجها لوجه حضرة رسول الله/ فتاوی من فی رسول الله، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر 2000.
_ أحسن الصیاغة فی حلیة البلاغة، مطبعة سلمان الاعظمی، بغداد 1967، مدیریة مطبعة الثقافة، اربیل 2000.
__ 100 پەندی سوودمەندی حەکیم لوقمان، کۆکردنەوە، کوردستان، هەولێر 2005
_ أجوبة مسابقة القران الكریم 1975/التی نالت الجائزة الاولی.

❊ مامۆستا عەبدوڵڵا فەرهاد مەولود (عەبدوڵڵا فەرهادی) لەساڵی 2010 کۆچی دوایی کرد



**عەبدولڕەحمان بێلاف**
**هەولێر ٢٠١٠**

www.arsivakurd.org

# خانەی سمۆرە و خزمەتی بەردەوامی جیهانی منداڵ

**ئا: عەبدولخالد سابر**

خانەی سمۆرە یەکێکە لەو خانەی بڵاوکردنەوانەی بواری منداڵان وێڕای ئەو تەمەنە کورتەی سوودێکی بەرچاوی بۆ خزمەتی ئەم بوارە کردووە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون روومان کردە بەڕێز دلشاد غەفوور بەڕێوەبەری خانەی ناوبراو و سەرەتا ئەم پرسیارەمان ئاراستەی کرد.

*** سمۆرە گیاندارێکی بێ زیانە و لەگەڵ ئەوەی کێوییە، بەڵام ماڵی دەبێت و لەگەڵ مرۆڤدا دەتوانێت بژی، لەبەرچی ناوی ئەم گیانلەبەرەتان هەڵبژاردووە.**

- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زیاتر چیرۆکەکان و بابەتەکان بەزمانی ئاژەڵان بۆ منداڵان دەنووسرێت و دەگێڕدرێتەوە، وەک چیرۆکی مام ڕێوی کەروێشک، بەرخۆڵە و قەڵەرەشێکی زیرەک.. هتد. سمۆرەش خۆی لەخۆیدا ئاژەڵێکی ژیکەڵەیەو جوڵانەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ مرۆڤدا نزیکە.

*** مێژووی دامەزراندنی لە کەیدا بووە و بەڕێوەبەرەکانی کێ بوون؟ چەند کارمەند لەخۆدەگرێت؟**

- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٥/١٠ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دامەزراوە و بەڕێوەبەرکانی بریتین لە:

١- ڕێبوار خالد ٢٠٠٣- ٢٠٠٥.
٢- لەیلا عەلی ٢٠٠٥- ٢٠٠٨.
٣- دڵشاد غەفوور ٢٠٠٩ بەردەوامە.

نزیکەی ٣٠ کارمەند لە دەرچوانی پەیمانگاو کۆلێژ و هونەرمەندی شێوەکاری منداڵان و دیزاینەر و کارگێڕی و ژمێریاری لە خۆدەگرێت.

*** ئامانج لە دانانی ئەم خانەیە لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- خزمەتکردن و رۆشنبیرکردنی منداڵان بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن بۆ منداڵانی کوردستان لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی وشیاربن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی ئەمڕۆ تیایدا دەژی.

*** شێوازی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکان لەلاتان چۆن پەیڕەودەکرێت؟**

- بابەتەکانی وەک چیرۆک و فەرهەنگ و هۆنراوەی پەروەردەیی و وشیاری و لەم دواییانەشدا مێژوو بڵاوکردۆتەوە، کە هەندێکیان وەرگێڕان و ئەوانی دیکەشیان خاوەن قەڵەمی خۆماڵین.

*** بابەتە نێردراوەکان تەنها لەناوخۆی کوردستانی باشوورەوەن یاخود شوێنانی دیکەش دەگرێتەوە؟**

- وێڕای ئەوانەی لەناوەوەی هەرێمی کوردستان بابەتمان بۆ دێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، کە چەندین خاوەن قەڵەم بەردەوام بابەت دەنێرن و بۆ هەردوو لایان پاداشت و رێزلێنانی خۆیان وەردەگرت.

لەگەڵ ئەوانە جگە لە کتێب چاپکرن بۆ یەکەمجار بڵاوکراوەیەکان بەشێوەی رۆژنامەی دوو هەفتە جارێکی دەردەچێت بەناوی "ماڵی سمۆرە" تاوەکو ئێستا ٤ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەوەش دڵخۆشییە، کە بۆ منداڵانی کورد، کە بەدیزاینێکی قەشەنگ و رەنگاورەنگ و لەسەر کاغەزی ئارت دەری دەکەین، شایانی باسە ئەو کتێبانەی کە دەریدەکەین سەرجەمیان دەدرێتە ئەو کتێبخانانەی کە منداڵان خوێندنەوەی تیادا ئەنجام دەدەن چ کتێبخانە گشتییەکان و باخچەی ساوایان و ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی، کە لە خزمەت بواری رۆشنبیری و هۆشیاری و خوێندنەوەی منداڵانن لە هەر شوێنێکی کوردستان و دەرەوەشیدابن لەوانە شاری یۆتۆبۆڕی لە سوید، فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا و هەروەها شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوە لە بیرنەکەین کە تەنها هاوکاری و پشتگیریمان وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانە.

*** ئەگەر چی ئاشکرایە منداڵانی نابینا رێژەیەکی کەم پێکدەهێنن، ئێوە بۆ ئەوانە چ کارێکتان ئەنجامداوە؟**

بۆیەکەمجار لە عێراقدا و لەگەڵ پەیمانگای نابینایانی کوردستان لە سلێمانی لە رێگای بەڕێز "مامۆستا عوسمان"ی کۆمەڵەی نابینایانەوە، توانیومانە هەتاوەکو ئەمڕۆ نزیکەی ٨ کتێب کاری بۆ بکەین بەشێوازی نووسینی زبر "برایل" بۆ نابینایان، کە دوان لەوانە لەبەر دەستدایە و ئەوانی تر لە ژێر چاپکردندان" ئەویش لە رێگەی بەڕێز "چۆڵی" لە سەنتەری پەیمانگای نابینایان کاری بۆ دەکرێ بەوەی تاکە سەنتەرەکانە بۆ نووسینی ئەو بوارە و کاتی تایبەتیشە بەو بوارە.



دڵشاد غەفور - بەڕێوەبەری خانەی سمۆرە

*** لەم دواییانەدا لە رۆژنامە و میدیاکاندا هەواڵێکمان بەرچاوکەوت، کە خانەی سمۆرە لە خەمی منداڵانی ئاوارەدایە، روونکردنەوەت بۆ ئەو دەستەواژە چییە؟**

- بێگومان ساڵانە زیاد لەسەرووی ٥٠ کتێب لەچاپ دەدەین، کە لەلایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە پەسەند دەکرێن بۆ منداڵان کە بە زمانی دایک دەنووسرێت لە پاڵ وەرگێڕاندا. سەبارەت بە منداڵانی ئاوارە بە چاکمان زانی دوای ئاوارە بوونی ئەو منداڵانەی کە لە زێدی با و باپیرانی خۆیان هەڵکەندران بەهۆی بار و دۆخێکی تایبەتەوە، پاشان گواسترانەوە بۆ بناری قەندیل، بەباشمان زانی لەگەڵ رێکخراوی ئاکتدی فەرەنسی لە هەردوو کەمپی بناری قەندیل کە دوو بنکەی ئەدەبی و خوێندنەوە بۆ منداڵانی ئەو سنوورە بکەینەوە بۆیان و باری دەروونییان هێور ببێتەوە، ئەویش بە خوێندنەوەی بابەتەکانی نێو کتێبەکانی خانەی سمۆرە.

*** دوا پرسیارمان بە پڕۆژەی ئایندەتان چییە؟**

- لەم دواییانەدا بەڵێنێکمان لەلایەن حکومەتی هەریمی کوردستان وەرگرتووە بە دابین کردنی چاپخانەیەکی تایبەت بەخانەی سمۆرە، بۆ ئەوەی کارو چالاکییەکانمان زیاتر بکەین تاوەکو بتوانین نەوەیەکی وشیار بۆ نەتەوەکەمان بخوڵقێنین. سەبارەت بەو کتێبانەی کە لە داهاتوودا بەنیازین چاپیان بکەین بەشێوەی پەڕاو یاخود کار لەسەر دەنگیش بکەین هەروەک چۆن کارمان لەسەر ئەدەب و هونەرەکەی کردووە، هیواشمان وایە کە دەنگیش بکەینە نێو بەرهەمەگانمانەوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە سەلیقەیەک و زانیارییەک و هۆشیاری بە منداڵانی کورد بدەین.

نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە تاوەکو ئێستا ٣٠٠ کتێبمان چاپکردووە.

سەرباری ساڵانە کتێبخانەی گەڕۆک دەکەینەوە تاوەکو منداڵان دەستیان بگاتە بڵاوکراوەکانمان و هەروەها ساڵانی رابردوو بەشداری پێشانگای کتێبی لە هەولێر،فرانکفۆرت، تاران، کردووە.





# له کۆیه ۱۱ ساڵه خەڵاتی سەید برایم بەڕێوە دەچێ

**ئامادەکردنی: بەدرخان**

گەورەترین پاداشت بۆ باوکێک، کە پێوەری کەسایەتی لە لای کوردایەتی و کوردپەروەری بوو، سازدانی خەڵاتێکی ساڵانەیە بۆ هونەر و ئەدەب و کەسایەتی. سەید برایمی حاجی سەید سەعیدی بەرزنجی، بەلایەوە خزمی نزیک و دوورو دۆست باش و ماقوول ئەو کەسە بوو، کە نیشتمانپەروەرە، جا ئەو کەسە گەر منداڵەکانیشی بوایە. ئێستا کە دنیا شامێ شەریفەو کوردستان شاد بووە بە مافەکانی خۆی کوردایەتی لەوانەیە ئەوەندە مەتڵەب نەبێ، کەچی لە سەردەمی بەعس ئەو کاتەی، نەک هەر لەسەر بیروباوەر، بەڵکو لەسەر قسەیەکی بێ مەبەست و لابەلا دۆزەخیان نیشان دەدەی. هەر لەو سەردەمە و بە ڕێکی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، کە داتەپین و شکست هەناوی تاک و کۆمەڵگای کوردەواری داپۆشیبوو، ئا لەو کاتەدا ئەو مرۆڤە هانی هەردوو کوڕەکانی دەدا ببن بە پێشمەرگە. گەورەترین شانازی ئەو پیاوە ئەوەبوو، کە کوڕەکانی لە ژێر ئاسمانی تەماوی بەعسدا نەمان و ڕازیبوون بە ئاسمانێکی بچکۆلانەی شۆڕش، بەڵام ئازاد، بێگەردو سەرفراز.

هەر بۆیە لەسەر کوڕەکانی، نەک هەر خۆی بەڵکو خێزانی و کچەکانیشی دووچاری گرتن و ڕاونان و دەردەبەدری و خۆحەشاردان بوون، تا ڕاپەڕین ئەوجا بە ئازادی شاد بوون لە شەڕی ناوخۆش هەر ئازاری چێشت بە نەخۆشی لە هەولێر دەرکرا. یەکێک لە خزمە نزیکەکانی سەید برایم لای خێزانەکەی گلەیی لە کوڕەکانی دەکرد، کە هۆکارن بۆ گرتنی ئەو . خێزانیشی دەڵێ: ئەوە پیشەی سەید برایمە .ئێمە دوو سێ جار لە سەر کوڕەکان گیراوین، کەچی ئەو ٩ جاران لەسەر خۆی گیراوە، نابێ هیچ گلەیی لە کوڕەکانم بکەن.

کوردایەتی و کوردپەروەری سەید برایم زۆر هێمنانەو بێ غەلو غەش بوو، دوور لە خۆ هەڵکێشان و خۆ بەدەرخستن. جگە لەوەش لە ڕێگای شیعرەکانی بیروبۆچوونی دەردەبڕی، سەیر نییە، گەر بڵێم یەک تاکە شیعری دڵداری هەیە لە دوو دیوانی. ئەم هەڵوێستەی سەید برایم ئەوەی دەهێنا دوای کۆچی دوایی کردنی لە ١٩٩٦/٨/٣ پاداشتی بدرێتەوە، بۆیە وەک بنەماڵە دوای ڕاو تەگبیر بڕیاریاندا ساڵانە ڕێورەسمی خەڵاتێک ساز بکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتەکە بە هاوکاری بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ لە چوارچێوەی فیستیڤاڵێک دەستی پێکرد. هەر ساڵەی چەندین نووسەرو هونەرمەندو کەسایەتی خەڵات دەکران. دوای پێنج ساڵ بە باشتر زاندرا بکرێتە سازدانی خەڵاتی سەید برایم لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا ئەوانەی شایانی خەڵاتن لەو کەسایەتیانەی خزمەتی ئەدەب و هونەرو شارەکەیان کردووە، لە لایەن بنەماڵەکەیەوە دەست نیشان بکرێن. تا ئێستا دەیان کەس شاد بووە بە خەڵاتی سەید برایم.

بۆ ئەمساڵیش لە ٢٠١٠/١٠/٢٩ بە ئامادەبوونی چەند پۆلێکی نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتییەکانی کۆیەو کوردستان ڕێوەرەسمی خەڵاتی سەید برایم بەڕێوە چوو. لە سەرەتادا دوای بەخێر هاتن بە سرودووی نەتەوایەتی کورد دەستی پێکرد. دوایی وتاری بنەماڵەی سەید برایم لە لایەن کوڕە گەورەکەی پێشڕەوی سەید برایمی خوێندرایەوە. ئەوجا وتاری قایمقامی کۆیە شێخ چاپووک، دوای ئەو وتاری بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ لقی کۆیە لەلایەن بەرپرسی لق مودریک ژاڵی پێشکەش کرا. لە کۆتایی وتارەکان لە لایەن ڕەهبەری سەید برایمەوە وتارێکی لەسەر خێزانی سەید برایم خوێندەوە.

لە برگەی دووەمی ڕێورەسمەکە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بە بەشداری هونەرمەندان سەلاح محەمەد( مام عەولا)، هۆشمەند زاهیر، ئیبراهیم سابیر، پشتیوان کاکل و کەریم عەبدولمەجید چەندین گۆرانی ڕەسەنی کۆیەیان پێشکەش کرد . لە دوا برگەشدا خەڵاتی سەید برایم بۆ ئەو کەسایەتیانەی خوارەوە پێشکەش کرا:

**١- عەبدولخالق عەلائەدین، خەڵاتی ئەدەب.**
**٢- ئازاد دڵزار خەڵاتی ئەدەب.**
**٣- باقی مام ئەورەحمان خەڵاتی کەسایەتی.**
**٤- وریا ئەحمەد خەڵاتی هونەر.**
**٥- زاهیر محەمەد خەڵاتی هونەر.**
**٦- جان تۆماس جانۆ خەڵاتی هونەر.**
**٧- فازیل شەوڕۆ خەڵاتی ئەدەب.**
**٨- حەسەن کاکە خەڵاتی کەسایەتی.**
**٩- نەزەند بەگیخانی خەڵاتی ئەدەب.**
**١٠- ناهیدە حوسەینی خەڵاتی ئەدەب.**
**١١- شێخ سەلاح تاڵەبانی خەڵاتی کەسایەتی.**
**١٢- هێرش بەگیخانی خەڵاتی هونەر.**

لە کۆتاییدا خەڵاتوەرگران و میوانەکان بانهێشتی نانخواردنی ئێوارە کران لە هاوینەهەواری چنارۆک. شایانی باسە خەڵاتەکە بریتی بوو لە میداڵیایەکی سندوقی و بڕێک پارە.



**دیمەنێک لە مەڕاسیمی خەڵاتی سەید برایم**

# ڕەهەندە گەپەکانی ئاوارەییم

## ددانی گڕو ئاوی سۆدا



**پێشڕەوی سەید برایمی**

لە فڕۆکەخانەی تاران تەشقەڵەکیان پێکردین، هەرچەند ئێمە ڤیزامان هەبوو، بەڵام دوایان خستین، تا ئەو کاتەی هەموو سەرنشینیان سوار بوون چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، تەنها من و هاوسەرەکەم ماینەوە، هەروەها بە بە بڵندگۆ بانگی هەردووکمان دەکرێ. بەهەر حاڵ ڕزگاریمان بوو، فڕۆکەکە لەبەر ئێمە نیو سعاتێک دواکەوت، کاتێ گەیشتینە ناو فڕۆکەکە خەڵکەکە بەیەکجاری ئاوڕیان دایەوەو تەماشایان کردین، هەندێکیان مۆڕەیان لێدەکردین، ئێمەش خۆمان لە قالبی گێلی دا بە بێ دەنگی لە شوێنی دیاریکراوی خۆمان دانیشتین. ڕێگای گەشتەکەمان وابوو، کە یەکەم بچین بۆ ئەسینا لەوێشەوە بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات. کاتێ لە ئەسینا دابەزین، تەماشا دەکەین جانتامان نەهاتووە، تومەز ئێمە دواکەوتووین جانتا شەحن نەکراوە. هەرچۆنێ بێ حاڵیمان کردن، کە جانتامان نەهاتووە، ئەوانیش لە بڵاوکراوەیەکدا چەند نموونەی جانتایان پێشان داین، نموونەیەکمان لە جانتاکانی خۆمان دۆزییەوە داوای ناونیشانییان لێکردین، ئێمەش ناونیشانی د.کەمال فوئادمان دانێ.

کە گەیشتینە بەرلینی ڕۆژهەڵات لە ئوتێلی فڕۆکەخانە ماینەوە، بۆ ئێوارە د. کەمال ماڵی ئاوەدان بێ هات بۆ لامان و دەعوەتی نانی ئێوارەی کردین، ئاگاداریشی کردین، کە بەیانی ناکرێ بمان پەڕێننەوە بەرلینی ڕۆژئاوا ئاماژەی بە هۆیەکەش دا، بەڵام لە بیرم نەماوە، بۆیە دووسبەی کوڕێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ناوی کامەران دێ بۆ لاتان. بۆ ڕۆژی دوایی لە ئوتێل ئاگاداریان کردین، کە دەبێ بڕۆین، چونکە تەنها یەک شەو حەقمان هەیە لێرە بین. بە پرسیار خۆمان گەیاندە ناوەندی شار لە بەرلینی ڕۆژهەڵات، کە بە ئەلکسەندەر پلاتس ناسراوە. هەندێ گەڕاین، کە شەو داهات ویستمان بچین بۆ ئوتێلێک، هەر لەوێ لە ئوتێلێکی ٣٧ نهۆمی داوای شوێنمان کرد، کەچی داوای کاغەزی نیشتەجێ بوونیان لێکردین. لە فڕۆکەخانە کۆمەڵێ کاغەزیان داینێ. هاوسەرەکەم زۆر گەڕا کاغەزەکەی خۆی نەدۆزییەوە. ناچار بە خەمباری ڕۆیشتین، کاتێ لە پیلیکانەی ئوتێلەکە دەهاتینە خوارێ، گوێم لە دوو کەس بوو بە عەرەبی قسەیان دەکرد، خەڵکی یەمەنی باشوور بوون قسەم لەگەڵ کردن و حاڵیم کردن، کە مەسەلەکەمان چۆنە، بۆیە گەر بتوانن ئوتێلێکی دیکەمان بۆ بدۆزنەوە، ئاگاداریان کردین، کە بێ ئەو کاغەزە ناتوانن لە ئوتێل بخەون. ناچار تەلەفۆنی بۆ دۆستێکی خۆی کرد، کە ژنێکی ئەلمان بوو ژووری بەکرێی هەبوو. هەر کە چووینە ئەوێ دوو کەسی دیکەی لا بوو، ئەوانیش هەر یەمەنی بوون. پێکەوە دانیشتین بەدەم شەراب خواردنەوە تا درەنگ دانوستانمان کرد. زۆر دۆستی کورد دەرچوون. دەمویست تەلەفۆن بۆ کاک د.کەمال بکەم بۆ مەوعیدی بەیانی، کەچی وەرنەدەگیرا. من پێم سەیر بوو شارێک کراوەتەوە بە دوو لەتەوە، بە پێ بە دوو سێ دەقە دەپەڕییەوە بۆ لایەکەی دی، کەچی تەلەفۆن بە ئامانێ خوای وەرینەدەگرت. زۆریان یارمەتیدام تا توانیم قسە بکەم لەگەڵ د. کەمال. پێی گوتم، کە بەیانی کوڕێکی باڵابەرز دێ بۆ لامان، کە ناوی کامەڕانە، بەڵام لە کوێ بتان بینێ؟

ئەو کاتەی لە زانکۆ بووم گۆڤارێکی هەرزان یان بەلاشم دەخوێندەوە بە ناوی ( المجله)، کە لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئەلمانیای ڕۆژهەڵات دەردەچوو، بێگومان ئەو گۆڤارە تەرخان کرابوو بۆ ناسینی ئەو وڵاتە بۆ ئەوانەی عەرەبی دەخوێننەوە. من لە ئەنجامدا بە بەردەوامی دەمخوێندەوە، چونکە بەشداریم تێدا کردبوو. لەوگۆڤارە زۆرجاران باسی بورجێکی بەرزی دەکرد و بە وێنە نیشانی دەدا، کە چۆن بەرزترین بورجە لە هەموو ئەلمانیا. چوارەمیشە لە هەموو ئەوروپا، بەرزییەکەی ٣٦٨ مەترە لە ساڵی ١٩٦٥ دەستی بە دروستکردنی کراوە لە ١٩٦٩/١٠/٧ لە یادی دامەزراندنی ئەلمانیای دیموکراتی ئاهەنگی کردنەوەی بۆ کراوە. ساڵانەش نزیکەی یەک ملیۆن کەس سەردانی دەکا. هەر بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەو بورجە جگە لەوەی هۆڵێکی هەیە لەو بەرزییە هەموو بەرلین دەبینێ، لە نهۆمێکی سەرتر چێشتخانەیەکی تێدایە، کە شوێنی دانیشتنی سەرنشینەکان دەسوڕێتەوە، بەو واتایە، کاتێ یەکێک دادەنیشێ، بە بەردەوامی دەسوڕێتەوە. بە دانیشتنەوە هەموو بەرلین دەتوانی ببینێ. سەبارەت بەو بورجە زانیاری باشم هەبوو، بۆیە بە کاک کەمال فوئادم گوت: بورجێکی بەرزی لێیە لەوێ یەکتر دەبینینەوە. شوێنەکەی زۆر پێ باش بوو. ڕێکەوتین سعات دووی پاش نیوەڕۆ لەوێ یەکتر ببینین، بەڵام بە کاک کەمالم گوت: - باشە کاک کەمال من چۆن بتوانم ئەو برادەرە بناسمەوە، خۆ من لە ژیانمدا نەمدیوەو نایناسم.

یەکسەر بە پێکەنینێکی کورتەوە گوتی:

- کوڕێکی باڵا بەرزە کە قسە دەکا ددانەکانی گڕە، کەواتە ددانەکانی بەدەرەوەیە.

هەرچەند بە باشە وەڵامم دایەوە، بەڵام لە بیری خۆمدا دەمگوت، من چۆن بزانم ئەو برادەرە ددانەکاکی گڕەو چۆن بەدەردەکەوێ. کاتێ بەیەک گەیشتن هات لەدەوروبەری ئەم شوێنە تەماشای هەموو سەر ڕەشێکم دەکرد، بۆ ئەوەی ددانی ناو دەمی ببینم بە تەنیشتییەوە ڕەت دەبووم قسەیەک یان گۆرانییەکەم بە کوردی دەگوت، دەمگوت بەشکو خوایە یەکێک بە جەواب بێ. دەوری سعاتێک زێتر ئەو بەزمەم کرد. بە چاوی موشتەری تەماشای هەموو ئەوانەم دەکرد، کە شێوەی دەموچاویان لە خۆمان دەچێ. بەڵام بێسوود بوو. هەستم بە ماندوو بوون کرد، چووم لەسەر سەکۆیەکی چیمەنتۆ لای هاوسەرکەم دانیشتم. بێ هیوا ببووم مشوری ئەوەمان دەخوارد ئەمشەو بێ ئەو کاغەزە لەکوێ بحەوێینەوە؟ لەو خەیاڵانەدا بووم سەرم هەڵبڕی لە دوورەوە تارمایەکم بینی، چونکە کاتەکە بەرەو ڕۆژئاوا بوون دەچوو. سێرەی چاوم لێداگرت، بە شێوەیەک نەمهێشت لە شاشەی چاومدا بزر ببێ، هێشتا چەند هەنگاوێکی زۆری مابوو لە جێگای خۆم ڕابووم و بەرەو قدومی موبارەکی ئەو تارماییە. حەزم دەکرد یەک بەخۆم هاوار بکەم و بڵێم: اللهم صلی علی سیدنا محمد و یل محمد. وام دەزانی نور بەدیار کەوت. ئەو تارماییەی لە دوورەوە دیار بوو، ئەوە کاک کامەرانە. براکەم کە مانگ هەڵات حەوجە بە ئەنگوستان نییە. ئەویش هەر لە دوورەوە ددانەکانی دیار بوون، پێویستی بەو ماندووبوون و بەزمەی من نەدەکرد. ماشاالله لە کاری خودا هەر لە دوورەوە هاواری دەکرد، کە من کامەرانم. یەکسەر بەرەو لای چووم و ئێوارەباشێکم تێگرت:

- کاک کامەران ئێوارە باش. ئەو ئاگای لەمن نەبوو، بەڵکو چاوی دەگێڕا بۆ من، جا نازانم کاک کەمال چۆنی بۆ وەسف کردبوو. بەهەر حاڵ گوتم: - کاک کامەران من پێشڕەوم.

ئۆخەی ئۆخەی گڕم دا و ناسیمەوە. خۆمان بۆ یەکتر ئاشکرا کرد. بەڵام خوا عەلیم و پێ خەبیرە ئەو ددانانەی نەبوایە، لەوانە بوو بە حەیاتی یەکترمان نەدۆزیاوە.

کە ویستمان سێ قۆڵی بپەڕینەوە بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات، من و هاوسەرەکەیان نەهێشت، گوتیان شوێنی دیکە هەیە لەوێ دەتوانن بپەڕنەوە. ئێمە ئاگامان لەوەنەبوو، کە چەندین دەروازەی پەڕینەوە هەیە بۆ ئەوبەرو ئەوبەر. ئەلمان بە جیا، بێگانە هەروەتر، دیبلۆماس و سەرباز و هتد هەر هەموویان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو بەزمە هەر لە بەرلینی ڕۆژهەڵات وایە، کە هەر هەموویان وەک سەیتەرەیەکی ئاسایشی توند وابوون. لەلای ڕۆژئاوا چ باس نییە، کەس ناپرسێ بۆ هاتی بۆ دەڕۆی. هەندێ قڕەقڕەمان کرد، کەچی خۆیان لێتوند کردین. ناچار کاک کامەران ئێمەی گەیاندە ئەو شوێنە پێشی گوتین، کاتێ کە دەردەچین بەرامبەر دەروازەکە قاوەخانەیەک هەیە بڕۆنە ئەوێ چاوەڕوانم بکەن. دوای سعاتێک زێتر لە پشکنین و پرسیار ئەوجا ڕێگایان داین بپەڕینەوە. لە چایخانەکە چاوەڕێی کاک کامەرانمان کرد، کە هات من داوای قاوەیەکم کرد، دوای قاوەکە بە کاک کامەرانم گوت بەشاگردەکە بڵێ پەرداخێ ئاوم بۆ بهێنێ، چونکە دوای قاوە ئاو خواردنەوە خۆشە. جگە لەوەش هەستم بە تێنوێتییەکی بەهێز کرد، پێم وابوو دوو ڕۆژە ئاوم نەخواردۆتەوە. وام زانی وەک لای خۆمان وایە بە ئاسایی ئاو دەهێنن. هەر نەهات، ئەوجا دووبارەم کردەوە، کە ئاویان بۆهێنام لە پەرداخدا بوو، لە تێنوێتیدا حەزم دەکرد، هەر هەموو ئاوەکە بکەم بە یەک قوم بە قەد عەیاری گەدەم ئاودیوی بکەم. هەر واشم کرد، کەچی کاتێ خواردمەوە، هەموو لە دەم و لوتم دەرهاتەوە، تومەز ئاوی گازدار بوو. بە نارەحەتییەوە بە کامەرانم گوت:

- ماڵت بە قوڕ نەگیرێ خۆ من وێسکی ناخۆمەوە تا ئاوی سۆدەم بۆ داوا بکەی؟!

ئەوو خێزانم تێر تێر پێم پێکەنین. دوایی زانیم، کە خەڵک بە دەگمەن ئاوی بەلووعە دەخواتەوە، یان ئەو ئاوە عەجایبەی من خواردمەوە وخێرم لا نەدیت، یان ئاوی ئاساییە، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیەو دەیخۆنەوە. بە سەری ئێوە لەو کاتەوە من ئەو ئاوە مەگەر تووش بم دەنا نایخۆمەوە، گەر بیشی خۆمەوە ئەو ساتەم بە بیر دێ، بۆیە زۆر لەسەرەخۆ و بە هۆشیارییەوە عافیێتی دەکەم.

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: سەرباز سیامەند
ژمارە ٦٠ - ١٥٢، ٢٠١١/١/٢٢ی زایینی

## کۆمیدیکار هێمن سەعدی ناسراو بە حاجی جادر:

# تەتەو، ئەو وشەیە خۆم دام هێناوە، منداڵان زمانیان پێگرتووە

**دیمانە:یەعقوب یوسف**

**پێشتر خوێندبوومەوە عەزیز نەسین نووسیبووی (کیمیاگەرانی سەدەی بیستەم نەیان توانی بەرد بکەن بەزێڕ، بەڵام من توانیم فرمێسکی خۆم بکەم بە قاقای پێکەنین و پێشکەشی جیهانی بکەم) ئەگەر ئەمە قسەی گەورە چیرۆک نووسی تورک بێت ئاخۆ دەبێت لە بەرامبەر کۆمیدیا و تراژیدیا ئەمڕۆکە ئێمە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی جیهانگیری دەژین، کاراکتەرەکان چۆن دەتوانن بینەرەکانیان بهێننە پێکەنین و گریان.**

**بەدرخان زۆرجار قسەی لە سەر فیلمە سکرینەکان کردووە بە تایبەتی کۆمیدییەکان کە هیچ مەرجی فیلمی تێدانییە لە رووی هونەری و دەرهێنان و سیناریۆ و کامێرا و مۆنتاژەوە، بەڵام فیلمی سکرین هەیە و بۆتە ئەمری واقع بۆیە بە باشمان زانی لەم ژمارەیەدا دیدارێکی کراوە دوور لە رتووش لەگەڵ کۆمیدیکار (هێمن سەعدی ناسراو بەجادر) ئەنجامبدەین سەرەتا پرسیمان تۆ لە ناو خەڵک بە هێمن یان بە حاجی جادر ناسراوی؟**

- بەڵێ من ناوی تەواوم هێمن سەعدی حەسەنە. خەڵکی شاری هەولێرم و لەگەڕەکی ٩٢ لەدایک بوومە، کە ئەو کات پێیان دەگوت گەڕەکی ناچاری.

*** سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- من وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی هەر لە منداڵییەوە خولیای نواندن و کاری شانۆیی بووم، هەر لە ژیانمدا مامۆستام نەبووە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەگەڵم بێت، بەڵام هاوکارم هەبووە ئەویش حاجی کەریمی ئامۆزام یەکێک لە هاوکارەکانم بووە.

*** چۆن لە کاری هونەری دەرکەوتیت؟**

- سەرەتای دەرکەوتنم بۆ چالاکی قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە ئەو کاتە لەگەڵ حاجی کەریمی ئامۆزام دوو شانۆگەریمان پێشکەش کرد، دواتر لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریمان زیاتر لە ١٥ دراما کرد، هەروەها یەکەم فیلمی سکرینم لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکردەوە.

*** ئەو فیلمە سکرینانەی ئێوە بەرهەمی دەهێنن چۆن لێی دەڕوانن لە رووی کامێراو دیکۆر و ڕەنگ و دەنگ و مۆنتاژ؟**

- ئەو فیلمانەی ئێمە بەرهەمی دەهێنین، هەر هەمووی لە ئەستۆی خۆمانە یان لە ئەستۆی سەنتەرێکە کە حەز دەکات بە کەمترین تێچوو فیلمەکە بەرهەم بهێنین بۆیە ناتوانین هەموو کەلوپەلێکی مۆدێرن بەکاربهێنین، بەڵام جەماوەری خۆمان لێمان رازییە تا ئاستێکی باش.

*** ئیسماعیل یاسینی ئەکتەری میسری یەکێکە لە ئەکتەرە گەورەکانی بواری کۆمێدیا بەوەش ناسراوە کە گوێ بە دەق نادات پشتی بە ئەزموونی خۆی دەبەستا لە کاتی نواندندا، ئایە ئەم سیفەتە لە تۆدا هەیە؟**

- بەڵێ هەموو ئەو جوڵە و دەق و وشە کۆمیدیانەی کە بەکاری دەهێنم لە سەدا نەوەد و پێنجی هی خۆمە.

***ئەو فیلمە سکرینانەی ئێوە بەرهەمی دەهێنن، لە ناو کۆمەڵگا کاریگەری چۆنی لە سەر کەسایەتی ئێوە جێ هێشتووە بۆ نموونە جوڵانەوەی خەڵک لە ناوبازاڕ لەگەڵتان؟**

وەڵڵا من زۆر خۆشحاڵم کەخەڵکێکی زۆر رێزمان لێدەگرن، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەد لە سەد لە خەڵکی هونەرمەند رازی ببن.

*** هۆکاری چییە لە هەموو فیلمەکانت جلوبەرگی کوردی بەکاردەهێنیت و دەوری پیاوی بە تەمەن دەبینی؟**

- بەڵێ ئەو جل و بەرگەم زۆر پێ جوانە، بەڵام لە هەموو فیلمەکان ئەو جلانە بەکار ناهێنم زۆر جاری وا هەبووە بە جلی دیکە نواندنم کردووە.

*** ماوەیەکە جگە لەکاری نواندنی فیلم، لەکاری ڕیکلامیش دەتبینین؟**

- بەڵێ لەمێژە داوای کاری نواندنی ڕیکلامم لێ دەکەن، هەر لەبەر خۆشەویستی ئەو برادەرانە و جگە لەوەش دەستکەوتی ماددیشی تێدایە بۆیە بڕیارمدا ڕیکلام بۆ ئەو کۆمپانیایانە بکەم کە داوا دەکەن.

*** تۆ بە قسە خۆشەکانت زیاتر دیاری، بەڵام بەم کۆتاییە نواندنت بۆ ڕیکلامێک کرد بەبێ ئەوەی یەک وشەی تیا بێت ئەوە داواکاری خۆت بوو یان دەرهێنەر .**

- ئەوە بە داواکاری دەرهێنەربوو. بێگومان ئەو ڕیکلامە زۆر سەرکەوتووش بوو لە کاتی نواندنەکە باوەڕبکە ئەو کچەی لە بەرامبەرم بوو قسەی پێنە دەکرا لە پێکەنینان.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چۆنە هاوکاریتان دەکەن؟**

- زۆر بەداخەوە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان تاوەکو ئێستا هیچ هاوکاری نەکردووینە بە حەقیقەت عاجزیشین لەو هەڵوێستەیان زۆریش حەزم لێیە وەزارەت بێت بەراوردێک بکات لەنێوان فیلمێکی ئێمە و فیلمێکی ئەوان، ئەو ئەکادیمییانەی زۆر خزمەت دەکرێن لەلایەن وەزارەتەوە، بەبەراورد لە رووی جەماوەر و فرۆشتنی بەرهەمەکان لە بازاڕدا.

*** کامە فیلمتان باشترین بووە لە رووی فرۆشتنەوە؟**

- فیلمی (چاو پیس) زۆرترین ژمارەی لێ فرۆشراوە، بە بەشی یەکەم و دووەم زیاتر لە (١٠٠,٠٠٠) سیدی لێ فرۆشراوە جگە لە کۆپیش،ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری فیلمێکی لە بازار (١٠٠٠) دانەی لێ فرۆشراوە ئەوا دەچم لەوێ قونکە جگەرەیان بۆ کۆدەکەمەوە.



*** هەوڵتان نەداوە ئەو فیلمانەتان لە سینەما نیشانبدەن؟**

- بەڵێ ئێمە فیلمی چاوپیسمان لە سینەما نیشاندا باوەڕبکە پلیتی بە (٢) هەزاربوو رۆژانە سێ جار نمایشدەکرا، ئەوجا هۆڵەکە قەپات دەبوو، خەڵک جێی نەدەبوو دابنیشی. لەگەڵ ڕێزم فیلمە پڕتێچووەکانی وەزارەت لە سینەما ١٠٠ بینەریان نییە، کە خۆم بەشداری تێدا دەکەم.

*** ئەو دەرهێنەرانەی کاریان لەگەڵ دەکەی لە کامەیان رازی؟**

- رێزم هەیە بۆ هەموو ئەو دەرهێنەرانەی کاریان لەگەڵ دەکەم" لەگەڵ هەموویان مورتاحم" بەڵام ئەو دەرهێنەرەی زیاتر لێم تێدەگات سیروان سەخەڕە، لە ئەکتەرەکانیش لەگەڵ حاجی کەریم زۆر مورتاحم.

*** لە کامە فیلمت زۆر رازی و لە کامە فیلمت نارازی؟**

- ئەو فیلمانەی ئێمە بەرهەمیان دەهێنین هەم وەکو دەق و هەم وەکو نواندن هی خۆمانە ، بە شێوەیەکی گشتی و بە پشتیوانی هەموو ئەو خەڵکە خۆشەویستەی هاندەرمن و لەهەموو فیلمەکانم رازیم.

*** کاک هێمن دەڵێن لەنێو ئێوەش کوتلە و کوتلەکاری هەیە وەکو سیاسییەکانمان؟**

- بەرای من سەنتەرەکان رولی خۆیان دەبینن لە بەکوتلەکردنی ئەکتەرەکان.

*** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان قەت بانگی نەکردوون بۆ هاوکاری یان بەشداریتان پێ بکات لە بەرهەم هێنانی فیلم؟**

- نەخێر موتڵەقەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان پشتگیری نەکردووین و هاوکاری نەکردووین، رێزم هەیە ئەو جەماوەرەی من هەیەتم، منەتم بە کەس نییە.

*** کاتێک منداڵێک پێت دەڵێت تەتەو هەست بەچی دەکەی؟**

- تەتەو، ئەو وشەیە خۆم دام هێناوە، دڵشادیشم کاتێک خەڵک بۆتە وێردی سەرزاریان و دڵیان پێ خۆشە بەو وشەیە منداڵانیش زمانیان پیێ گرتووە؟

*** لەو فیلمە سکرینانە بێزارنینە بە تەمانینە وازبێنن یان هەر بەردەوام دەبن؟**

- نەخێر وا دەزانم هێشتا هیچم نەکردووە.

**پرۆفایل:**

*** هێمن سەعدی حەسەن.**
*** ساڵی ١٩٨٢ لە شاری هەولێر لەدایکبووە.**
*** بەشداری لە ٥٠ فیلمی سکرین کردووە.**
*** نزیکەی بەشداری لە ١٥ درامای کوردی کردووە.**
*** ئەندامی گرووپی دڵگەشە.**

# تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی له‌ ئیمارات سه‌راسیمه‌ی میوانانیانکرد



**ئا:به‌درخان**

له‌سه‌ر بانگهێشتی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری ئیمارات له‌سال و یادی ٣٩ساڵه‌ی دامه‌زراندنی ئیمارات هه‌موو ساڵێک فێستیڤاڵ ساز ده‌درێت.

ئه‌مساڵ بۆ یه‌که‌مجار له‌ مێژووی فێستیڤاڵی وڵاتی ئیماراتی عه‌ره‌بی گروپێکی کوردی بانگهێشت بکرێت.

تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی جگه‌ له‌ فێستیڤاڵی ئیمارات ئه‌مساڵ له‌ دوو فێستیڤاڵی نێونه‌ته‌وه‌یی دیکه‌ به‌شدار بووه‌: ١- فێستیڤاڵی هونه‌ری میللی گه‌لان له‌ پۆڵۆنیا به‌ چاکترین تیپ دانرا. ٢- فێستیڤاڵی هونه‌ری میللی گه‌لان له‌ که‌لار. ٣- فێستیڤاڵی ٣٩ساڵه‌ی دامه‌زراندنی ئیمارات و چه‌ندین وڵاتی ئه‌وروپی و عه‌ره‌بی له‌ گشت جیهان به‌شدار بووه‌.

تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی ئه‌مساڵ به‌ به‌شداربوونێکی به‌رچاو به‌شدار بوو و توانی جوانترین نمایش پێشکه‌ش بکات، هه‌روه‌ها له‌ رۆژنامه‌ی"الخليج" رۆژنامه‌ی"البيان" که‌ له‌ ئیمارات ده‌رده‌چێ ده‌ڵێن: بێ ئه‌وه‌ی پێشتر خه‌ڵک ئاگار بکرێت له‌ میانه‌ی چالاکییه‌کانی تیپی هونه‌ری میللی عێراقی له‌ سلێمانی ٣٠٠٠ هه‌زار که‌س ئاماده‌ ده‌بوون له‌ فره‌ نه‌ته‌وه‌کانی ئیمارات و له‌ شاره‌کانی دیکراو به‌پێی به‌رنامه‌ی فێستیڤاڵ تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی توانی:

١- له‌ ٢٠١٠/١٢/١ له‌شاری عه‌جمان چوار تابلۆ نمایش بکات له‌گه‌ڵ تیپی میللی چیکی به‌ ئاماده‌بوونی جه‌ماوه‌رێکی زۆر.

٢- له‌ ٢٠١٠/١٢/٢ له‌شاری"ئه‌بوزه‌بی"چوار تابلۆی دیکه‌ی نمایش کرد له‌گه‌ڵ تیپی میللی مه‌غریب، که‌ جه‌ماوه‌رێکی بێ شومار ئاماده‌ بوون.

٣- له‌ ٢٠١٠/١٢/٣ له‌ سه‌نته‌ری شاری بازرگانی دوبه‌ی له‌ گه‌وره‌ترین بازاڕی جیهانی گه‌وره‌ترین نمایش ئه‌نجامدرا که‌ ٣٠٠٠که‌س ئاماده‌بوو پێنج تابلۆ نمایشکرا، به‌ ئاماده‌بوونی ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ کوردانی دوبه‌ی .

٤-رۆژی کۆتایی فێستیڤاڵ له‌شاری"الشارقه" چوار تابلۆ نمایشکرا له‌گه‌ڵ تیپی میللی مه‌غریب، له‌ کۆتایی لۆگۆی فێستیڤاڵ درا به‌ تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی و کۆتایی به‌ ٣٩یه‌مین فێستیڤاڵی دامه‌زراندنی ئیمارات هات.

رۆژی ٢٠١٠/١٢/٦ به‌ نوێنه‌رایه‌تی بازرگانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له‌ گوندی بوم له‌ هۆڵی"بوم"گه‌وره‌ترین نمایش تایبه‌ت بۆ تیپی هونه‌ری میللی رێکخرا به‌ ئاماده‌بوونی خه‌ڵکێکی زۆر له‌ دیبلۆماسی و سیاسی داموده‌زگاکانی ئیمارات و نوێنه‌ری وه‌زاره‌تی رۆشنبیری ئیمارات و جێگری وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق و جێگری وه‌زیری رۆشنبیری عێراق و قونسولی عێراق و کۆمه‌ڵێک له‌ نووسه‌ر و ئه‌دیب و هونه‌رمه‌ندی به‌ناوبانگی عێراق و ئیمارات ئاماده‌بوون، که‌ شه‌ش تابلۆ نمایشکراو بووه‌ جێگای سه‌رسوڕمانی گشت ئاماده‌بووان و هیوایان خواست تیپی هونه‌ری میللی سلێمانی له‌ گشت فێستیڤاڵێک ئاماده‌بێ تاکو بتوانن کلتووری عێراق و کورد و تواناکانی هونه‌ری عێراق به‌ دنیا بناسێنن.





# حەسەن زیرەک

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**ژمارە ١٠ - ١٥٢، ٢٠١١/١/٢٢ی زایینی**


# ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت!؟!



**لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.**


**لێکۆڵەر: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**


**تێبینییەکی پێویست:**

**هونەرمەند حەسەن زیرەک، بەهۆی ئەوەی کە ژیانێکی ئاسایی نەژیاوە و لە نێوان دەربەدەری و ئاوارەیی و هەڵاتن و بەندیخانە و برسییەتی و بێکاریدا ژیانی بەسەر بردووە، ژیانی ئەو هونەرمەندە لە نێو جوگرافیایەکی فراوان و ناجێگیر سووڕاوەتەوە زۆر رووداوی بەسەر هاتووە، لەگەڵ زۆر کەسایەتی جۆراو جۆر کەم و زۆر ژیانی بەسەر بردووە، هەروەها نەبۆخۆی نەهیچ کەس بۆی نەکراوە، ئەرشیفی ژیان و هونەری ئەم کەسایەتییە بە تەواوی کۆ بکاتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە زۆر رووداوی گەورە و نهێنی گرنگ لە ژیانی زیرەکدا ماون و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەر هەموو بەڵگەکان لەبەر دەست بوونایە، لێکۆڵینەوەکە، زۆر لەوە گرنگترو دەوڵەمەندتر دەبوو، هەر بۆیە ئێمە لەسەر ئەو نووسین و بەڵگانە کارمان کردووە، کە دەستی ئێمە کەوتوون، چونکە لەوەش دڵنیاین کە هەموو ئەوەی لە بارەی ژیان و هونەری زیرەک نووسراوە، بە تەواوی دەست ئێمە نەکەوتووە، ئەوانەش کە هەن لە رووی مێژووی رووداوەکان پاش و پێشی تێکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەوڵمانداوە کە سەرەداوی ئەم "کوشتن"ەی زیرەک هەڵبکەینەوە و زۆرتر پشت بە بەڵگە نووسراو و گوتراوەکان ببەستین و ئەگەر لە جێگایەکیش بۆ چوونێکمان هەبێ، ئەوا لەسەر زەمینەی رووداوەکان و لە نێو فەزای بەڵگەکانەوە هەڵمانوێنجاوە.**

ئەگەر لە رووی هونەری و دەروونییەوە، ئەم هەڵوێستەی زیرەک شیبکەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەوەی کە زیرەک لەبەر ئەم هۆیانە، ئەم گۆرانییەی بە مەلیکدا هەڵگوتووە.

یەکەم: وەک مامۆستای هونەرمەند باکووریش دەڵێ: ئەم پێدا هەڵگوتنە پەیوەندی بەسروشتی گۆرانی گوتنی زیرەکەوە هەیە، کە زۆربەی جاران لەکاتی گۆرانی گوتن و تۆمارکردندا، شیعری تازە و ئاوازی تازەی بۆ هاتووە، ئەو وەختەش تازە لەنێو خەڵکەوە چووەتە رادیۆ.

دووەم: من وای بۆ دەچم بەشێکی ئەم گۆرانی گوتنەش، پەیوەندی بەوەوە هەبێ، کە زیرەک، خەڵکی ئێرانە و ئەگەر دەفتەر نفووس و جنسییەی عێراقیشی بۆ کراوە، بەڵام ئەو لە دڵی خۆی ئەو ترسەی هەبووە، کە ئەم ئێرانی بوونەی کێشەی بۆ دروست بکات بەتایبەت، تازە پاش دامەزرانی لە رادیۆ و بڵاوبوونەوەی ناوودەنگی ئەو زۆرتر دەناسرێ و پتر دەکەوێتە بەر چاوان و سەرزاران، ئەمەش هۆیەکە کە لە نێو ئەم خەڵکە زۆرە، کەسانێ هەبن، کێشە بۆ زیرەک دروست بکەن!

کە بێ گومان هەشی ببوون، کە رەنگە زیرەک بەم گۆرانی گوتنە وای زانیبێ کە پشتێک بۆ خۆی پەیدا دەکات و دەتوانێ بەردەوام بێت لە کارکردن لە رادیۆ و گۆرانی گوتندا، جارێکی تر نەکەوێتەوە ئاوارەیی و دەربەدەری.

کە بەداخەوە، ئەو ترسەی کە ئەو گۆرانییەی پێ گوتووە، دواجار لە ساڵی پەنجاو هەشت و رووخانی رژێمی مەلەکی، زیرەک تۆمارکردنی ئەم گۆرانییەی، لێ دەبێ بە خاڵی لاوازو دەکەوێتە بەر تانەو تەشەری ئەوانەی کە بەگەڵ شەپۆلی "بژی و بڕوخێ" کەوتبوون و ئەوانەی کە کاسێتی "خۆشترین گۆرانی هونەرمەند "سێوە"ی رەحمەتییان شکاند هەر لەبەر ئەوەی کە لە گۆرانییەکەدا دەڵێ: "تا نەڵێن کچە تیوە رەزەوانە" لەو رۆژانەدا ئەم "شۆڕشگێڕ"ە لە زەمەن و لە وڵات و لە کۆمەڵگە دابڕاوانە، پێیان وابوو هەموو هونەرێک دەبێ، لە خزمەت بەرنامەی ئەوان دابێ و لەگەڵ ئەوان دابێ، هەر ئەوانەش تەنگیان بە زیرەک هەڵچنیوە و لەسەر گۆرانی "دەلێدەن لێدەن تەپڵی شادومانی" دەهۆڵی مەلەکی بوونیان بۆ زیرەک لێداوەو زیرەکیان ناچار کردووە بگەڕێتەوە ئێران، هەر مامۆستای هونەرمەند باکووری دەنووسێ: "جا زیرەک ترسا، نەبادا ئەفسەرەکانی شۆڕشیان هەڵگیرساند، بیگرن و بڵێن: تۆ لە پیاوانی رژێمی پاشایەتی!!"

زیرەک لەنێو ئەم ئاو و هەوایە سیاسییەدا دەگەڕێتەوە ئێران، لەوکاتەشدا، ئێران زۆر پێویستی بە زیرەک دەبێت، بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی رادیۆکانی "تاران و کرماشان و تەورێز"، بە تایبەت کە زیرەک، بە هونەرمەندی و ناو و ناوبانگی و تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەڕایەوە ئێران، لەوێش هێندەی تر سەرکەوتووانە دەستی پێکرد و هەتا دەهات زیرەک سەرکەوتووانەتر بوونی خۆی دەسەڵماند و لایەنگری زۆرتری بۆ خۆی پەیدا دەکرد، ئەوەتا میدیای زەندی خێزانی زیرەک دەنووسێ: "ئەوکاتە دەوڵەت، نیازی بە دەنگی حەسەن هەبوو" چریکە چ٢

ئەم پێویستییە، دەوڵەتی شاهەنشاهی بە هونەرمەند حەسەن زیرەک و ئەو سەرکەوتنە بەردەوامانەی کە زیرەک لە هونەر و گۆرانی گوتندا لەو ماوە کەمەدا بە دەستی هێناوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لەو دەوروبەری زیرەک کەسانێ هەبن، چاویان بە زیرەک و هونەرەکەی هەڵنەیێ و بە دوای "خاڵی لاواز"ی زیرەک دا بگەڕێن، جگە لەوەش دەوڵەت ویستوویەتی، زیرەک کە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، بە تەواوی بخاتە خزمەت دەوڵەت و بنەماڵەی شاهەنشاهی خۆی، کە من بە دووری نازانم، داوایان لە زیرەک کردبێ، چۆن لە عێراق بە "مەلیک حوسێن و مەلیک فەیسەڵ"ت دا هەڵگوتووە، وەرە ئاواش بە شاهەنشا دا هەڵبڵێ!! هەر ئەوەشە، کە وەک لەکۆڵ خۆ کردنەوەیەک، زیرەک بەهەمان شیعرو بە هەمان ئاواز بە کوڕی شاهەنشا دا هەڵدەڵێ:

دەلێدەن لێدەن تەپلی شادومانی

ئەوا هاتە رووی جیهان کوڕ شازادەی ئێرانی.

وەکو دیارە هەمان شیعرە و هەمان ئاوازە، بەڵام، لە جیاتی "مەلیک حوسێن و فەیسەڵ" هاتووە زیرەک "کوڕ شازادەی ئێرانی" داناوە، هەر ئەم گۆرانییەش "سروودی نەورۆز"و ئەوانی تری بەدوای خۆی دا هێناوە، ئەوانەی کە بە شاو دەوڵەتیدا هەڵگوتووە، ئەمانەش هەمووی بە زۆر و بەناچارکردن بووە، هەر نووسەری کتێبی "ناڵەشکێنە" بەڕێز "قادر نەسیرنیا" دەنووسێ "لە کرماشان گۆرانی نەورۆزی بە زۆر پێ دەخوێنن و دوای ئەوەش لەوێ دەری دەکەن" ناڵە شکێنە.

ئەم دەرکردن و رێگاگرتنە لە هونەرمەند زیرەک، ئەوە دەردەخات کە زیرەک هەرچەندە ئەم گۆرانییانەی بە "شاو دەوڵەت" دا هەڵگوتووە، لەوەشدا ناچارکراوە، لەوە زیاتر زیرەک جگە لەوەی کارمەندی رادیۆ و هونەرمەندی گۆرانی گوتن بووە، هیچ پەیوەندییەکی تری بە دەوڵەتەوە نەبووە، وەک دەبینن میدیای زەندی دەنووسێ: "شوکروڵڵای بابان گوتبووی: نزیکەی ١٥٠٠ گۆرانیمان بە دەنگی حەسەن زیرەک هەیە و ئیتر ئەومان ناوێ" هەروەها دیسان میدیای زەندی خانمی خێزانی زیرەک، کە لە رادیۆی کرماشان لەگەڵ زیرەک پێکەوە کاریان کردووە جارێکی تر دەنووسێ: "رەفتاری دەوڵەتی ئەوکاتە، لەگەڵ حەسەندا، کە لە کوردەواری و تەواوی دنیا بەتایبەت عێراق و ئێران ناوبانگی دەرخستبوو، ئەوی تووشی کەندو کۆسپێکی زۆرکرد. بەتایبەت لە کاتێکدا کە دکتۆر شێخ عابدی سەراجوددینی، سەرۆکی بەرنامەی کوردی رادیۆی تاران بوو، کاتێ حەسەن هاتبووە رادیۆ، "لە مەیدانی ئەرک دا" شێخ عابدی سەراجوددینی، بەدەرگاوانی دەستوردا بوو تا حەسەن رێ نەدەنە ژوورێ، کە ئەم کارە لەسەر دڵی ناسکی حەسەن هێندە شوێنێکی خراپی دانا، کە هیچ کات نەگەڕایەوە بۆ رادیۆی تاران و بە دڵشکاوی پێی و پێڵاوی پێچایەوە بەرەو بەغدا، بەڵام کاتێ گەیشتە بەغدا لەوێدا گرتییان و خستییانە بەندیخانەوە...".

چریکە دەبێ بپرسین بۆچی، شوکروڵڵای بابان، ئەم رۆشنبیرەی رادیۆ لە ئێران، دەڵێ:"ئیتر پێویستیمان بە زیرەک نییە!!" هەروەها بۆچی دکتۆر شێخ عابدی سیراجوددینی، دەستوور دەداتە دەرگاوانەکانی رادیۆی تاران، رێگا بە زیرەک نەدەن بچێتە رادیۆ؟!! کاری ئەم دووانە بەرامبەر بە هونەرمەند حەسەن زیرەک، کارێک نییە! لەخۆوە و بە میزاجی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورەی وەک زیرەک دا کردبێ، ئەوان لە هەموو خەڵک زیاتر و چاکتر گەورەیی و رەسەنی زیرەک و هونەرەکەیان ناسیوە، شوکروڵڵای بابان وەک گۆیندەیەکی رادیۆ کاری زۆری لەگەڵ زیرەک و دەنگی زیرەکدا کردووە، دکتۆر عابدیش، کە بەرپرسی بەشی کوردی رادیۆی تاران بێ، لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە هونەرمەندێکی گەورەی کوردی وەک زیرەک هەیە! بەڵام، ئەوەی ئەوان کردوویانە، کاری زەوق و میزاجی نەبووە، ئەوان کارمەندی دەوڵەتن و دەوڵەت چییان لێ بخوازێ ئەوە دەکەن، ئەوەتا "عیسا پژمان" لە باسی چۆنییەتی دەکردنی رۆژنامەی"کردستان" باسی شوکروڵڵای بابان دەکات و راستی پەیوەندی ئەو پیاوە بە دەوڵەتی شاهەنشاهی روون دەکاتەوە "هەر عیسا پژمان" باسی ساواکی بوونی شوکروڵڵای بابان دەکات و دەڵێ: "ئەو خۆی- واتە شوکروڵڵای بابان دەڵێ: ساواکی بوون جێی شانازی بوونمە، چونکە ئەوکات هەموو کەس نەیدەتوانی ببێت بە ساواک، مانگانە ٣٠٠ توومەنمان وەردەگرت."

ئەم ساواکی بوونەی شوکروڵڵای بابان هەر بۆ ئەوە نییە، کە شانازی پێوە بکات، بەڵکە بۆ ئەوە بووە کە کاریان بۆ بکات، جا ئەو کارە با دەرکردنی گەورەترین هونەرمەندی کورد و ئێران بێت، هونەرمەند حەسەن زیرەک.

هەروەها دکتۆر عابدیش کە دەکرێ بە بەرپرسی رادیۆی کوردی تاران، ئەوا بێ شک دەوڵەتی شاهەنشاهی لێی رازی بووە و ئەویش دەوڵەت چ شتێکیان لێ خواستبێ، ئاوای کردووە، با ئەو کارە دەرگای رادیۆی تاران داخستنیش بێ بە رووی گەورەترین هونەرمەندی کورد و ئێران، هونەرمەند حەسەن زیرەک.

ئەگەر ئەم کارە پەیوەندی دکتۆر شێخ عابدی سیراجوددینی و شوکروڵڵای بابان بە دەوڵەتەوە دەردەخات و دەردەکەوێ دەوڵەتی شاهەنشاهی لێیان رازییە! لەبەرامبەریشدا ئەوە دەردەکەوێ، کە دەوڵەت چۆن لە رێگای ئەوانیشەوە، دژایەتی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکات و دەرگای بەروو دادەخەن و لە رادیۆ بە زیادەی دەزانن!! چونکە زیرەک بەدڵی دەوڵەت نەبووە! چەند بەئاسانی چەندە بە هەنجەتی لاواز زیرەک لە رادیۆ وەدەردەنێن!!

ئەگەر بە مەلیک و شادا هەڵگوتن و گۆڕینی شیعری نەورۆز، ئەمانە خاڵی لاوازی هونەرمەند "حەسەن زیرەک"بن، کە لە راستیدا هەموو لایەک لە دڵەوە خوازیار بوون کە، ئەم خاڵە لاوازانە لە ژیان و هونەری زیرەک دانەبوان، ئەمەش بەهۆی گەورەیی ئەم هونەرمەندەیە، بەڵام خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ژیان و هونەری زیرەک، دەبێ لەسەر واقیعی "شوێن" و لەژێر رۆشنایی "زەمەن"ەوە بێت، هەروەها ئەو تونێلە نوتەک و پڕ لە هەوراز و نشێوەی ژیانی تایبەتی زیرەکمان لەبەرچاوبێ، کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە دەست پێدەکات و لە ١٩٧٢/٦/٢٦ دا کۆتایی دێت.

ئەو تونێلەی کە هەر لەسەرەتاوە بە گۆرانی و هاواری "بێ کەس و بێ دەر"م دەست پێدەکات و هەر بە گۆرانی "جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێ لانە خۆم" کۆتایی دێت، ئەو ژیانەی کە پەنجا ساڵ و چەند مانگێک دەخایەنێ و ئەگەر "٢-٣"ساڵی کرماشان و خێزانداریەتی لەگەڵ میدیای زەندی لێ ببەینە دەرەوە، کە زیرەک خۆی چ بە قسە و چ بەگۆرانی بە سەردەمێکی خۆش ناوی دەبات و خۆی لەو ساڵانەدا بە بەختیار دەزانێ، دەنا باقی ساڵەکانی تر لەنێوان بێکەس و بێ کاری و برسییەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی و بەندیخانەدا بەسەر بردووە و هەر خۆشی دەڵێ: "نیوەی عومرم تێیانهەڵداوم زۆرجار خۆشم نەمزانیوە بۆچ لێمدەدەن" ئەم ژیانەی زیرەک لە نێوان عێراق و ئێراندا، کە دوو دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان بوون، نەک رێزیان لە هونەرمەندی کورد نەدەگرت، بەڵکە بێڕێزیان بەرامبەر بەتەواوی پیرۆزییەکانی ئەو میللەتە دەکرد چ جای هونەرمەندان ئەوە جگە لە پاشکەوتەیی کۆمەڵی کوردەواری و هەروەها نەخۆشییە کوشندەکانی نێو "نووسەران و هونەرمەندانی کورد"، کە ئەمانە هەمووی زیرەکیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە بڵێ: "ئەوا خەریکم دوو سێ گۆرانی بەم زەمانی پیریمەوە دەڵێم بۆ عالەم بۆ ئاخیری مەرگم کە نزیکەو زەمانێکە خواحافیزی یەکجاری بکەم بچمە ژێر گڵەوە "لێرە میرزا کەریم و ئەبوو سەباح و جەلال" دەڵێن: خودا نەکات ئیشائەڵڵا" بەڵام. زیرەک هەر بەردەوام دەبێت و دەڵێ: بچمە ژێر گڵەوە کە بەشەری کورد نەبینم!!" کە میرزا کەریم گلەیی لە زیرەک دەکات و دەڵێ: زیرەک پێت وانییە زۆر رۆیشتووی؟! زیرەک دەڵێ: کاکە من لێرەدا مەقسەدم هەموو کوردێک نییە، مەقسەدی من تەنها ئەو کەسانەیە کە قەدری هونەر نازانن و بە چاوێکی تەسک و بچووک سەیری هونەرمەندان دەکەن" هەروەها زیرەک بەردەوام دەبێت و دەڵێ: "ماناکەی وا لە دڵی خۆم دایە" بەڵێ! ماناکەی وا لەدڵی زیرەک دایە! بەداخەوە زیرەک لەم رووەوە بۆی نەکراوە، بە قسەکردن و گێڕانەوە دەردی دڵی خۆی دەرببڕێ، جار جارە بە گۆرانی و لە دانیشتنەکاندا بە رستەیەکی کورت، دەستی لەسەر کێشەیەکی گەورە داناوە.

←

# حەسەن زیرەک

سـەرەڕای هەموو دەربـەدەری و بێ جێگە و ڕێگەیی زیرەک، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی ئەم هونەرە بەرز بووە، کەچی بـەردەوام، هەندێ کـەس و هەندێ ئافرەت. بە شێوەی ڕەنـگ و ڕووی شکاندویەتییانەوەو ئازاریان داوە، هەندێ کۆلکە خوێندەوار و خاوەن "کارت- بڕوانامە"ش، بە نەخوێندەوارو فۆلکلۆر، فۆلکلۆریش بە سووک تەمەشاکردن خۆی و هونەرەکەیان شکاندۆتەوە، لە کاتێکدا ئەو هونەرو توانایەی کە زیرەک هەیبوو، دەیان و هەزاران"بڕوانامە" و "خوێندەوار" دەبێ لەبەرامبەر توانا و هونەری زیرەک، هەڵسنەوە سەر پێ! ئەگەرنەبوونی "بڕوانامە" و "خوێندەواری" بۆ زیرەک هەندێ کەس بە عەیبیان داناوە! ئەوا زۆر "خاوەن بڕوانامە" و زۆر "خوێندەوار"ی بەرزیش هەن شەرمەزاری و عەیبن بۆ مێژوو بۆ میللەتەکەشیان و تا دەگاتە مرۆڤایەتیش.

لێرە من نامەوێ، زیرەک لەکەم کورتیەکانی کە هەیەتی. پاک بکەمەوە!

زیرەکیش مرۆڤەو مرۆڤیش بوونەوەری شوێن و زەمەنی خۆیەتی، بەڵام؟، دەمەوێ، ئێمە پێش ئەوەی زیرەک هەڵبسەنگێنین وا چاکە هەوڵبدەین حەقیقەتی ژیانی زیـرەک، وەک هـەبووە و ڕوویـداوە ئاوا بزانین و بناسین، ئەوسا کێش و پێوانە بخەینە بەردەم زیرەک و هونەرەکەی. زیـرەک خـۆی لـە "چریکـەی کـوردسـتـان" زۆر ڕاستگۆیانە و بڕوا بەخۆیانە دەنووسێ:

هەر کەس بێ گەورە بێ و بەرەڵڵا بێ
وەک منی لێدێ و زەحمەتە چابێ.

ئـەم دێـرە شیعرە حیکمەت ئامێزەی زیـرەک، دەمانخاتە بەردەم پێوانەیەکی ویژدانی زیندووی مرۆڤانەوە.

دواجار دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە ئەمڕۆ بەخاڵی لاوازی زیرەکیان دەژمێرین و زیرەکی پێ عەیبدار دەکەین، من ئەوەندەی کە ژیانی زیرەکم خوێندبێتەوە و نەفسیەت و کەسایەتی ئـەو پیاوەم ناسیبێ بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: کە زیرەک لەکاتی گوتنی ئەم گۆرانییانە ویژدانی ئاسوودە نەبووە، بـەڵام، زیـرەک چی بـکـات کـە زۆرجـار گـوتـوویـەتـی "شـەشـدەرم لێگیراوە و بێ هـودە هـەر مـۆرە هـەڵداوێم و بەتەمای دووشەشم"، هەر بۆ ئازاری ویژدان و نائاسوودەیی دەروونـی زیـرەک، زیرەک دواتر لە بۆنەی تر تۆڵەی ئەم گۆرانییانەی کردوتەوە و سـروودەکـەی پیرەمێردی "نـەورۆز" هەموو شیعرەکەی وەک خۆی گوتۆتەوە و لە زۆر جێگا و گۆرانی تر بۆ سەڵماندنی "کوردی بێ غەلو غـەش"ی خۆی موغامەرەی کـردووە و ملی لە چەقۆ خشاندووە.

تاوای لێهات هاوار بکات و بڵێ: "لە عێراق و لە ئێران جێگام نەبووەوە".

لەوەش زیاتر، ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە هونەرو ژیانی زیرەک وەک خاڵی لاواز سەیریان دەکەین و لەکاتی خۆشی زیرەک ئازاری ڕۆحی و ویژدانی پێ چەشتوون، ئێستا ئەم گۆرانییانە لە ڕووی هونەرییەوە مردوون و کەس نایەوێ بیانبیسێ، مەگەر ناو هێنان و باسکردنیان، بۆ شکاندنی هونەری زیرەک!!

دەنا ئەم گۆرانییانە وەک بەرهەمی هونەری سەیر ناکرێن و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە بێزراون و مـردوون تەنیا سـروودی نـەورۆز نەبێ.

ئەگەر خۆ لەبەر هەر هۆیەکیش بێت، لێکۆڵەر و هونەردۆستان ئەمانە لەسەر هونەری زیرەک حسێب بکـەن! ئـەوا هـونـەری زیـرەک لەکۆی بەرهەمەکانی ئەوەندەی شاکار هەیە، کە لەپێشی پێشەوەی هەموو هونەرمەندانی کورد و جیهانە و ئەم چەند گۆرانییە، بەهیچ شێوەیەک لە "کن ئەهلی نەزەر" یەک زەڕە لە نرخی زیرەک کەم ناکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەم چەند گۆرانییەی زیرەک، کە بە مەلیک و شـای دا هەڵگوتووە، وای لە دەوڵـەت و دەسـەڵاتداران کـردووە، کە تەماعی لەوە زۆرتر لە زیرەک بکەن و دواجار زیرەک بکەن بەو زیرەکەی، کە خۆیان دەیانەوێ! بەڵام زیـرەک خۆڕاگرانە نەچۆتە بن بار وەک خۆی گوتوویەتی بەتەنیا بە گژ دەوڵەتدا هاتۆتەوە و زۆرتر چۆتەوە نێو خەڵک و توندتر کوردایەتی کردووە و بە شیعری:

ڕۆڵە کوردستان چاوی لە ڕێتە
نیشتمان هیوای دوا ڕۆژی پێتە.

خەباتی هونەرمەندانەی خۆی گەیاندۆتە لوتکە و بەمەش زیاتر دەوڵـەت و دەسـەڵات و خائین و ساواکی لەخۆ هار کـردووە، تا کار گەیشتە ئـەوەی، کە چەندین جار لێی بدەن و دواجار ژەهر خواردووی بکەن.

نەیەتە ژوورەوە، پێویستمان پێی نییە"غیر صالح"ە

ئێمە پێشتر باسی ئـەوەمـان کـرد، کە زیـرەک لە ئێران و لە ڕادیۆکانی"تاران"و "کرماشان" چ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا ئێران و ڕادیۆکانی ئێران پێویستییەکی زۆریان بـە هـونـەرمـەند"حـەسـەن زیـرەک"هـەبـوو، ئەم پێویستییەش لەچەند کارێک دەردەکـەوێ، کە دەتوانین ئاوا یەک یەک باسیان بکەین:

یـەکـەم: کـە زیـرەک دەگـەڕێـتـەوە ئـێـران و دادەمەزرێ"میدیای زەند"لە ڕادیۆ دادەمەزرێنێ و زیرەک هەر زوو وەک میدیای زەندی خۆی باس دەکات:"حەسەن پێشنیازی خوازبێنی لێم کرد"باوکی میدیا بەم داوایەی ڕازی باس دەکات، دیارە زیرەک گوتوویەتی:"ئەگەر ئەو کچە لەمن مارە نەکەن، دەگەڕێمەوە بۆ عێراق و لەئێران نامێنم"وەک میدیا باس دەکات:"چونکە ئەوکاتە دەوڵەت نیازی بەدەنگی حەسەن هەبوو، بەبێ ئێزنی باوکم لە ٢٦ی ڕەزبەری ساڵی ٣٣٧ منیان لە حەسەن مارەکرد"کە دەکاتە ساڵی ١٩٥٨ی



زایینی.

دووەم: دیـسـان مـیـدیـای زەنـدی لـەچاپی دووەمـی"چـریـکـەی کـوردستان"نووسیویەتی: "ماوەیەک بەسەر ژیانی ئێمەدا تێنەپەڕی بوو کە من داوای منداڵم کـرد، گوتم: یا منداڵ یا تـەڵاق. دەوڵـەتـی ئەوکاتە کەهیمان پێویستی بەدەنگی حەسەن بوو، دەست بەجێ بەپارەی خۆی حەسەنیان لە نەخۆشخانەی بازرگانانی تـاران خـەفـاند و د. مـەحـمـوود موحسینانی ئەوی جەراحی کرد"و بوونە خاوەنی ساکار و ئارەزوو.

سێیەم: هەر میدیای زەندی دەنووسێ"لەساڵەکانی ٤١ تا ٤٣ی هەتاوی حەسەن زیـرەک کۆڕێکی مۆسیقای بـۆخـۆی پێکهێنابوو، کـە بەڕاستی بەڕاستی پەنجەیان شیرین بـوو، لەوکاتانەدا حەسەن ژیانی ئیدارەی کەوتبووە سەرەو لێژی، چونکە دەوڵـەت پـارەکـەی نـەدەدا، لەبەرئەوە سـەرۆکـی بـەرنـامـەی کـوردی، شـوکـڕوڵڵای بابان گوتبووی"ئێمە نزیکەی"١٥٠٠"گۆرانیمان بەدەنگی حەسەن زیـرەک هەیەو ئیتر ئەومان نـاوێ، لەوکاتانەدا مامۆستا عەلی مـەردان و حەسەن جەزراوی و محەمەد عارف جەزراوی لە عێراقەوە هاتن بۆ ئێران و لەمن و حەسەنیان داواکـرد، بڕۆینە ڕادیـۆی بـەغـدا، لەوکاتانەدا دەوڵەت دەست بەجێ دڵخۆشی حەسەنی دایەوەو پارەو مانگانەو هەموو قەرزەکانیان دایەوە. کاتێ کە میوانەکان چوونەوە، ئینجا ئیتر بەیەکجاری حەسەنیان لە ئیدارە دەرکرد".

ئـەودەمـانـەی کە دەوڵـەتـی ئێران پێویستی بە حەسەن زیرەک هەبووە، داخوازی و کارەکانی حەسەن زیرەکیان جێبەجێکردووە، ئەوکاتانەش سەرەتای گەڕانەوەی زیرەک بووە بۆ ئێران و سەرەتای دامەزراندنی لە ڕادیۆکانی تـاران و کرماشان و تەورێز بووە، زیرەک بە گەڕانەوەی خۆی، وەک هونەرمەندێکی گـەورەو شـارەزاو ژیاندۆست گەرم و گوڕییەکی زۆری بە ڕادیۆ داوەو گوێگرێکی یـەکـجـار زۆری بـۆ ڕادیـۆ کۆکردۆتەوە، بەجۆرێک تا ئەوکاتە هیچ ڕادیۆیەک و هیچ هونەرمەندێک ئاوای بۆ نەکراوە. هەر میدیا خانمی خێزانی زیرەک لە چاپی دووەمی"چریکەی کوردستان" دەنووسێ:"حەسەن نزیکەی ١٠٠٠ گۆرانی لەتاران و کرماشان تۆمارکردبوو لەبەر خاتری بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانیانە بوو، کە ڕۆژانـە نزیکەی دوو هەزار نامە بۆ بەرنامەکە دەهـات و تـەنـانـەت پوولیشیان دەخستە ناو پاکەتەکەوە، تا زوتر گۆرانی داواکراوی ئەوان- بـەدەنگی حـەسـەن-بڵاوبکرێتەوەو بە تێکڕا. تەواوی بەرنامەی کوردی. لەسەر دەنگی خۆی ئـەو دەسـوڕا، ئەوکاتانە ڕۆژانـە دوو کـەرەت بـەرنـامـەی ئێمەو گوێگرەکان بـڵاو دەبـووەو حەسەنێک کە بە دەنگە خۆشەکەی ببووە هۆی درەوشـانـەوەو گەشەی بەرنامەکانی ڕادیـۆی تاران و کرماشان و سیلاوی نامەی لایەنگرانی گۆرانییەکانی، بەرەو ئێزگەکانی ڕادیۆ دەهات، زۆربـەی بەرنامەکانیش بەتایبەتی داواکردنی گۆرانییەکانی حەسەن بوو".

ئـەو پێویستییە زۆرەی کە دەوڵـەتـی ئێران و ڕادیۆکان، لەسەرەتاوە بە"حەسەن زیرەک"یان هەبووە، هۆی ئەوە بووە، کە زیرەک وەک دڵی زیندووی ڕادیۆ وابووەو بووەتە هۆی ئەوەی کە گوێگرێکی زۆر لە ڕادیۆکان کۆبکاتەوە، کە ئەمە لە خەیاڵی ئەواندا نەبووە، ئەم ڕەوشە ئەگەرچی ڕادیۆکانی سەرخستووە، ئەوا زیرەکیش زیاتر بووە بە هونەرمەندێکی ناودار و جەماوەری. کە ئەمەیان بەدڵی دەوڵەت نەبووە! بەتایبەت زیرەک چ خۆی وەک کەسایەتی نەبووە بەو کەسەی کە دەوڵـەت ویستوویەتی و چ هونەرەکەشی، هونەرێکی کوردی ساف و بێ خـەوش بووە، کە لە تـەواوی گۆرانییەکانی، تا دڵداریترین گۆرانی حەسەن زیـرەک مێژوو و جوگرافیاو زەوق و جوانییەکانی سروشتی کوردستانی لێ دەچۆڕایەوەو خەڵک گوێگرتن و گوتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی وەک سروودی ڕەسەنی کوردی گوێ لێ دەگرت و دەگوتنەوە، بۆیە بەرە بەرە دەوڵەت دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ئەم هونەرمەندو ئەم جەماوەرە لێکبکات و چیتر ڕێگە نـەدات، کە لە ڕادیۆکانی دەوڵـەت، پڕوپاگەندە بۆ زیرەک بکات و زیرەک هونەرەکەی ببێ بەهێزو ورەی خەڵکی کوردستان، چونکە ئـەگـەر ئـەم ڕەوشـە بـەردەوامـبێ، دوورنییە لەدەست دەربچێ، هەربۆیە سەرۆکی بەرنامەی کورد، شوکڕوڵڵای بابان دەڵێ: نزیکەی هەزارو پێنج سەد گۆرانی حەسەن زیرەکمان هەیەو ئیتر پێویستمان بەو نییە!!.

هەروەها د. شێخ عابدی سیراجوددینی ئەویش، دەرگاوانەکانی ڕادیـۆی تـاران ڕادەسپێرێ کە ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی حەسەن زیرەک نەدەن! هەرچەندە بەداخەوە، ئێمە مێژووی ڕووداوەکان نازانین و زنجیرەی ڕووداوەکانمان بە ووردی بۆ ڕوون نییە! بەڵام هەر لەو سەروبەندەیە کە لەساڵی ١٩٦٦ حەسەن زیرەک کتێبی"چریکەی کـوردسـتـان"چاپ دەکـات، ئـەم کتێبەش وەک گۆرانییەکانی زیـرەک ڕەواج و داواکارییەکی زۆری دەبـێ، لەکاتێکدا لەو ساڵانە چاپکردنی کتێبی کـوردی کارێکی ئەستەم بـوو، کە ئەم کتێبە کوردییە چاپکراوە، بوو بە ڕووداوێکی مێژوویی، لەلایەکی دیکەوە هونەری حەسەن زیرەک و ناوی"چریکەی کوردستان"لە ڕوویێکی ترەوە ڕووداوەکەی گەورەتر و کاریگەرترکرد. چاپکردنی چریکەی کوردستان، بەجارێک دەوڵەتی لە حەسەن زیـرەک تـووڕە کـرد، وەک"میدیای زەنـدی"گـوتـوویـەتـی و مـامـۆسـتـا"عـەبدولی حەمە باقی"دەگێڕێتەوە:"دەوڵەت پاش چاپ و بڵاوکردنـەوەی چریکەی کوردستان فەرمانی گرتنی حەسەن زیرەکی دەرکـردووە"زیـرەک بەناچاری ماڵ و ژن و منداڵەکانی بەجێدێڵێ و خۆ ناداتە دەست. وەک زیرەک لە کاسێتێکدا باس دەکات، ڕوو دەکاتە کوردستانی عێراق و دەچێتە ناو شۆڕش، دیارە لەوێ لەسەر ئاستی سـەرکـردایـەتـی و جـەمـاوەرەوە ڕێـزی زۆری لێدەگیرێ و چەند ئاهەنگێکیش دەگێڕێ و لەوێش لەنێو گۆرانییەکانیدا بە پێشمەرگەو شۆڕش و سەرکردەکاندا هەڵدەڵێ! پاش ماوەیەک بەنیازی تـۆمـارکـردنـی گـۆرانـی ڕوو دەکـاتـە بـەغـدای پایتەخت و دەچێتە ئێستگە! بەداخەوە لە ئێستگە، پێشوازی لێناکەن و سەرکەوتوو نابێ لەوەی کە جارێکی تـر لـە ڕادیـۆی بـەغدا بچرێکێنێ، مامۆستا"عوسمان شارباژێڕی"لە کارەساتێکی سـەمـەرە، باسی ئـەم چوونـەوەی زیـرەک بۆ ڕادیـۆی بـەغداو پێشوازیکردنی ڕادیـۆ لە زیـرەک دەکـات، دەنووسـێ:"سـاڵی ١٩٦٦ کە هاتووەتەوە عێراق لە بەغدا چووەتە ئێستگەی کوردی"لیژنەی پشکنین"ی گۆرانی داوایان لێکردووە سەرلەنوێ داوا پێشکەش بکـا، وەکـو گۆرانیبێژ وەربگـیـرێ. پاش ئەوەی نزیکەی سەدان گۆرانی تۆمارکراوی هـەبـوو تـازە بـەتـازە. وەکـو"یـاری مـارو پـەیـژە"لـەسـەرەوە گـەیاندوویانەتەوە لای کلکی مارەکە. جا وەرە سـەری ڕەش لـەم بەزمەی پێیان کـردووە سپی نەبێ. بەڵێ "لـیـژنـەی پشکنین" بـڕیـاردەدەن. دەنگی باش نییە"عیز ساڵح"هیچی بۆ تۆمار ناکەن ئـەمـە چ یـاسـایـەکـە، هونەرمەندێک پاش ئەوەی هـەزاران گۆرانی هـەیە، لە باشترین گۆرانییەکانی ڕادیۆی کوردی بەغداو تاران و کرماشان و تـەورێـز و مەهاباد، تازە بەتازە لە بەغدا لیژنەی پشکنینی بۆ دادەنێن و پاش تاقیکردنەوە لیژنەی-ناموبارەک- بۆی دەنووسن"غیر صالح"!! ئەم غیر صالحەی ڕادیۆی بەغداو دەرگا داخستنی ڕادیۆی تاران بە فەرمانی سەرۆکی ڕادیۆی کوردی تاران و د. شێخ عابد سراجوددینی و "ئیتر پێویستمان بە زیرەک نییە"ی شوکرولڵای بابانی سـەرۆکی بـەرنـامـەی کـوردی، بۆ هـونـەرمـەندێکی وەکـو زیـرەک نـابـێ بە ڕێککەوتی تێبگەین.

**بەشی نۆیەم**

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان
د.ئازاد حەمە شەریف
ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
ژمارە ٧٩ - ١٥٢ - ٢٠١١/١/٢٢ی زایینی

# شیعر و چالاککردنی هەستەکان



سەباح ڕەنجدەر

سەیرکردن دەستپێکێکی پڕ بەهایە و یەکەم وروژان لەوێوە دەست پێدەکات. دەتوانم ڕۆژێ چەندان کاتژمێر بەرانبەر خاڵێک بوەستم و هەموو هەستەکانم بەکار بهێنم. بۆ ئەوەی بزانم ئەم خاڵە چۆن و بەسەر چیدا دەکرێتەوە. لە هەر ڕۆژێکدا چاوەڕوانی زۆری ڕووداو دەکەم بۆ زانین، بەڵام بۆ سەرناسین و بەمانا و دیمەندارکردنی ژیان لە ئاسۆ و دوورییەکانی شیعرەوە چاوەڕوانی ڕوودانی خەیاڵی خۆمم و سەرچاوەی سرووش و پەیامی بەهرەش لەبەرچاو دەگرم. هیچ ڕۆژێکیش لە بوونم تێ نەپەڕیوە بەبێ ئەوەی تێیدا بیر لە شیعر و چێژە مەستکەر و سرووشهێنەرەکانی نەکەمەوە و خەباتی گیانیی بۆ نەکەم. مەرجیش نییە نووسیبێتم.

دەشزانم هەندێک کپیی خود و گیانی مرۆڤ لە ئارادان تەنیا شیعر لە توانایدا دەبێت شتیان لەبارەوە بڵێت و پڕۆژەی جوانناسییان دامەزرێنێ، پاشان بۆنی ناتەواوی گەردوون بکات.

کاریگەری و خەسڵەتی ناساندنیان لە شیعرییەتدا خەست بکاتەوە بۆ زادەی توانا و گەشکردنەوەی بیرەوەری، لەهەمان هێڵدا تەقاندنەوەی خاڵی پێکهێنەری بیرەوەری لە ئاگاییەکی ڕووندا، یان گەوهەرێک لەو بۆشاییە هەڵداتە ئاسمان، کە لە خود و گیان پەیدا بووە، خود و گیانی داهێنەریش هەمیشە لە بۆشاییدا لەگەڵ ئاسۆیەکی گەورەتر لە ئاسۆی واقیع سۆسەیەتی.

ئەمە کێشەیەکی گرینگە لەمێژە مرۆڤی هەستیار پێوە خەریکە و گرژی هەستەکانی تێدا خاو دەکاتەوە.

پرسیارێک لەمێژە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی باڵندەناسەکان، ئایا بۆ هێزی باڵی باز بۆ بەرزبوونەوە لە هێزی باڵی قەتێ بەهێزترە، هێزی باڵی قەتێش بۆ نیشتنەوە لە هێزی باڵی باز بەهێزتر لەنگەر دەگرێ. بەرزبوونەوە و نیشتنەوەش دوو ئاراستەی سەرەکین بەهرە و بەرهەم لە ژیان وەردەگرن.

شیعری ڕاستەقینە جەستەیەکی تەواوە، خانەکانی جەستەی مرۆڤ چەندە پێوەندییان پێکەوە هەیە و وزەیان دەڕژێنە ناو یەکترییەوە، هونەرەکانی شیعر هێندەش زیاتر هەڵدەڕژێنە ناو یەکدی و شیعرییەت لە جەستەی دەقدا پێک دەهێنن.

لەمێژە ئەم بۆچوونە باوە دۆخێکی نەگۆڕی گرتووە و هەستەکان هەڵدەبزڕکێنێ.

دەگوترێت: شیعر دەربڕی گیانی سەردەمە. من خۆم لەم بۆچوونە جیا دەکەمەوە و ڕادەگەیەنم شیعر دەربڕی هێز و گیانی سەردەم نییە. چونکە پێکهێنەری هێز و گیانی سەردەم کۆیە و شیعریش هێز و گیانی تاکی جوانیبەخشە. بەشی زۆری هێز و گیانی کۆ توندوتیژی بەرهەم دەهێنێ و خۆی بە دەسەڵاتەوە گرێ داوە، هێز و گیانی جوانیبەخش هێز و گیانێکی گەرم و نیان و خۆ بەدوورگرە لە دەسەڵات و توند و تیژی. بۆیە ئەم دەربڕینە هەڵەبەرە و پێویستە گومانی بخرێتە سەر.

چرکە دەگمەنەکان بیرەوەری بەرهەم دەهێنن. شاعیر گەمە جیاکانی بیرەوەری و ئەدەب ئەزموون دەکات، بەو مانایەی شیعری فرە دەنگ و نوێبەخش تانوپۆی لەناو هەموو لکەکانی ئەدەب و نووسین دەچنێ و خۆی لە دیوی نهێنییان تاقی دەکاتەوە، پێتی باڵای لک و نهێنییەکانیش خەملان و چالاککردنی هەستەکانن، لەم بارەدا وەرگر وەک توخمێکی زاڵ و کارای نووسین ئیش لە کەش و کایەکان دەکات.

هەمیشە ویستوومە کارەکتەرێکی چالاک بم لەناو شیعردا نەک وەرگرێکی تەمبەڵ و گوێڕایەڵ، کە بەشێکی زۆری شیعری کوردی کەسی تەمبەڵ و گوێڕایەڵی بەرهەم هێناوە. چونکە ئیلهامی لە سروشتی تەمبەڵ وەرگرتووە و نەچووەتە ناو گەردوونی چالاک و پڕ کار و بە زەبر. ڕێکەوتم کردووە لە هەموو جووڵەکانی سەر زەمین ڕاماوم و شیعرم نەدۆزیوەتەوە، بەڵام بڵقێکی سەرئاو هێڵەکانی بیرکردنەوەی جووڵاندووم و دۆخێکی بۆ دروست کردم خولیاکانی نووسینی تێدا بەدی بهێنم، شیعر هیچ خاڵێک ڕاناگەیەنێ، بگرە خاڵ دەکاتەوە. تەنیا شیعرییەتیش یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی. دیمەنی بە شکۆ لە زەیندا دەخاتە پاڵ یەک و گیان ڕێک دەخاتەوە.

لە نسکۆ چۆک شکێنەکاندا شیعر گیانی تاکی هەستیار و جوانیویستی ڕێک خستووەتەوە و خستوویەتییەوە سەر هێڵی بووژانەوە و بڕوا پەیداکردنەوە.

هەرچەند جارێک ویستبێتم لەبارەی شیعرەوە بدوێم، پرسیاری هاوپەیوەست بە پڕشنگی جوانی تر ڕووبەڕووم دەبێتەوە و ترسێک دوانەکەم دوا دەخات. تەنیا دەقی فرە دەنگیش کە دەنگ و بەردەنگەکان تێیدا یەکتری وەردەگرنەوە و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن، لەسەردەمی خۆیدا بیر دەکاتەوە، لە پێوەندیی نێوان وێنە و ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی و کەسایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بەهرەش بۆ بەهێزکردنی سروشتی ژیان و بە گەڕخستنی دەبەخشێتەوە و پەرجووی خۆی دەخولقێنێ. کۆ دەنگ بوێر و جەربەزە ڕادەهێنێ و لە دیلییەتی ڕزگاری دەکات، بەهای دۆزینەوەش لەم ڕزگارکردنەدا دەبێتە بوونێکی بەرجەستە و جووڵەی لێوە پەیدا دەبن.

خاوەن دەقی فرە دەنگ گشتبینە و بینینی ئاسمانی و زەوی و خەونی بەڕێوەی دەبات، نەک هەر دەبێ تەنیا تەواوی دەنگ و بەردەنگەکان ئاشق بکات، بگرە دەبێت هێزی ئاشقبوون لە یەکە یەکەی دانە پەیڤەکانیش نیشان بدات، بۆئەوەی لە ئەفسوونی یەکە یەکەی ئەشقی دانە پەیڤەکان بگەین، پێویستە ئەفسوونی ئەشق و شیعر خۆی بناسین، کە ئەفسوونێکە سەرڕێژ لە ئەشق و درووود بۆ بینینی کورت و درێژ و دروستکردنی ڕووداو لە زمان و ماڵی خودا لەسەر زەمین. ئەو زەمینەی سروشتی هەموو پێویستییەکانی گەشەکردنی ژیانی تێدا ئامادەیە. هێزی نوێکردنەوەی جوانییەکانیش لەناخی شاعیری پەیوەست بە ئەفسوون و خەون بەهێز و چالاکە.

لەمیانی زمانەوە زیندوویەتی مرۆڤی سەرەتاکانی خەڵق و بوون دەدۆزمەوە و ئاشکرایان دەکەم، وەک کەسێکی ئێستایش قسەی خۆمیان لە هەناودا دەکەم بە فەرموودە و بۆ تا هەتایی لە هەستی چالاکیان جێی دەهێڵم. تێکەڵکردنی زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک بە شیعرەوە کارێکی پڕ بگرە و بەردەیە، چونکە توانایەکی زۆری دەوێ شیعرییەت بدەیت بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، تا ڕادەیەک هەوڵم داوە ئەو کارە بەجێ بهێنم.

شیعر مێژوویەکی دیاریکراوی نییە، لە دەرەوەی مێژوودا ڕێڕەوێک بۆ هاتوچۆکردنی شەق دەکات، وزەیەکی زۆری ڕێگایەکانی تریش بۆ گیانی خۆی ڕادەکێشێ. بە دەگمەنیش نەبێت، پێوەندی بە مێژووی نووسینەوە نامێنێت، بگرە هەڵگری کۆمەڵێک باری لە پێشینەیە. چرکەی تەقینەوەکە دەبێتە مێژووی نووسینی، چرکەی تەقینەوەش تەنیا ئاوازە و ئامادەکردنە و بەس، بگرە پێکهاتە و دروستبوونەکە کۆمەڵە بارەکەی پێشینەیە. ئەم کۆمەڵە بارە هەڵگری مانان و چرکەی تەقینەوەکەش فۆرم و هێڵی ڕەوتی بەردەوام دەدات بەو


مەولەوی شاعیر

مانایەی، کە کۆمەڵێک باری لە پێشینە تێیدا زاڵە.ماڵی شیعریش وەک سەرچاوەیەکی پاڵاوتن و ئاکاری باڵا بۆ دیمانەکانی داهێنەری جادووگەر لە زمان دەکات بە شوێنێکی شێوە بەهەشت و تاقانە بۆ چالاککردنی هەستەکان و شیعر و شیعرییەتی تێدا دەدۆزێتەوە، پاش پەروەردەکردنێکی کورت بۆ فەزایەکی نادیار هەڵیدەدا و بزری دەکاتەوە.

**نیسانی ٢٠٠٦ هەولێر**

# ئەفراندنەوەی جوانییەکان لە دووبارەکردنەوەیاندا

## ١

منداڵی خۆ بەناوەندکردنی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەرە. منداڵی پێوەندی بە سروشتەوە دەکات و پاکیزەیی دەدۆزێتەوە. منداڵی سرووشدەری شاعیرە و هەستکردن و هەستیاریی بەرز دەکاتەوە.

لە تەمەنی منداڵییەوە شێوە شاعیریەتییەکی نادیار، واتا بەهرەی خودابەخش و خۆڕسک وەک بەشێک لە چالاکی بیرکردنەوە و پێکهاتەی مرۆڤ لە شاعیردا دەردەکەوێت، بەڵام ڕێک دەکەوێت ئەم نادیارییە بۆ ماوەیەک دوا بکەوێ و لەکات و ساتێک کە چرپەکانی ناخ دەبنە دەنگ و هاواری نەرم دەربکەوێت و بنووسرێت. کۆشش و سووربوونی بەردەوام تین و تاو بە بەهرەی خودابەخش و خوڕسک دەدا.

زمان و مانای بەهێزیش شێوازی شیاو و کاریگەری خۆی دەخوڵقێنی و جوانی ڕۆشن دەکاتەوە، دووبارە گەوهەرەکان بۆ دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەی هەڵدەڕێژێتەوە.

شاعیری نوێبەخش گیانی بە دەوری هونەری بە کاربردنی هەزاران ساڵدا دەخولێتەوە، لەنێوان زەوی و ئاسماندا لە سۆراخکردنی نوێبەخشی و چوونە ناو گیانە چالاکەکان دیدگای توندوتۆڵ دەخەملێ. وزەی گەردوونی پاڵنەری ئەم خولانەوە و دیدگا خەملێنەیە. نوێبەخشی لەگەڵ مرۆڤ لەدایک بووە و ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگادا تەواو نابێت، مرۆڤخوازە و پڕە لە هیوا و هێز. کار لەناو ئەو شتە جوانانە دەکات، کە پێویستییەکانی ژیان بۆ مانەوە و کار لە ناوکردنەوە پاراستوویەتی.

## ٢

بەرانبەر کەرەستە خاوەکان ورد دەبمەوە، پێش ئەوەی بیانخەمە ناو شیعرەوە ئاگاداریان دەکەمەوە و جۆرە ئامادەبوونێکیان لێ دەرەخسێنم. ئەوجا بە گەمەکردن لەگەڵ هەستەکانی لەناو ڕستە و وێنەدا مامەڵەی بوون بە شیعریان لەگەڵدا دەکەم، هەموو بینینەکانی رادەکێشمە ناو بینینی خۆم. هەستی جوانبەخشیم لا بەهێز دەکات و پاشان پێی دەگەیەنێت.

شیعر لە بەرزایی ئاسمانەوە دانابەزێتە قووڵایی ژیان، بگرە لە قووڵایی ژیانەوە مانایەکی شیعری پەیدا دەکات و بەرز دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییە گیانییەکانی مرۆڤایەتی و بەدیهێنەری واقیعی نووسین و جوانیبەخشی. مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر بەرهەمی دەهێنێ. گیانە و گیانی، دۆنایدۆن بەردەوامی ژیان ویستییە، کە سۆز و خەون و ویستەکانی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر لە سەرەتاکانی بوونەوە تا بە ئێستا دەگات، دەگەنەوە ناو یەک و خورپە بە هێزەکانی لەناو یەکدا دەبن بە دەنگ و دەنگدانەوەی بەرپاکردنی ژیانخۆشی و باش بیرکردنەوە.

جوانییە لەبن نەهاتووەکانی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەربڕینیان لێ کراوە بە خستنە سەر و لێ زیادبوون لەناو بەرهەمی شاعیرە نوێبەخشەکان بە تاسە و تینی زیندووبوونەوە دەربڕینیان لێ دەکرێتەوە و دووبارە دەکرێنەوە.

ئەفراندن لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا پەیوەستە بە فرەیی کولتوور و پاراوی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارەکردنەوە جیاکارە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە لاساییکردنەوەیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارەکردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە دەدۆزرێتەوە.

دووبارەکردنەوە هەمیشە جوانیی شێوە نوێ دەڕژێنێتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی. لە ئەزموونی گۆران دا دووبارەکردنەوەی مەولەوی دەبیندرێت. وەک خەسڵەتی وەسف و لێک گرێدانی شوێن و مانەوە و جووڵە و بەدەنگهێنانی شوێن.

لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا دووبارەکەرەوە ڕوانینێکی تراژیدی لەبارەی ژیان لا پەیدا نابێت بۆ کارکردن، چونکە بە تەنیا چاوگەی جوانییەکان مشتومالّ دەکاتەوە و کاری بەرهەمهێنانەوەی کولتووری جوانی لەناو کولتووری جوانی بەجێ دەهێنێ، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەش هێزێکی دیکە دەبەخشێت، بەجۆرێک لەناخرا پێ دەگاتەوە و دەردەپەڕێتەوە، وا دەزانی ئەم وشەیە سەرسوڕمانێکی دیکە ئاشکرا دەکات و دەیهێنێتە بوون و پانتایی کارتێکردن. وشە لە شیعردا وزەی دەبیندرێت نەک قەوارە.

## ٣

لە سۆنگەی سەرسامیم بە گیانی پاکژ و پڕ بەهرەی شیعری کلاسیکی کوردی هەستێک لە ناخرا دەبێتە هاواری نەرم و چینەکانی خەیاڵم گەرم دادەهێنن، خوێن بۆ چالاکبوون دەپاڵێون، چونکە دەقەکانیان لەخودی بەهێزی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر ڕوانیویانەتە سروشت و ژیانیان ڕاکێشاوەتەوە ناخی قووڵبینی خۆیانەوە. پاش لێ وردبوونەوەیەکی بێ گەرد بەپاڵاوگەی تەواوی هەستەکانیان تێپەڕاندووە. ئەوجا گەڕاندوویانەتەوە خاڵی نووسین و بەرهەمهێنان.

هەندێک مۆتیڤی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو کاری مندا خرۆشی گیانی، یان ئاسۆی شێوە کاریگەرییەکی نا ئاشکرایان بۆ کردوومەتە خاڵی ڕسکان و لەشێوەی ڕوانینم جۆرە ئاڵوگۆڕییەکیان پەیدا کردووە.

شیعری پەیامدار بەجوانی و لەناخدا پێگەییو لەگەڵ هەستەکان پێوەندی بەتین و مانەوە دەبەستێت. ئەو پێوەندییە دەبێتە خاڵێکی بەهادار و لە هەناودا نیشتەجێ دەبێت.

دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جوانییە لەبن نەهاتووەکان نیشانەی ژیانخۆشی و باش بیرکردنەوەی تاکی چالاکە لەناو کۆمەڵگادا.

کارکردنی بەردەوام لە جوانییە هاوبەشەکان هەمیشە هەستەکانمان لەئاستی جیا جیا زیندوو دەکەنەوە. پێوەندیشی بەو مێژووە شاراوەیە هەیە، کە هەست بە گەرموگوڕی ڕادەهێنێ و تاوی دەدا بۆ پێکهاتن، کە دەکەوێتە ناو کەشی نووسین هەندێک وێنە لەپڕدا ڕوو دەدەن و یەک بەدوای یەکدا وەک شیر لە گوانی پڕدا دەڕژێن، تۆ لەم کاتەدا بیرت لێ نەکردووەتەوە، ڕەنگە ڕۆژانێکی لەمێژینە لە بیرتدا جووڵابن و نەتنووسیبن. لەم کەشدا سەر دەردێننەوە و دەبن بە بەشێک لە بیرکردنەوەی ئەمڕۆت. ئەمڕۆ، یان چرکەی نووسین تەنیا خستنە سەر کاغەزە، پێکهاتە نییە.

شیعری پەیامدار بەجوانی و لە ناخدا پێگەییو هەموو شتەکان بە یەکجار لەبەرچاو دەگرێ و لەناو شەپۆل و ترپە و ئاوازیدا ترووسکەی چاو و زایەڵەی ناخی شاعیر دەبیسترێ، کە ژیانپەروەری و جوانیویستی و دژە داپلۆسێنەر دەخاتە ناو پڕۆژەی خۆ شە و یستییە و ە ، خۆ شە و یستی کاکڵەی ناخ و بڕوا بنەڕەتییەکانی شاعیری نوێبەخشە،شیعری پەیامدار بەجوانی و لەناخدا پێگەییویش نوێنەری هەموو جوانییەکانی ڕووی زەوییە، بەبێ ئەوەی شاعیر تەواو لە ڕاستی و کرۆکی جوانی بگات، ئەو نوێنەرایەتییە وەردەگرێت. هەرکاتێک گیانە و گیانی لەگەڵ جوانی کرد و تەواو لە کرۆکی جوانی گەیشت و بوو بەیەک پارچە لە جوانی ئەوە بێ هیچ دوودڵییەک شیعر لای دەبێتە مەترسییەکی بکوژ و قەت ناوێرێ دەستی بۆ ببات. ئەوە هێزی تایبەتی شیعرە خەیاڵی ژیانێک لە مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر دروست دەکات هاوشێوەی بەهەشت. بەهەشتیش لە کتێبە کۆنەکان پێکهاتووە. لەم پێکهاتەیەدا کار بۆ ئەوە دەکەم لەنێوان بوون و شیعردا هێڵی جوانبەخشی بدۆزمەوە. بیکەم بە ناوەندی دامەزراندن و نوێبەخشی، خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدۆلۆژیاش پەراوێز بخەم، کە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی پێشە من، کەم کاریان لەناوەندی بوون کردووە، زۆرتر خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدۆلۆژیا هەڵی سووڕاندوون.

## ٤


تامەزرۆیی بۆ نووسین پڕۆژەیەکە بۆ چوونە ناو جوانییەکان و جوانبینی و جوانبەخشی، نوێبەخش خەیاڵێکی بەهێز و ناوازە لەخۆیدا پەروەردە دەکات و دەست بۆ شیعر دەبات، بەڵام کە چووە ناو تێڕامان و خەڵوەتەوە زیاتر بیروباوەڕ و خەیاڵی درەوشانەوەدا. تێڕامان و خەڵوەت مەستییەکی هەمیشەییە بۆ شاعیر. کە هەموو جوانییەکان بە یەکجار لەبەرچاو دەگرێت و لەناو خۆیدا ڕێکی دەخاتەوە، زمان چۆنیەتی ڕێکخستنەکە دەدرکێنێت، هەستەکان جێگۆڕکێ و پێوەندی بەیەکەوە دەکەن. شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتە بەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە، کە شیعرییەتی تێدا ئاشکرا دەکات. نەک لەو زمانەی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێوە دەبات، بۆ شیعر سەرکەوتن و دابەزین بە پەیژەی زماندا گرنگ نییە، بگرە نووسینەوەی نۆتەی زمان گرنگە.

زمان چارەنووس و بوونی شیعرە لە بنیادێکی کاریگەردا، گفتوگۆ لەگەڵ واقیعی تایبەت و خەون و هەستەکان دەکات، نەک لەگەڵ کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی گشتیش پێویستە بخرێتە ناو داهێنانەوە، بەوەی ئاسۆ و دوورییەکی جوانبەخشی و زمانی، لەگەڵ بوونە ئاساییەکەی بخوڵقێندرێت. لەم خوڵقاندنەدا ئەو جیاکارییانە دەردەکەون، کە لەنێوان دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەدا دەستی بۆ دەبردرێت.

**ئاداری ٢٠٠٧ هەولێر**



گۆرانی شاعیر



# نیکۆس کازانتزاکیس

## ١٨٨٣-١٩٥٧

# سڵاو لە نیکۆس کازانتزاکیس ئەو پیاوەی کە رۆژی بۆ یۆنان گەڕاندەوە



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**
a.abdulla@araspress.com

برای هێژام کاک حەمید ئەبوبکر ئاگاداریکردمەوە، کە لە یۆنان فێستیڤاڵیک بۆ نووسەری مەزنی یۆنانی نیکۆس کازانتزاکی سازدەکەن . بەداخەوە من خۆم نەمتوانی بەشداربم، چونکە سەفەرێکی ترم لەپێشە. بەڵام پێم خۆش بوو بەم چەند دێرە بەشداری ئەم یادە بکەم.

دیارە ماوەیەکی زۆرە وڵاتە دێرینەکەی یۆنان بۆتە وێردی سەرزاری رۆژنامەو تیڤییەکانی جیهان . هەواڵەکانی ئەم دواییەی ئەم وڵاتە دێرینە، هەمووی جێگای نیگەرانی و ناخۆشیمان بوو. کاتێک کە سەیری میدیای ئەڵمانیم دەکرد، چەندە ڕق ئەستوورو بریندارکەرانە، باسی کێشەی ئابووری یۆنانی دەکرد، زۆرجار هەستم بە نارەحەتی و بێتاقەتی زۆر دەکرد. ئەڵمانییەکان وەکوو ناسراون زۆر بێ ئەدەبانە سەیری گەلانی تر دەکەن، هەربۆیە بە کەسایەتی ئاراگۆنی ناسراون . لە گۆڤارو رۆژنامەکان بەتایبەت ( بیلد و شپیگیل، فۆکوس ) بەئاشکرا دەیاننووسی ( **یۆنان لە ئەورویا بکەنە دەرەوە،یۆنانییە نابوتەکان، بڕۆن دوورگەکانتان بفرۆشن، یۆنانییەکان پارەمان دەبەن**) . پێدەچێت یۆنانییەکان وەکوو ئەزمونی ئەم چەند ساڵە هەڵەی زۆریان کردبێت، بەڵام نووسینی ئەم جۆرە قسانە هەر لە میدیای ئەڵمانی و توورک دەوەشێتەوە. یۆنان تەنها وڵاتێکی ئاسایی نییە، بەڵکە مێژوو، هونەر، فەلسەفە، موزیک، تەواوی شارستانی مرۆڤایەتی، بەبێ یۆنان، کەلێنێکی گەورەی تێدەکەوێت. یۆنان هەتا ماوەیەکی زۆر قەڵای ڕووناکبیری، چرای فەلسەفەو، پایتەختی شارستانی جیهانی بوو. بەداگیرکردنی شارەمەزنەکەی قووستەنتینۆبڵ، هاتنی بەربەریە توورکەکان و داگیرکردنی کۆنترین و مەزنترین شارستانی جیهان، کۆتایی بە چەرخی زێڕینی یۆنان و جیهان هانی. ماوەیەکی زۆری پێچوو، تا لە وڵاتەکەی دایکی فەیلەسوفانەوە، هەر لە ئەکادیمیاکەی ئەسیناوە ( **سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، ڤیساگۆرس، پلاتۆن،سەدانی تر**) . هەر لەم وڵاتەوە، بیرمەندو ڕووناکبیرو رۆماننووسێکی مەزن لەدایک بێت. ئەویش ( نیکۆس کازانتزاکی. ١٨٨٣/١٩٥٧) . کازانتزاکی توانی، بەقەڵەمە مەزنەکەی، پەلی رۆژبگرێت، جارێکی تر تیشکی پڕشنگداری خۆی بەسەر ئەم وڵاتە دێرینەدا بڵاوبکاتەوە. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا یۆنان لە ژێر حوکمی چەتەگەری و بەربەریەتی توورکی ڕزگاری بێت. بەهاتنی ئەم قەومە، چرای ڕووناکی و بیروهونەری جوانی یۆنانی کوژایەوە. زۆری پێچوو هەتا بۆ جارێکی تر مۆمی شارستانی دابگیرسێتەوە. کازانتزاکیش ئەو مۆمە پڕشنگدارەبوو، کە جارێکی تر هەموو وڵاتی یۆنانی ڕووناک کردەوە.

دیارە قسەکردن لەسەر نیکۆس کازانتزاکی هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەو جگە لەوەی رۆماننووس و ئەدیبێکی بەتوانابووە، لەهەمانکاتیشدا لەبواری سیاسی و رۆحیشدا، رۆڵێکی ئێجگار مەزنی هەبووە. کازانتزاکی، کەسێکی فرە بەهرە بووە. کەسێک بووە لەناو دنیای جوانی و سروشتی بێ وێنەی یۆناندا گەورەبووە. بەشی هەرەزۆری بەرهەمەکانی وەرگێڕراون بۆ زۆربەی زمانانی جیهان. بەرهەمەکانی لە هۆلیود کراون بە فیلم، ئەکتەرە مەزنەکانی جیهان وەکو ( **ئەنتۆنی کوین**) رۆڵیان تێدابینیوە. جێگای ئاماژەیە فیلمی زۆربا سێ خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە.

### نیکۆس کازانتزاکیس لە بیرەوەری ژنەکەیدا

دیارە ئەوەی ئێمە لێی شارەزاین یان ئەو دیوەی کە نیکۆس کازانتزاکی پیشانی ئێمەی داوە، تەنها لەڕێگای بەرهەمەکانییەوە بووە. بەڵام ناخی یان رۆحی ڕاستەقینەی ئەم پیاوە، لای ئێمە شاراوە بووە. ئەم دیوەی ژیانی تەنها لای کەسە نزیکەکانی خۆی دەستمان دەکەوێت، کە ئەویش ژنە خۆشەویستەکەیەتی . لەم ماوەیەدا لای کاک حەمید کتێبێکی نایابم بەردەست کەوت، ئەویش بیرەوەری ئێلینی کازانتزاکی، ژنەکەی نیکۆس کازانتزاکییە. لەم کتێبەدا کە بەشێکی زۆری تەرخانکراوە بۆ ئەو نامانەی کە نیکۆس بۆ ژنەکەی ناردووە. هەر لەڕێگای ئەم نامانەوە، مرۆڤ دەتوانێت دیوە شاراوەو نادیارەکەی ئەم کەڵەنووسەرە بە دیاربخات. ئەم کتێبە هەروەکو خاتوو ئێلینی دەڵێت : ( **زۆرجار کازانتزاکی داوای لێکردووە کە پاش مردنی شتێکی لەسەر بنووسێت**) . جێگای ئاماژەیە ئەم خانمە دەستێکی باشی هەبووە لە بواری نووسینی بیبیۆگرافیدا. پێشتر کتێبێکی لەسەر رابەرو شۆڕشگێڕی مەزنی هیندی گاندی نووسیوە. ئەم خانمە خۆی کەسێکی رۆشنبیرو زۆر لە دنیای سیاسەت و ئەدەب و هونەر ئاگادار بووە. لەهەمانکاتیشدا، شارەزاییەکی باشیشی لە ناخی نیکۆسی مێردی هەبووە. لەم چەند دێرەدا هەوڵ دەدەم باس لەژیانی تایبەتی نیکۆس بکەم و بۆچوونی خۆشم دەربارەی هەندێک بۆچوونی هەڵەی ئەم کەڵە نووسەرە بخەمەڕوو. دیارە من هەمووکاتێک هیچ کەسایەتییەک بە پیرۆز دانانێم، بەڵکە پێش هەموو شتێک ئەوانە مرۆڤن، بەدڵنیاییشەوە مرۆڤیش دەبێت هەڵە بکات . هەربۆیە هیوادارم رەخنەکانم بە دڵێکی فراوان وەربگرن .

### بۆچی نیکۆس کازانتزاکی دەنووسێت؟

دیارە هەموومان دەزانین کاری نووسین و ژیانی نووسەران ئاسان نییە . بەڵکە لە زۆربەی کاتدا، بەتایبەت ئەو کاتی یۆنان، ژیانی نووسەران زۆر ناخۆش و زەحمەت بووە. وەلێ بۆچی نیکۆس دەستی بە نووسین کرد؟ . بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگ و پڕ بایەخە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای بیرەوەرییەکانی نووسەر خۆی . نیکۆس ساڵی ١٩٢١ لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە. ( **ئامانجم ئەوەیە، کە مانایەکی نوێتر (تازەتر) بدەم بە ژیان و هەوڵی شیکردنەوەی بدەم** !)

### نیکۆس کازانتزاکی و پرسی نەتەوایەتی

هیچ کاتێک ناتوانین نووسەر لە دەوروبەرەکەی دابڕین . هەموو نووسینێک، هەڵوێستێک، هەڵقووڵاوی ناخی میللەتەکەیەتی . کازانتزاکیش ئەندامێکی ئەکتیڤی کۆمەڵی یۆنانی بووە. لەگەڵ خۆشییەکانیان شایی کردووە، لەگەڵ ناخۆشی و کێشەکانیان، گریاوەو ئازاری چەشتووە. پرسی داگیرکردنی وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەری توورکییەوە، یەکێک بووە لە پرسەگرنگەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای یۆنانی . ئەویش وەکوو هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگاکەی، ڕێگای خەبات و رزگاریخوازی هەڵبژاردووە. ئەو هیچ گوێی نەداوەتەوە ترس و ڕاونان و ناخۆشی ژیان . ئەو تەنها پرسی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیی گەلەکەی ویستووە. لە رۆمانە مەزنەکەی ( ئازادی یان مەرگ) دا، زۆر بە جوانی وەسفی خەبات و شۆڕشگێڕی گەلی یۆنانی کردووە. کازانتزاکی لە ڕێگای ئەم رۆمانەیەوە، توانی چیرۆکی گەلێکی قارەمان، لەدژی پیسترین و درندەترین داگیرکەری جیهان، نەک بۆ یۆنانی بەڵکە بۆ هەموو جیهان باس بکات. کاتێک ئەم رۆمانەم خوێندەوە، لەگەڵ هەر سەرکەوتنێک خۆشی و سەرفرازی بە دڵمدا دەهات و حەزم دەکرد لەگەڵ (میخایلیس) شۆڕشگێر بوومایەو هاوخەباتی بوومایە. لەگەڵ هەر ناخۆشیەک و ڕووخانی شۆڕشەکە، تارمایی هەرەس و دڵەخوورپەی نائومێدی، جەستەم و هزرمی داگیردەکرد. کاری رۆماننووس تەنها ئەوەندە نییە، کە چیرۆک و حکایەتەکان بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە، بەڵکە رۆمان دەبێت وەکوو خرۆکە سوورەکانی ناو خوێن، بچێتە ناو مێشک و گیانی خوێنەرەوە. بەداخەوە هێشتا یۆنان لە دەستی چەتەگەری توورک ڕزگاری نەبوو، تا هێزێکی دڕندەترو وەحشیتر پەلاماری جەستەی ئەم وڵاتە مەزنەی دا. ئەڵمانیەکان وەکوو دۆستە توورکەکانیان، بە دڕندەترین و وەحشیترین شێوە پەلاماری ئەم وڵاتە مەزنەیان دا. سوتاندن و برسی بوون، ئاوارەیی، چیرۆکی رۆژانەی ئەم گەلە قارەمانە بوو. لەگەڵ هاتنی هێزی داگیرکەری ئەڵمانی، جارێکی تر چرای خەبات و تێکۆشان، چیاو دەریاو پێدەشتە بەرینەکانی یۆنانی ڕووناک کردەوە. خاتوو ئێلینا لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر بەجوانی وەسفی چەتەگەری ئەڵمانی کردووە، ئەو دەڵێت :

لەگەڵ هاتنی ئەڵمانییەکان برسێتییەکی گەورە وڵاتی داگیرکرد، زیاتر لە ٣٥٠ هەزار یۆنانی بوونە قووربانی. بەتایبەت کریت زۆری بەرکەوت، کێشەکەمان لەوەدا بوو کە قەبرستانەکەمان بچووک بوو، جێگای ئەو هەموو مەیتەی نەدەگرت . منداڵەکان هێندە لاوازبوون، بە گۆچان فرێدەدرانە ناو قەبرەکانەوە.،،،، کاتێک منداڵێک لەبەردەم بەندەری کریتدا، دەستی بۆ سندوقێکی پاشەڕۆ( زبڵ) برد بە دوای ناندا دەگەڕا، عەسکەرێکی ئەڵمانی لێی نزیک کەوتەوەو پاشان بە پۆستاڵەکەی بەر لەقەیداو خستییە ناو سندوقەکەوەو پاشان لەگەڵ سندوقەکە منداڵەکەی فلیقاندەوە.،، خۆم نەگرت و چوومە پێشی عەسکەرەکە پێم وت:


بۆچی ئەم هەموو دڵ ڕەقییە شێتانەیە؟ ئایا ئەوە منداڵی خۆت بووایە ئاوا هەڵسووکەوتت لەگەڵدا دەکرد. بە تووڕەییەوە وڵامی دامەوە: گەربەدەستی من بێت، هەموتان لەناودەبەم، ل



نیکۆس لە تەمەنی هەژدەساڵیدا - 1902

←

www.araspress.org


نیکۆس و ئیلینی هاوسەری

٣٧٣. )

**کریت و کازانتزاکی**

گەر چاوێک بە ڕۆمانەکانی کازانتزاکیدا بخشێنین، دەبینین گۆڕەپانی سەرەکی قەڵەمەکەی، دوورگەجوانەکەی کریت بووە. ڕۆمانە مەزنەکەی ( زۆربا، ئازادی یا مەرگ)، کریت شوێنی سەرەکیانە. زۆرباو میخایلیس، هەردووکیان کوڕی قارەمانی ئەم دوورگەیەن . کازانتزاکی لە ئاوێنەی کریتەوە، تەماشای شتە جوانەکانی جیهانی دەکرد . لە دەریا پاک و ساف و شینە جوانەکەی کریتەوە، دەیویست بەناو جیهانی پان وبەریندا مەلەبکات . زۆرجار هێندە کریتی خۆشویستووە، تەنانەت نەختێک توندڕەویشی تێداکردووە. بۆ نموونە لە یەکێک لەنامەکانیدا کە بۆ ئیلینای ژنی ناردووە، بەڕاشکاوانە دەڵێت :
( ئەوەی خودا بناسێت، دەزانێت ئێمە کریتین، نەک یۆنانی . من زۆر دڵخۆشم بە خوێنە ئەفریکییەکەم، زۆر چالاکانەش، کاردەکەم،ل١٥١)

**کۆمۆنیزم و سۆڤێت**

ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە هەمووکاتێک کازانتزاکی تۆمەتی کۆمۆنیزم بوونی پێدا سەپێنراوە. ( چونکە جاران لە ڕۆژئاوا کۆمۆنیزم تاوان بووە! ) . کۆمۆنیزم بووبووە پاسپۆرتێک بۆ کازانتزاکی . هەر لەبەرئەمەش زۆرجاران هەوڵی بچووککردنەوەو ناشرینکردنی بەرهەمەکانی دەدرا. وەلێ کازانتزاکی ئەو کۆمۆنیستە دڵڕەق و کەللەپوتە نەبوو، کە زۆرجار وەسفی پێدەکرا. ئەو دژی بیری کۆمۆنیستی ( مارکسی، ستالینیە) بوو. ئەو بیری کۆمۆنیستی قبووڵ بوو وەکو لایەنە هومانیستەکەی، ئەو دەیوویست لە پردی کۆمۆنیستیەوە، خۆی بگەیەنێتە هەست ونەستی هەژاران و جوتیارانی گەلەکەی . ئەو دەیویست لەرێگای کۆمۆنیستەوە، تەلارێکی جوانی ئەکرۆپۆلیس ئاسا بۆ هەژاران دروستبکات . هەر دەربارەی بیری کۆمۆنیستی، لەچەند نامەیەکیدا بۆ ژنەکەی، بەجوانی بیری خۆیمان بۆ دەردەخات .
(**دەربارەی مەسەلەی کۆمۆنیست کۆتاییم بە لێکۆڵینەوەکە هێنا. بەم شێوەیە ناوم لەم قۆناغە نا** ( **میتا کۆمۆنیزم**)، پاشان بڵاویدەکەمەوە، چونکە ئەمە هەنگاوێکی گەورەی ژیانم دەبێت و هەرلەبەر ئەوە دەبێت زۆر بەباشی وشەکان هەڵسەنگێنم . ئەمەش دابڕانێکی تەواوەتیە لەگەڵ کۆمۆنیزم، ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە نەک بۆ دواوە. بەدڵنیایەوە هاوڕێ کۆمۆنیستەکانم لێم زویردەبن، بەڵام ئەوانەی کە لێم ڕازین، جارێکی تر گومانی خراپیان لا دروست دەبێت، ل ١٥٠
بیر لەوە دەکەمەوە بگەڕێمەوە بۆ کریت، پاش سێ ساڵ دەمەوێت خۆم وەکوو کاندیدێکی کۆمۆنیستی بەخەڵکی بناسێنم . پێدەچێت بەم شێوەیە بتوانم لەگەڵ هەژاران و برسیەکان بەشێوەیەکی ئاسان قسان بکەم، ئەمەش ڕێگایەکی نوێیە بۆ ناساندنی ئایینەکەمان،ل ١٤٩ )
لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو جۆرە کۆمۆنیستیەکی دەخواست، کە زۆرجیاوازبێت لەو کۆمۆنیستەی کە باوە. ئەو هەموو کاتێک ڕۆحێکی سۆفیگەرایی ڕۆژهەڵاتی کاریگەری زۆری هەبووە بەسەریەوە. ئەو پێی وابوو مرۆڤ پێش ئەوەی ماددە بێت ڕۆحە.

**ڕەخنە لە سۆڤێت**


ڕووسیاو شۆڕش و سۆڤێتەکەی، پانتایەکی ئێجگار گەورەیان لە ژیانی کازانتزانکیدا داگیرکردووە. سەرەتا ڕووسیا خەونێکی خۆش بووە لای، ئاواتێکی گرنگ بووە، هەربۆیە یەکەمین سەردانی جێگایەکی گەورەی لە ژیان و هزرو نەستی کازانتزاکیدا داناوە. ئێمە هیچ کاتێک بۆچوونی ڕاستەقینەی ئەم پیاوە دەربارەی سۆڤێت و کۆمۆنیستمان نەزانیوە. بەڵام کاتێک نامەکانیم خوێندەوە، دەبینم کازانتزاکی نەک بە سۆڤێت ڕازی نەبووە، بەڵکە زۆرجاریش دژیان وەستاوەتەوە.
( **هەموو شۆڕشگێڕەکان بوونەتە کەسانێک کەلە خۆشگوزەرانیدا خۆیان جێگیرکردووە، بەشێوەیەکی ئێجگار خێراش بوونەتە کەسانی کۆنەپارێز، دەتوانم بڵێم هێدی هێدی دەبنە کۆنەپەریستیش، ل ٢٠٧** )
دیارە کازانتزاکی لەژیانیدا سێ جار بۆ سۆڤێت سەفەری کردووە. هەرجارەو جۆرە بۆچوونێکی لادروستبووە. هەرجارەو کونێکی شاراوەی ئەم قەڵا ئەفسووناویەی کۆمۆنیستی بینیوە. ئەو بەحوکمی ئەوەی موسافرێکی پاسیڤ نەبووە، بەڵکە هەمووکاتێک بەکامێرای خەیاڵی، خاڵە نێگەتیڤ و پۆزەتیفەکانی خەزنکردووەو پاشانیش هەڵوێستی خۆی پێ ڕاستکردۆتەوە.
( **پێویستە لەمۆسکۆ یان لە لینینگراد بژین، بێجگە لەو دووشارە، ئەوانی تری هەموو لادێیە،ل ١٧٩**)
لێرەدا ئەوهەموو پروپاگەندە درۆیانەی کە سۆڤێت بۆخۆی دەکرد، بەدەردەکەوێت . ئەو سیاسەتە نایەکسان و نادادپەروەرانەی، کە کۆمۆنیستە ڕووسەکان بەرامبەر بە گەل و نەتەوەو ناوچەکانی تر دەیانکرد، لەو جیاوازیە گەورەیەی لەنێوان مۆسکۆ و ناوچەکانی تر بەدەردەکەوێت .
بەڵام لەهەمووی گرنگتر هەڵوێستی ئەم کەڵە نووسەرەیە لەسەر دادگا شوومەکانی مۆسکۆ . ئەو دادگایانەی کەبە هەزاران شۆڕشگێڕو قارەمانی ڕووسی بوونەتە قووربانی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕژێمە دڕندەکەی ستالین . ئەو نەک ستالین بەڵکە هەموو سیستەمی دادوەری و یاسای ڕووسی دەخاتە ژێر پرسیارو ڕەخنەوە.
( **من لێرە ڕاوەستاوم کە زیاتر خۆم وەکوو دیلێکی جەنگ دەبینم . بەم زوانە دەستدەکرێت بە دادگاییکردنی بەلشەفیەکان، چونکە دادوەرەکان بڕیاریان داوە، هەروەک پێیان ڕاگەیاندین، دەیانەوێت من و غلینوس، لێدان بخۆین، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بترسێنن . ئەم دادگایانە کە دەلێیت دادگاکانی سەدەکانی ناوەراستە، هەروەک خۆیان دەڵێن، گرنگ و سەرسوورهێنەرە، ل ١٧٣**)

**سەفەر**

سەفەر بەشێکی گرنگی ژیانی کازانتزاکی بووە. ئەو نەیتوانیوە هیچ کاتێک بەبێ سەفەر بژی . هەتاوەکوو ئێستاش هیچ نووسەرێکم نەدیوە هێندەی کازانتزاکی حەزی بەسەفەرو گەڕان بووبێت . نووسەری ناوداری میسری نەجیب مەحفوز، بەهەموو تەمەنی، تەنها بۆ ماوەی هەفتەیەک سەردانی گوندەکەی لە فەیوم کردووە، پاش ئەوە هیچ کاتێک سەفەری نەکردووە٢. بە پێچەوانەوە کازانتزاکی بەشێکی زۆری تەمەنی لەسەفەردا بووە. ئەو لەهەرسێ کیشوەرەکە ( **ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریکا**) میوان بووە. سەردانی ( یەکێتی سۆڤێت، ئیتالیا، ئەڵمانیا، نەمسا، چیکۆسۆفاکیا، بەریتانیا، میسر، ئیسرائیل، ئوردون، پاشان بەکەشتی لە میسرەوە چووە بۆ ژاپۆن، وڵاتانی هیند و سینگاپوور، مالیزیا، چینی بینووە) . دیارە ئەو هەموو کونج و قووژبنێکی یەکێتی سۆڤێت گەڕاوە. لە مۆسکۆوە بەرەو سیبیریا. پاشان بۆ سنووری چین و لەوێوە بۆ ئاسیای ناوەراست شارەکانی ( **سەمەرقەند، تاشقەند، بوخارا**) ی دیوە. پاشان بە قەوقازدا گەڕاوەتەوە مۆسکۆ. دیارە زۆرجاریش ئەم جۆرە ژیانەی بۆتە جێگای ڕەخنە لای خەڵکی . لەیەکێک لەنامەکانیدا دەڵێت:
( **زۆرکەس بەهۆی جۆری تایبەتی ژیانمان کە زیاتر لە موسافیر دەچین، بە شێتمان دادەنێین. چونکە پارەمان نییە . بەڵام ئێمە دەتوانین زۆر شوێن و وڵاتی نوێ ببینین، ئەوەش جۆرە هەستێکی زۆر جوانمان دەداتێ . زۆرکەس تاوانبارم دەکەن، کە لە لایەنێکەوە پارەمان بۆ دێت، بەڵام ئەوانە هەموویان هەڵەن، تاکە لایەنێک کە پاڵمان پێوە دەنێت ئەویش** (**ڕۆحە**)**.ل٢٥٤**)


**ڕۆژهەڵات**

دیارە هیچ شوێنێکی جیهان هێندەی ڕۆژهەڵات کاریگەری ڕۆحی بەسەر کازانتزاکیەوە نەبووە. لای ئەو ڕۆژهەڵات قەڵای ڕۆح بووە. مەسیح و سۆفیگەرایی و مێژووی کۆنی شارستانی ڕۆژهەڵات، کاریگەری گەورەیان لەسەر ئەم کەڵە نووسەرە داناوە. هەربۆیە یەکێک لە ئاواتە گەورەکانی ئەوەبووە، کەبە چاوی خۆی وەکوو مەلێکی ئازاد بەناو بازارەکانی ئەسکەندەریەو









مزگەوتەکانی قاهیرەو کەنیسە دێرینەکانی قبتییەکان و قودس و بیت لحمی ئیسرائیل ببینێت. ئەو هەر لە دوورەوە بۆنی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، بەڵام پاشان سەفەرێکی باشی بۆ ئەم ناوە کرد. من هەتا نامەکانیم نەخوێندەوە، نەمزانی ڕۆژهەڵات هێندە خۆشەویست بووە لای . ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەمجار سەردانی میسر و پاشان ئیسرائیل دەکات .

( **ئەوە ڕۆژهەڵاتە کە خۆشمان دەوێت، کە پڕیەتی لە ڕووناکی و عەترو لمی نەوەی بێ کۆتایی، ئەو نەوانەی کە بێرەدا تێپەڕین، پاش ئەوەی کە دڵگرانی و خۆشەویستی خۆیان کرد و پاشانیش نەمان.**

**ئای لەم زەویە چەندە سەرسووڕهێنەرە، چەندە هەموو شتەکانی بەشێوەیەکی جوان ڕێکخراوە، هەتاوەکوو چێژ بە چاوو مێشکی ئێمە بدات ...ل١٥٦،١٥٥)**

**ئینگلاند و شارستانی ڕۆژئاوایی**

ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر ژیانی پاریس و ڕۆژئاوای بینیبوو. بەڵام لەو باوەڕەدام هیچ کاتێک هێندەی سەفەری بەریتانیا، ژیانی ڕۆژئاوایی ناخی نەهەژاندووە. ئەو کاتێک لە بەریتانیا دەبێت، کۆمەڵێک نامە بۆ ئیلینی دەنێرێت . لەو نامانەدا هەستی ڕاستەقینەی خۆی دەربارەی ڕۆژئاوا دەردەبڕێت .

( **ئینگلتەرا خۆشی لەدەستدا، ژیانیش دەڕوات و کەسیش ناتوانێت ڕێگربێت. ئامێرەکان سەرکەوتن، مرۆڤی ئەمرۆش بە هیوایەکی گەورەو گەشبینیەکی هەرزەکارانە، پێشوازی لە هێرشی مادده کرد . خۆشحاڵە بە کۆیلە ئاسنە نوێکانی . پێی وایە بەم شێوەیە دەتوانێت ئازادی دەستبکەوێت و ڕۆحیشی ئازاد بکات . بەڵام نەبەردی مرۆڤ لەوەدایە، کەهەمیشە لە جەنگێکی بەردەوامدایە، لەدژی ئەو یاسایانەی کەدژی مرۆڤایەتین و گۆڕینیان بەو یاسایانەی کە هەڵقووڵاوی دڵن،ل ٣٤٨**

**مانشستەر، شارێکی بێ تامە، پڕیەتی لە دووکەڵی خەڵوز، دەمووچاوی مۆن و گرژ، ماڵەکان دەڵێیت بنکەی سەربازین، ل ٣٤٦**

**لیڤەرپووڵ، شارێکی گەورەیە، بۆنی ناخۆشە و خەڵوزاویە، تەنها یەک دوو تابلۆم بینی، ئەویش هی وێنەکێشێکی ئیتالی بوو، ل٣٤٦**

کازانتزاکی زۆر دژی ئەو ژیانە ماددی و کەپیتالیستیەی ڕۆژئاوا بوو، ئەو پێی وابوو هەروەک چۆن لە سۆڤێت ڕۆح نەماوە، بەهەمان شێوەش ڕۆژئاواش ڕۆحی کۆچیکردووەو ئامێر جێگای گرتۆتەوە.

**دژواری و ناڕوونی لە ژیانی کازانتزاکی دا**

کازانتزاکی وەکوو هەموو ڕووناکبیرێک، کۆمەڵێک دژواری و ناکۆکی لەناو ژیان و دەروونیدا بووە. ئەم ناکۆکیانە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن خاتوو ئیلیناوە ئاشکرایکردوون . بە بڕوای من زاڵبوونی هزری ڕۆحی و مەسیحی، لەگەڵ بیری کۆمۆنیستی، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەم ناکۆکیە دەروونیەی کازانتزاکیدا. ئەو هەتاوەکوو کۆتایی ژیانی پێی وابووە، کە مرۆڤ پێش هەموو شتێک ڕۆحە پاشان ماددە. ئەمەش بیرێکی میتافیزکی بووە، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بیری ماتریالیستی مارکسیدا نایەتەوە. مەسیح لای ئەو هێمای ئیمان بووە، لینینیش هێمای کارکردن بووە.

خاتوو ئیلینای دەڵێت :

(**هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەم شێوەیە کازانتزاکیم بینی، هەر بەم شێوەیەش مایەوە. ئەو بەکۆمەڵێک دژوار،ناکۆکی (تناقض) خۆی شاردبۆوەوە. بەڵام بەبێ سازشکردن بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا . ئەو نەرم ڕەو بوو و توندڕەویش بوو، میوان دۆست بوو، تەنها پەرستیش بوو، زۆر بەشێوەیەکی بێ سنوور پارەی بە هونەرمەندەکان دەدا و زۆریش یارمەتی سەرکەوتنی دان، لەهەمان کاتیشدا دژی دەوڵەمەندەکان دەوەستایەوە، تۆمەتباری دەکردن کە یارمەتی هەژاران نادەن . ئەو گیانی سۆفیگەری قبووڵ بوو، چونکە نەیدەتوانی کاری مسیۆناری بکات، ل ٢٣** )

ئەو لەکاتێکدا خۆی ڕەخنەی لە یەکێتی سۆڤێت دەگرت و دژی سیاسەتەکانی بوو، بەڵام کاتێک کەسێک ڕەخنەی لە سۆڤێت بگرتایە ئەو دژی دەوەستایەوە. بۆ نموونە کاتێک نووسەرێکی فەرەنسی بەناوی ( بانایت ) وتارێک دژی سۆڤێت دەنووسێت، ئەو دژی ئەو نووسەرە دەوەستێتەوە وپێی وایە بە شێوەیەکی ئیستفزازی باسی ڕووسیا دەکات، هەر شتە ناشرینەکان دەبینێت و شتە باش و جوانەکان باس ناکات . بەڵام هەر ئەم برادەرە خۆشی، وتار لەسەر سۆڤێت دەنووسێت و بۆ ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیای دەنێرێت، چونکە هەروەک ژنەکەی دەڵێت ( پارەی باشیان دەدانێ !، ل ٢١١) . دیارە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بە چەپ و ڕاستەوە، لە دیدێکی شۆڤێنیانەوە سەیری سۆڤێت و ڕووسیایان دەکرد، هێشتا ڕۆژنامە ئەمریکیەکان لە چاو ئەماندا زۆر شەریفتربوون. شتێکی جوان نەبووە کە ئەو نووسەرە بەڕێزە، لە لاپەرە زەردو ڕیسواکانی ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیاوە،تەقە لە یەکێتی سۆڤێت و ڕووسیای مەزن بکات . چونکە هەر ئەو ڕۆژنامانە ئەمڕۆ قسەی سووک و چرووک بە گەلی یۆنانی مەزن دەڵێن ( **بە تەمەڵ و نابوت** ) وەسفیان دەکەن و پێشنیاری ئەوەشیان بۆ دەکەن کە

(**دوورگەکانیان بفرۆشن** !) .

ئالەوکاتەی کەئەو دژی ژیانی ڕۆژئاوایی و ماددیەت و ئامێرە، کەچی هەرخۆشی دژی ئەوژیانە سادەو ساکارەی ڕۆژهەڵاتە . بۆنموونە لەو نامەیەی کە باسی سەفەرەکەی میسر دەکات بەم شێوەیە قسە دەکات .

( **دوێنی لە سەحرا بووم، لەگەڵ هاتنی شەودا، من وکابرایەکی بەدەوی لەژێر دارخورمایەکدا خەیمەیەکمان هەڵدا و ئاگرمان کردەوەو چاییمان دروستکرد، پاشانیش نانمان خوارد، بەڵام ئەو شەوە هەستمکرد زۆر تووڕەبووم، زۆر ڕقم لەژیانی مرۆڤی خاکی و قەناعەتکەر ( متواضع) و قبووڵ کردنی ئەم چارەنووسە بوویەوە.،ل ١٥٦)**

**فاشیزم و بینینی مۆسۆلینی**

بۆ یەکەمجار کاتێک ئەو لاپەرەیەم خوێندەوە باوەڕم نەکرد، هەربۆیە جارێکی تریش چوومە سەر ئەو لاپەرەیە، دیسان جارێکی تریش ئەم دێرانەم خوێندەوە:

( لە ١٣ ئۆکتۆبەرەی ١٩٢٦، مۆسولینی پێشوازی لە کازانتزاکی کرد، ل١٤٢)

ئایا ئێوە باوەردەکەن، کەئەو پیاوەی ئەو هەموو کتێبە ئەستوورانەی دەربارەی شۆڕش و خەباتگێری نووسیبێت، ئامادەبێت بچێت، درندەترین و دڵرەقترین و سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤایەتی ببینێت ؟ ئەمە گەورەترین پارادۆکسە کە من لەژیانی ئەم نووسەرەدا بینیبێتم . نەک ئەوەش بەڵکە زۆر خۆشحاڵیش بووە بەم پێشوازیە، ئەوەتا خۆی دەنووسێت :

( **زۆر هەست بەشەرم دەکەم هێشتا هیچ شتێکم بۆ ئەم پێشوازیە ئامادەنەکردووە. چەند ڕستەیەکی کورت، بیری گەورە، هەستی مرۆڤایەتی گەورە،ل١٤٢**)

**بەڕاستی ئەمە شەرمەزاریەکی گەورەیە، ئالەوکاتەی کە نووسەرانی وەکو** ( **گرامشی و تۆلیاتی**) لە زیندان بن، هەرچی خەباتگێرو کۆمۆنیست هەیە، بۆتە نێچیر بۆ ڕاوی پۆلیسەکانی مۆسۆلینی، کەچی کازانتزاکی نە گوێ، نەهەست بە ئازاری هاوڕێیانی ناکات . دیارە هەر پاش چەند ساڵێکی تر، مۆسۆلینی لەگەڵ ئەڵمانیە بەربەریەکانی هاوڕێیدا، دوو قۆڵی پەلاماری یۆنانیان داو، کازانتزاکیش ناچار وڵاتی جێهێشت.

پاشان بەمەش ناوەستێت، پاش ئەم سەفەرەی کاتێک خاتوو ئیلینیا دەربارەی بۆچوونی لەسەر مۆسۆلینی ورژێمی فاشیزم لێی دەپرسێت . ئەو بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

**ئیلینا / چ سیمایەک دەربارەی فاشیزم هەست پێکرد ؟**

**کازانتزاکی** / لەزۆر شتدا لەگەڵ کۆمۆنیزم هاوبەشن.

**ئیلینا**/ چۆن دەبێت ئەوە؟

**کازانتزاکی** / هەردووکیان باوەڕیان بە نەمانی ئازادی تاک و باوەر بە داهاتووی باشتر هەیە .

**ئیلینا** / باشە ئەگەر مۆسۆلینی مرد، چی ڕوودەدات ؟

**کازانتزاکی** / پاش مردنی مۆسۆلینی فەوزایەکی گەورە دروست دەبێت، وە جەنگی ڕق و کینەی دروست دەبێت، ئەو کەسانەی کە بەدەست ئەم ڕژیمەوە چەوساونەتەوە، هەوڵی تۆڵە لەو خەڵکانە دەکەنەوە کە ئازاریان داون، پاشان جەنگ لەنێوان سەرکردە کۆنەکان و سەرکردە تازەکان دروست دەبێت . هەربۆیە بە بۆچوونی من مۆسۆلینی بۆ حاڵی حازر باشترین ئامێرە بۆ قۆناغی پاش کۆمۆنیزم،ل ١٤٦ ( لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە مۆسۆلینی باشترە بۆ ئەم قۆناغە نەک کۆمۆنیستەکان )

دیارە لەم دیالۆگەی نێوان ئیلینی وکازانتزاکیدا، بۆچوونی سەقەتی و سادەیی کازانتزاکی دەردەکەوێت . ئەو لەو باوەڕەدابووە، کە مۆسۆلینی بۆ ئەم قۆناغەی ئیتالیا باشترە، لەحالەتێکدا، ڕژێمێکی پۆلیسی، دوژمنی سەرسەختی چەپ و کۆمۆنیستەکانە، لەحالەتێکدا ئەم برادەرەمان خۆی بە چەپ دادەنێت!.

پاشان ئەو دێت، ڕژێمی فاشیزم، کەلەسەر بنەمای جەنگ و چەتەگەری بنیادنراوە، لەگەڵ کۆمۆنیزم خاڵی هاوبەشیان بۆ دەدۆزێتەوە. واتە لەیەکتریەوە نزیکن، چونکە گەر خاڵی هاوبەش هەبوو، واتە نزیکایەتیشیان دەبێت . ئیتر من نازانم ئەم برادەرە بۆچی بە کۆمۆنیست لەقەڵەم دراوە؟ لەحالەتێکدا ئەمە بۆچوونی بووە دەربارەی کۆمۆنیزم ؟

**هەڵوێستی دەربارەی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا**

لە شوێنێکی تردا کە هەڵوێستی خۆی دەربارەی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دەردەخات، کە زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەو هەڵوێستە ناشرینەم بینی .

لە نامەیەکدا بۆ ئیلینای ژنی دەنووسێت :

**ئیسپانیا لە مێشکمدا ناڕوات، زۆر تووشی ئازاریکردووم، هەروەک بڵێیت کائینێکی زیندووبێت، زۆر هەست بە ئازارو وێرانی و نەگبەتیەکانیان دەکەم، و هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی بێ لایەنانە بنووسم، دڵنیاشم هەردوو لا تووڕە دەبن، ل ٣١٩**)


ئەمە بۆ مێژوونوسێک زۆرئاسایە ئەمە هەڵوێستی بێت، بەڵام بۆ کەسێکی وەکو کازانتزاکی، کە خۆی بە شۆڕشگێر و نووسەری بەرەنگاری دەزانێت ئەم جۆرە هەڵوێستانە شەرمەزاریە. ئەو دەبوایە وەکو هەموو نووسەرانی تر، خۆی بخستایە بەرەی کۆماریەکان و دژی فاشیستەکان بوایایەتەوە. چونکە ئەم جەنگە، شەڕی نێوان مرۆڤایەتی و بەربەریەت بووە . تۆش لەم جەنگەدا ناتوانیت هەڵوێستی بێ لایەنیت هەبێت.فاشیستەکان دوژمنی هەموو مرۆڤایتین نەک هی کۆمۆنیست بەتەنها .


**کوردو کازانتزاکی**


هیچ نووسەرێکی جیهانی هێندەی کازانتزاکی لای گەلی کورد خۆشەویست نەبووە. هیچ نووسەرێکیش هێندەی ئەو، کتێبەکانی بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕاون. زۆرجار ئەم نووسەرەو بەرهەمەکانی، بە شەوقێکی زۆرەوە پێشوازیەکی بێ وێنەیان لێکراوە. لەگەڵ هەر کتێبێکی کە کرابێتە زمانی کوردی، یەکسەر خوێنەرانی کورد پێشوازی گەرمیان لێکردووە. هەر لەساڵانی هەشتاوە کتێبەکانی کازنتزاکی لەناو توێژی خوێندەواور و نووسەرانی کورد، جێگای بایەخ و قسەوباسی زۆربووە. دیارە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم پێشوازیە گەرمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی، بریتن لە ئەدەبی بەرەنگاری و چیرۆکی خەبات و شۆڕشگێری . ئێمەش بەحوکمی باری سیاسی گەلەکەمان، خۆمان لەناو جیهانی کازانتزاکیدا بینیوەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێکی زۆری کتێبەکانی ئەم نووسەرە کراون بەکوردی .

**یەکەمین بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، ڕۆمانی براکوژی کە بەڕێز عەبدولکەریم شێخانی کردوویەتی بە کوردی . پاشان ڕۆمانە مەزنەکەی** ( **ئازادی یا مەرگ**) **لەلایەن ڕووناکبیرو نووسەری گەورەمان بەهەشتی کەریم حوسامی کراوە بەکوردی. هەمان ڕۆمان دیسانەوە لەلایەن حەمە کەریم عارفەوە کراوە بە کوردی، پاشان چیرۆکنووسی بەتوانای گەلەکەمان بەڕێز ڕەئووف بێگەرد** ( **زۆربا**) **ی کردە کوردی . دیارە زۆربا پێشوازیەکی باشی لێکراو سێ جاری تر چاپکرایەوە.شاعیری گەنج و هەست ناسکی گەلەکەمان دلاوەرقەرەداغی هەرسێ ڕۆمانی** ( **فرانسیسکۆ قەدیسی من، ڕاپۆرت بۆ کریگۆری، مەسیح لە خاچ دەدەنەوە**) **کردوونە بەکوردی .** (**دوا وەسوەسەی کریست**) **لەلایەن بەڕێز کەریم دەشتی،** (**باخچەی بەردین**) **لەلایەن بەڕێز جەلیل کاکە وەیس کراوە بەکوردی .** (**سۆفیگەرێتی**) **لەلایەن بەڕێز ڕەئووف حەسەن کراوە بەکوردی.**

ئێمە وەکوو گەلی کورد، بەحکومی ئەوەی لەگەڵ گەلی یۆنان یەک دوژمن، وڵات و خاک و گەلەکەمانی داگیرکردووە، کەئەویش ( توورکە)، هەربۆیە ئاساییە هێندە تامەزرۆی



بەرهەمەكانی كازانتزاكی بین . ئەو چیرۆك و پاڵەوانانەی كە كازانتزاكی باسیكردوون، لای ئێمە نامۆنین، بەڵكە رۆژانە ئەو چیرۆكانەمان بەچاوی خۆمان بینیوە. هەربۆیە كاتێك كە رۆمانەكانی كازانتزاكی دەخوێنینەوە، زۆر هەستێكی رۆحی مەزنمان پێدەبەخشێت.

**هەڵوێستی خراپی كازانتزاكی بەرامبەر بە گەلی كورد**

ئا لەو كاتەی كە گەلی كورد بەم جۆرە پێشوازی گەرم لە كارو بەرهەمەكانی ئەم نووسەرە بەرێزە دەكات، كەچی بەداخەوە هەڵوێست و بۆچوونی ئەم رۆماننووسە زۆر دژی كوردە. من لەوباوەرەدانیم كە كازانتزاكی ئاگاداری رەوشی سیاسی گەلی كورد نەبووبێت . هیچ كاتێكیش قەناعەتەم بەوەنییە، كەئەم بەرێزە تەنها بۆ رازاندنەوەی رۆمانەكەی بە خراپ باسی كوردی كردبێت، یان ئەو تەنها باسی مێژووی كردووە.

لە رۆمانی زۆربا كە لە كوردستان زۆر بەگەرمی پێشوازی لێكرا و سێ جاریش چاپكرایەوە، لەم رۆمانەدا زۆر بەناشرینی باسی كورد دەكات.

( **تۆپخانەی كوردەكان شارەكەیان تۆپباران دەكرد، گەر كوردەكان بێنە ناوشارەوە، ئەوا هەموومان وەكوو ئێستر ناڵ دەكەن، هەربۆیە من شار بەجێدەهێڵم، زۆربا . ل ١٩٧** )

دیارە پێش هەمووشتێك گەر گەلی كورد تۆپخانەی هەبوایە، ئەوا خاوەنی دەوڵەتیش دەبوو. وەلێ ئەمرۆ بەچاوی خۆمان دەبینین كە نەك تۆپخانەمان نییە، بەڵكە چەندین ساڵە هەتاوەكو ئێستاش، گوندو شارەكوردیەكان لەهەرچوارپارچەكەدا، بەدەستی دوژمن تۆپباران دەكرێت وماڵوێران و سوتاندن و ئاوارەیمان بەنسیب دەبێت. پێدەچێت لەكاتی خەلافەتی عوسمانیدا، چەند سەرۆك جاشێكی كورد، بەشداری چەتەگەری و دزی و تالانی كردبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە گەلی كورد تۆمەتباربكرێت، چونكە ئێمە هێشتا وڵاتەكەمان بەدەستی داگیركەرەوە دەناڵێنێت و هێشتا رزگامان نەبووە. بۆ نموونە كاتێك لەرژێمی بەعسدا كۆمەڵێك كەسی فەلەستینی و لوبنانی و میسری، بەشداری دەزگاپۆلیس و ئەمنیەكانی بەعس بوون. لەهەمووشیان ناودارتر ( مولازم موحسینی ) فەلەستینی بوو، كە هەموو شاری سلێمانی خستبووە زەلالەتەوە. بەڵام ئایا دەكرێت ئەمرۆ نووسەرێكی كورد بێت، سەنگەر لەگەلی فەلەستینی بگرێت؟ لەكاتێكدا ئەم گەلە خۆی بەدەستی داگیركەرەوە دەناڵێنێت؟ لەلایەكی ترەوە ئەم برادەرە زۆر هەڵەی گەورەشی كردووە، ئەو لێرەدا باسی شاری قارس دەكات، كە چۆن كوردەكان یۆنانیەكانیان دەركردووە، ئەمەش هەڵەیەكی گەورەیە، چونكە لەم شارەدا جگە لە ئەرمەنی كە زۆریەنی دانیشتوان بوون، یۆنانی هەر تیانەبووە. جێگای ئاماژەیە نووسەرێكی توركیش بەناوی ئۆرهان پاموك، رۆمانێكی لەسەر ئەم شارە نووسیوە( بەفر)، كوردی وەكو ژنكوش و دواكەوتوو وەسفكردووە، هەر لەسەر ئەم رۆمانەشی خەڵاتی نۆبڵیان دایە . پارادۆكس لەوەدایە ئەم رۆمانەش لەناو كوردستاندا پێشوازی باشی لێكرا؟!

بەراستی ئەمەشەرمێكی گەورەیە بۆ كازانتزاكی كە دێت سەنگەر لەگەلی كورد دەگرێت، ئالەوكاتەی كەئەو رۆمانەكەی نووسیوە بگرە هەتاوەكو ئەمرۆش، كورد لەژێردەستی داگیركەرانیدا دەچەوسێتەوە. بەخوا زۆر شەرمیشە تۆ بێیت سەنگەری خۆت لەدژی گەلێكی بێ دەسەڵات بگریت. بەپێچەوانەی كوردەوە، ئەو هیچ كاتێك نەهاتووە بچووكترین رەخنە لە بەربەریەت و چەتەگەری ئەڵمانی بگرێت. لەحالەتێكدا ئەو بەچاوی خۆی ئەم چەتەگەریەی بینیوە، بەڵام هیچ هەڵوێستی نەبووە. نەك ئەوەش بەڵكە زۆر هۆگری كەسێكی وەكوو نیتچە بووە. لە حالەتێكدا هیتلەر بە منداڵی شەرعی نیتچە دادەنرێت. نەك ئەوە بەڵكە كازانتزاكی دواساتەكانی ژیانی لەئەلمانیا ژیاوە.

**كازانتزاكی لەروانگەی نووسەرانی جیهانەوە**

**ئەلبێرت كامۆ:**

كاتێك ساڵی ١٩٥٧ كازانتزاكی بە دەنگێك بەرامبەر ئەلبێرت كامۆ خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرت . پاشان كامۆ زۆر نیگەران بوو بەوەی كە لەبەرامبەر ئەودا دۆڕاوە. هەربۆیە پاش خەڵاتەكە وتی:

( **من پێم وایە كازانتزاكی زۆر لە من شایستەتربوو بۆ ئەوەی خەڵاتەكە وەربگرێت** )

**تۆماس مان:**

نووسەری ناوداری ئەڵمانی تۆماس مان، زۆر هۆگری نووسینەكانی كازانتزاكی بووە. ئەو پێی وابوو :

( **كازانتزاكی هەمان ئاستی شاعیرە كۆنەكانی ئەغریقی هەیە، واتە باپیرە گەورەكانی .** ) پاشان دەڵێت : "، **من لەو باوەرەدام كە رۆحی هۆمیرۆس لە ناخی كتێبەكانی كازانتزاكیدا هەیە، كتێبەكانی پڕن لە گیانێكی زیندوو مەزن، هەستێكی جوانیان تێدایە كە هەموو سروشت خاوێن دەكەنەوە** )

**روبیر كانتز- رۆژنامەی ئێكسپرێس:**

كازانتزاكی لەگەڵ مەسیح دەیویست بەرەنگای جیهان بێتەوە. لەگەڵ بوژا دەیویست لەجیهانی دەرەكی رزگاری بێت. لەگەڵ لینینیش دەیویست جیهان رزگار بكات .

**میشال دیون- گۆڤاری پاریس**

هێشتا خەریكی گەرانین بە دوای ئەو هۆكارانەی كەوای لەم پیاوەی، كە لە رۆژهەڵاتی دورەوە هاتووە، لە تەمەنی گەنجیدا رقی لە رۆژئاوابێت،كە زۆرشتی لێ چاوەروان دەكرا . پاشان بەرەو ئاسیا كۆچ بكات، جارێكی تر لەپاییزی تەمەنیدا بگەرێتەوە بۆ رۆژئاواو بۆئەوەی كارەكانی لێرە تەوابكات و لەپەنا ئەو فەرەنسیانەدا بمرێت، كە جاران رقی لێیان دەبوویەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی كە ئەو زۆر هۆگری نیتشە بوو، ئەوانیش رەخنەیان هەبوو.

**دوا وشە**


وا بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵێك دەچێت ئەم نووسەرە مەزنەی یۆنان و جیهان ماڵئاویی لێكردووین، بەڵام بۆ چركە ساتێكیش رۆحی بەجێی نەهێشتووین . ئەمرۆ كازانتزاكی لەرێگای رۆمانە مەزنەكانیەوە، جارێكی تر خۆی دەخاتەوە ناو ژیانمان، هەستمان دەبوژێنێتەوە، حەزی شۆرش و بەرەنگاریمان ئاوو دەدات و داری ئازادی لەناخماندا سەوز دەكات . كازانتزاكی هەتا لەژیاندا بوو، دەیوویست وەكوو میخالیس، رۆحێكی شۆڕشگێرانەی هەبێت بەرەنگاری دوژمنە سەرسەختەكانی یۆنانی مەزن بێتەوە. دەیویست رۆحێكی ژیان دۆستانەی وەكوو زۆربای هەبێت و لەگەڵ چیاو دەریاو ژنانی كریتدا سەما بكات . ئەو توانی لەرێگای رۆمانەكانیەوە، ئازارو مەینەتەكانی گەلەكەی بە جیهان بناسێنێت. توانی چیرۆكی شۆرشگێرە یۆنانیەكان، بە زیندوویەتی بهێڵێتەوەو بۆ نەوەی نوێ ئەم چیرۆكانە بگێرێتەوە. دیارە بەداخەوە هەتاوەكو ئەمرۆش ئەو دوژمنە سەرسەرختەی یۆنان، هەر چاوی تەماعكاری لە وڵاتە جوانەكەی یۆنانە. هێشتاوەكو بەشێكی زۆر خاكەكەی لەلایەن توركەوە داگیركراوە.


لەكۆتاییدا لەچیاكانی زاگرۆسەوە، لە قەندیلی خەباتكارەوە، هەزاران سڵاو بۆ رۆحی پاكی كازانتزاكی و شۆڕشگێرە قارەمانەكانی گەلی یۆنانی دەنێرین . ئەو دایكە قارەمانە دەكەین، كە قەڵەمێكی مەزنی وەكوو كازانتزاكی بەرهەم هانی .


**سڵاو لە نیكۆس كازانتزاكی**
**ئەو پیاوەی كە رۆژی بۆ یۆنان گەڕاندەوە.**


**سەرچاوەكان :**

١. ا.ل م ن ش ق . نیكوس كازنتزاكی . سیرة حیاة. بقلم : ایلینی كازنتزاكی . ترجمة : محمد علی الیوسفی . دارالاداب -. الطبعة الاولی . ١٩٩٤ . بیروت. لبنان . ص. ١٦
٢. سمیر عطا الله. لماذا لم یسافر. الشرق الاوسط. ٢٢,١٢,٢٠١٠
٣- نیكۆس كازانتزاكی، زۆربا، وەرگێرانی رەئوف بێگەرد، چاپی سێهەم . لە بڵاوكراوەكانی چاپ و پەخشی رێنما . سلێمانی . ٢٠٠٦. لاپەرە ١٩٧.



# كازانتزاكیس و یاخیبوون



د.ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی

لەجیاتی ئەوەی قەزای هێراكلیۆنی سەر بە دوورگەی كریتی یۆنانی شانازی بە لەدایكبوونی نیكۆس كازانتراكیس لەوێ لە"١٨٨٣ - ١٩٥٧"، بكاتهەر ناوی ئەو زاتە مەزنە بە: یاخی جیاواز و جوداخواز، كێشەپەیداكەر دەبەن، هەڵگەڕاو لە یاسای ئایینی، هتد.. لە ١٨ی شوباتی ١٨٨٣ گەشتی نیكۆس لەگەڵ نەخۆشی و ئێش و ئازار دەستی پێكرد ئەو هەر لە منداڵییەوە خەریكی خەبات بوو دژ بە دەسەڵاتی تورك و عوسمانللی، لە ئەنقەرە پێی دەگوترا:"گەورەترین و مەترسیدارترین مێشكی گریكی دژ بە تورك"بەڵام لە یۆنانستان وەكو پیاوێكی گومانلێكراو تەماشایان دەكرد، هەندێ كەس پێیان وابوو نیكۆس بەكرێگیراوی توركە!؟ كە ڕۆژنامەنووسی ڕاسترەوەكان سپرۆس دیۆنیجی لەساڵی ١٩٥٢ پرسیاری لە نیكۆس كرد:"بۆ ئەوەندە ڕەخنە لە نەتەوەی خۆت دەگری؟ ئایا ئەمە خزمەتی كێ دەكات؟ بۆ ڕەخنە لە وڵاتی خۆت دەگری؟ ئایا ئەمە پێی ناگوترێ ناپاكی بەرامبەر بە دەوڵەت؟!"

وەڵامی نیكۆس ئەمە بوو: گشت پرۆسەی ئەم وڵاتە سەقەتە، پرۆسەی ڕامیاری و ئیكۆنۆمی و ئایینی و فیكری پڕە لە درۆ و دەلەسە. ئەو شتانەی كە گرنگە بكرێ، كەس باسیان ناكات! تەنها لەكاتی هەڵپەڕكێی میللی و فۆلكۆری یۆنانی دەست دەكەینە ناو دەستی یەكتردا. ئەگینا لەكاتی دیكەدا دەست دەخەینە یەخەی یەكتر!! بەمن دەڵێن:"خەون بینەرم Dreamer"وەكو بڵێی ئەمە جوێندانە.

من لەسەردەمی عوسمانللییەكان خەونم دەبینی بە یۆنانێكی سەربەخۆ، بەڵام حەیفێ، ئەم خەونە بوو بە كابووس! لەساڵی ١٩٠٢ لە زانكۆی ئەسینا ئەو خەفەتەی، كە دراوە بە دڵمان بێ وێنەیە بەرامبەر بەو شتە كەمەی، كە دەسەڵاتی تورك بەرامبەرم كردی.

ئەو ڕێزەی، كە لە زانكۆی پاریس لەمنیان گرت، خۆزگا كەمێك لە یۆنان هەبوایە!

نیكۆس بە گریكی كۆن و گریكی مۆدێرن نووسینی هەیە، جگە لە زمانی فەرەنسی و زمانی بیانی دیكە، لەڕووی زمانەوە، نیكۆس بە"كێشەپەیداكەر" و سەرپێچیكەری تەواو دادەنرا، چونكە زمانی گریكی نوێ دوو شێوەی هەیە: شێوازی ئاخاوتن Demoti و شێوازی نووسین، ناكرێ زمانی ئاخاوتن بۆ نووسین بەكاربهێنرێ.

نیكۆس ئەمەی دەكرد، دەیگوت: شۆڕشی زمانەوانییە! بە دوژمنانی دەگوت: وێرانكردنی كەلتووری یۆنانە!

جوداكاری لەبواری كۆمەڵایەتی لە شەریعەتی یۆنان، یاسای كڵێسەی ئارتۆدۆكس بە حەرامی دەزانێ مێرد ژنی خۆی تەڵاق بدات، تەڵاقدان كوفرە، نیكۆس گوێی نەدایە ئەم یاسایە، لەوەش خراپتر، ژنی تازەی مارە كرد پاش تەڵاقدانی ژنی یەكەم، پیاوانی ئایینی زۆر خەفەتیان بەم ڕەفتارەی نیكۆس خوارد و بە"شێت و عەقڵ تێكچوو"وەسفی نیكۆسیان دەكرد، نیكۆسیش وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ:"كەستان وەكو من لە ئایین تێ نەگەیشتووە "نازناوی نیكۆس زۆر ناشیرین كراوە، لەبەر ئەوەی مێشكێكی فراوانی هەبووە، توانی كەلتووری جۆراوجۆر بخوێنێ و سوودیان لێ وەربگرێ، وەكو: كەلتووری فەرەنسی، میسری، فارسی، هیندوستانی، توركی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، ڕووسی، ئیسپانی، كەتالۆنی، چیكی، سلۆڤاكی، ژاپۆنی، چینی، ئینگلیزی و ... هتد


ئەمە وایكرد شیعر، ڕۆمان، فەلسەفەو بابەتی دیكە بنووسێ، ڕۆمانی"ژیاننامەو ڕووداونامەی ئالێكسی زۆربا(١٩٤٦)"بەناوبانگترین ڕۆمانی نیكۆس و نموونەی بەرچاوی مرۆڤی یاخیبوو دەستنیشان دەكات.

پانتیلێس پریڤیلاكس، پێی وایە، كەوا لەبەرئەوەی تەنها نووسینەكانی نیكۆس بە نرخ بوون و نووسەرانی دیكە زۆر لاواز بوون، ئەوا ئەم فاكتۆرە بوو بەهۆی. ڕق هەڵگرتن بەرامبەر نیكۆس، ئەویش كەمتەرخەمی نەكرد، شەركەرێكی بەتوانا پڕە لە ڕەخنە، دەیگوت: تەنازولكردن بۆ ئەدیبی ساختە واتا سووكایەتی بە هونەری ڕاستەقینە! قەت خۆم بە كەمتر نازانم لە نووسەران و پیاوی ئایینی و پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار، دەبێ مەمنوونم ببن، من كە ڕەخنەیان لێ دەگرم نرخیان بەرزدەكەمەوە! كێ دەیانناسێ ئەگەر ڕەخنەیان لێ نەگرم؟! ئێمە وەكو گەلی گریك لەپێناوی ئازادی شەهید دەبین، بەڵام ڕێگر دەبین بەرامبەر ئازادی بیروڕا، ئەمە دوالیزمی مرۆڤی گریكییە، لەبەرئەوە ناتوانم لەو ڕێگرتنە بەشدار بم .

گریكم خۆشدەوێ، بەڵام مرۆڤایەتیم خۆشتر دەوێ، "ڕاستیش"م، لە هەموویان خۆشتر دەوێ! لەبەرئەوە من بایەخی بۆ دادەنێم!

www.arsivakurdi.org

# کوردیش نیکۆس کازانتزاکیسی خۆشدەوێت



**ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل**

وتەیەک هەیە دەڵێ: ئەوەی نیکۆس کازانتزاکیس بناسێ خۆشی دەوێت. ئێمەش لە کوردستان هەرکە ناسیمان خۆشمان ویست. بەڵام درەنگ ناسیمان، لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بوو"الاخوە الاعداء"مان لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە پێگەیشت، لەوکاتەدا ئێمە لەناو بابەتی ئەو رۆمانەدا دەژیاین، تووشی شەڕێک هاتبووین لەگەڵ"براکانماندا"لەپێناوی ئازادیدا. لەوێوە شەیدای بیروڕا مرۆڤایەتییەکانی بووین. خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا، دوای ئەوەی کورد نیمچە ئازادییەکی بەدەستهێنا گەلێ لە رۆمانەکانی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدران، لەوانە:"زۆربا، مەسیح لەخاچ دەدرێتەوە، دەست هەڵگرتن لە ژیان"زهد Asceticism"براکوژی، باخچەی بەردین، دوا وەسوەسەی مەسیح" بەڵام هێشتا شانۆگەرییەکانی، سروودەکانی و وتارە فەلسەفییەکانی و زۆر بەرهەمی دیکەی بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون.

کاتێ داوام لێکرا، بەکورتی لەبارەی ئەم نووسەرە، ئەم بیرمەندە، ئەم فەیلەسوفە، ئەم نووسەرە گەورەیە بدوێم. دوو دڵ بووم و خۆم لەپێش چیایەکی بڵندی"کریتی"دا بینی، ئەو لەپۆپەیەو من لە نشێو، چیایەک هێشتا بەتەواوی نەدۆزراوەتەوەو ئاشکرا نەبووە چی بەردی پیرۆز و کانزای گرانبەهاو مجەوهەراتی تێدایە لەکام گۆشەوە دەست پێ بکەم، لەم ساتە کورتەدا چ بڵێم و نەتوانم خیانەتی لێ بکەم. هەروەکو خۆشی گوتوویەتی:"خەڵکانێک زۆرم لەبارەوە دەڵێن راست نین".

ئەم نووسەرە بلیمەتە وەکو هەموو نێردراوەکانی ئاسمان، چوون پەیامبەران و چاکسازانی دنیا، لە زەمانی خۆیدا، تا لەژیاندا بوو بەباشی لێی تێنەگەیشتن، جێگای شیاوی خۆیان پێ نەدا، هەروەکو پەیامبەران و نێردراوانی خودا لە وڵات و جێگەی خۆیدا تا لەژیاندا بوون غەریب بوو، ئازاری رۆحیان دا. بەڵام ئێستا نەک تەنها لە وڵاتەکەی خۆی، لە هەموو دنیا، لە رۆژئاواو رۆژهەڵات بە ملیۆنان کەس شەیدای بیروباوەڕی مرۆڤانەی ئەون، رۆژ لەدوای رۆژیش خوێنەرو هەوادارانی بیروڕاکانی لە زیادبووندایە، ئەو هی سەردەمێک نییە، ئەو لەهەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە، ئەو بەتەنها هی یۆنان نییە، هی هەموو گەلانە لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

کازانتزاکیس، وەکو"پیاوە چاکسازەکانی دنیا"هەمیشە ئاستەنگ و تەگەرەی خراوەتە بەردەم، سەیر لەوەدایە ئەو کۆسپ و تەگەرانە لە وڵاتەکەی خۆی و هاونیشتیمانەکەی خۆیەوە ئەنجامدراون. بە رادەیەک خەڵکیان لێ هانداوە، وەرگێڕانە فەرەنسییەکانیان بە ناتەواو زانیوە، وەکو خۆی گوتوویەتی:"هەموویان بۆ لەناوبردنم کۆبوونەتەوە" یان دەڵێ:"هەموو هەوڵێکم بۆ خزمەتی زمان و رۆحی نوێی یۆنانە، ئەمە پیشەی چل ساڵمە پاداشتەکەشم چەوساندنەوەیە!". کەم بوون ئەوانەی لە یۆناندا پشتیان گرت، زۆربوون ئەوانەی درک و چقڵیان لەڕێگایدا چاند و خەڵکیان لێ هاندەدا. تۆ بڕوانە بە پێچەوانەی دەرەوەی یۆنان زۆربوون ئەوانەی هاوسۆزی خۆیانیان بۆ دەردەبڕی و دالدەیان دەدا، بەرهەمەکانیان بۆ بڵاودەکردەوە. تا"ئەلبێر کامۆ"نامەی بۆ دەنێرێ و ئامادەیی خۆی نیشان دەدا، تا خۆی تەرخان بکات و بەڕێوەبەری شانۆیەک بدۆزێتەوەو شانۆگەری"میلیسا"ی تێدا نمایش بکرێت!.

کاتێکیش بەرهەمە بەناوبانگەکەی"قەبتان بخالیس"بڵاودەکاتەوە، لە یۆناندا بە کابرایەکی خائین دایدەنێن، دژ بە دین، دژ بە ئەخلاق دایدەنێن. بەڵام وەڵامی ئەو بۆ ئەوان ئەوەبوو، کە دەڵێ:"من خزمەتی زمان و رۆحی نەمری یۆنان دەکەم" بە کەنیسەی ئەرزە زوکسی یۆنانیشی راگەیاند:"باوکەکان. نەفرەت لەمن دەکەن، بەڵام من موبارەکتان دەکەم. هیوادارم ویژدانتان وەکو ویژدانی من پاک بوایە، رەوشتانیش وەکو من بە رەوشت بوایەن، ئەوەندەی منیش بڕواتان بە ئایین هەبوایە" ئەم تەحەمولەی ئازارە رەوشتی پەیامبەران نییە؟ ئەم پیاوە وەکو حەزرەتی مەسیح بەرگەی ئازاری گرت، ئێمە دەبێ لە کازانتزاکیسەوە فێری سەبرو خۆ راگرتن و ئازار چەشتن و جوانی پەرستی ببین. ئاوا ئازاریان دەدا، کەچی لە خۆشەویستی یۆنان نەکەوت، بۆ هەرلایەک بڕیشتایە مشتێ خاکی یۆنانی لەگەڵ خۆی دەبرد، لەهەر کوێیەک بوایە خەمی یۆنانی بەکۆڵدا دەدا. بەرهەمەکانی دەری دەخەن چەند وڵاتەکەی خۆش ویستووە، لەگەڵ رستەکانیدا یۆنانت لەبەرچاو جوان دەبێت، بۆنی دارکاژەکانمان بە لووتدا دەدا، جوانی ئافرەتەکانی، تامی میوەی، شیرینی هەنجیری، کپ و هەڵچوونی دەریاکانی وات لێدەکات لەگەڵ خۆیدا یۆنانت خۆش بوێ. دەگمەن نامەی هەیە تێیدا یۆنان و دانیشتوانەکەی لەیاد کردبێت. ئەم پیاوە نیشتیمانپەروەر بووە، لەوەوە فێردەبین چۆن نیشتیمانی خۆمان خۆش بوێت. هەمیشە دەیگوت:"یۆنانم لەناخی خۆمدا هەڵگرتووە". لە نامەیەکدا بۆ"بوریی کنوس" دەڵێ:"گەلی یۆنان کە لە چیاکان و دوورگەکاندا دەژی خاوەن خەسڵەتی بەرزو مرۆڤایەتی قووڵن". کاتێ"ماکس تۆ" ئیلحاحی لێ دەکات رەگەزنامەی نەرویجی بۆ بەدەست بێنێ، زۆر بە شەهامەتەوە رەفزی دەکاتەوەو رازی نابێ دەست لە یۆنان هەڵگرێ..

ئاشکرایە کازانتزاکیس یەکێکە لە داهێنەرە گەورەکانی دنیا. ئەو دەیویست مانایەکی نوێ بۆ ژیان بدۆزێتەوە. هەموو دەربڕین و نووسینەکانی لەپێناوی ئەوەدابوو. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش سێ ڕێگای تاقیکردۆتەوە: ڕێبازی حەزرەتی مەسیح، ڕێبازی قدیس پۆلیس، ڕێباز و ڕێگای هونەر و فەلسەفە، یانی ڕێگای"تۆلستۆی، نیتشە" ئەمەی دوایی پەیڕەو کردووە.. هەستێکی میتافیزیقی قووڵی هەبووە، نە تەعمیمی سادەو سان لەبواری سەلماندن و نەفیدا رازی نەبووە.

ئەو وەکو سۆفییەکی گەورەی خاوەن ڕێباز دەدوێ و هەڵسوکەوتی کردووە. هەر لە سۆفییە گەورەکانی ئیسلام دەچێ. بڕوانە:"پاکی، ئێرەیی نەبردن، بوونە خاوەنی کەمترین پێویستییەکانی ژیان، لێ خۆشبوون لە خراپەکاران، لێبوردەیی، خۆشی و لەززەت و چێژ وەرگرتن لە زەوی و خاک و ئاسمان و دەریا لە بەرخۆڵەو مانگا، لە نانی ئەسمەرو زەیتون، ڕێگا نەدان بەوەی خۆشگوزەرانی ڕێگات لێ ون کات، ئەگەر منداڵێک لەوپەڕی دنیا برسی بوو تۆ بەرپرسیاری لێی.."ئەم قدیسە، ئەم سۆفییە ئاوا بیردەکاتەوە..

ململانێی نێوان رۆح و جەستە لە بەرهەمەکانیدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەڵام لەکۆتایی ژیانیدا ئەو دوژمنایەتی و ناکۆکییەی نێوان رۆح و جەستە نامێنێ، "رۆح و جەستە"لەلای دەبنە دوو هاوڕێ هەریەکەیان دەتوانێ هێزی سەرەکی خۆی لەوی تردا بچێنێ..

کازانتزاکیس، چووەتە ناو قووڵایی مێژووی کۆن و ئەفسانەو داستانەکانەوە، لەوێوە کەسایەتی و رەمزی ئەو سەردەمانەی وەرگرتووە، وەکو یولیسیس، هیلینا، نیسافور فوکاس و لەڕێگای ئەوانەوە فەلسەفەو دنیا بینی خۆی دەخاتەڕوو، هەروەک ئەو کەسایەتییانە زیندووبن و لەو سەردەمەی ئەودا دەژین.. لەلایەکی ترەوە هۆشیاریمان دەکات و وریامان دەکاتەوە، کەوا هەموو بەرەو کارەساتێک دەڕۆین و پێویستمان بە یەکێکە رزگارمان بکات، بۆیە پەنای دەبردە بەر قارەمانانی مێژووی کۆن و ئەفسانەکان..

ئەم بلیمەتە، کاتێ باسی جوانی دارێک، میوەیەک، کچێکی جوان دەکات وادەزانی، باسی دارێک و میوەیەک کچێکی وڵاتەکەی تۆ دەکات، کە کارەساتێکت بۆ دەگێڕێتەوە، وا دەزانی باسی ئازارەکانی تۆ دەکات، لێرەدا روخسەتم بدەن شتێکیان لەم رووەوە بۆ بگێڕمەوە:"کازانتزاکی منداڵ دەبێ، باوکی دەستی دەگرێ و دەیبا بۆ ئەو شوێن و جێگایەی، کە تورکەکان کریتییەکانیان لێ کوشتووە، کریتییەک بە دارێکەوە هەڵواسراوە، باوکی پێی دەڵێ: برۆ پێی ماچ بکە، کازانتزاکیسیش بە ترس و لەرزەوە دەڕوا پای ماچ دەکات..".

لەساڵی١٩٣٨ز دا لەشاری دەرسیم، تورکەکان



قەتڵوعامی کوردەکانی ئەو دەڤەرە دەکەن. خانووەکان بەسەر خێزانەکان دەڕوخێنن، لە یەکێ لەو خانووانەدا پێیەک بەدەرەوە دەبێ، بە ڕێکەوت منداڵێکی ئەو خێزانە لەکاتی رووخاندنی خانووەکاندا لەوێ نابێ، کە دەگەڕێتەوە پێی دایکی دەناسێ و هیچی پێ ناکرێ لەوەی زیاتر پێی دایکی ماچ بکات.. کازانتزاکی بەتەنها هی یۆنان کریت نییە، کازانتزاکی هی هەموو مرۆڤایەتییە، هی هەموومانە... ئەوەتا هەروەک ئازارەکانی ئێمەی دەربڕیبێ وایە.

کازانتزاکیس، خاوەنی نەفسێکی بەرز بووە، هەمیشە گەشبین بووەو بڕوای بە بێ ئومێدی نەبووە. لە شانۆگەری"کریستوف کولومبی"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە"ئەگەر مرۆڤ بزانێ چی دەوێ ئەوا بێگومان بەدەستی دێنێ، بەڵکو دەتوانێ لە هیچەوە پەیدای بکات"، پیاوێک بوو ماندووبوونی نەزانیوە، بەڵام رۆحێکی بێ ئارام و قەلەقی هەبووە.. لە ئیسپانیا پارەی پێ نەماوە، دەستی لەکەس پان نەکردۆتەوە، لەسەر بەرهەمەکانی خۆی ژیاوە، کە لە ئەوروپا بڵاودەبوونەوە. لە چینەوە پارەو یارمەتیان بۆ ناردووە گەڕاندوویەتییەوە.. تۆ تەماشای رەوشتی ئەم پیاوە گەورەیە بکەن"بۆ خەڵاتی نۆبڵ هەڵی دەبژێرن، ئەو داوا دەکات شاعیری گەورەی یۆنانی "سیکلیا نوس"یش لەگەڵ خۆیدا هەڵبژێرن، ئەو بلیمەتە دەیویست ئایینێکی نوێ دامەزرێنێ، دایمەزراند، بەڵام ئاشکرای نەکرد..

ئەوەی کازانتزاکیس لە نووسەرانی رۆژئاوایی جیا دەکاتەوە ئەوەیە. کازانتزاکی لە رۆحی رۆژهەڵات و رۆژئاوا گەیشتبوو، ئەو گەشتانەی بۆ رۆژهەڵات لەخۆڕا نەبوو، هەروەکو دەڵێ:"هەر لە منداڵییەوە تینووی سەرکێشی و خۆکوژی بووم، تینووی دڵۆپێک لە ژەهری کوشندەی رۆژهەڵات بووم، بۆیە خۆشم دەوێن"مەبەستی رۆژهەڵاتییەکانە"چونکی لە ئێمە جیاوازن.. لێرەدا بە فرسەتی دەزانم، لەو رۆژەوە"زۆربا"م خوێندۆتەوە گرێیەک لە دڵمدایە، یۆنانییەکم نەبینی ئەو گرێیەی لەلا بکەمەوە. وا ئێستا فرسەتە تکا دەکەم بەدڵفراوانی خۆتانەوە لێم قەبووڵ بکەن..

من لە نەتەوەیەکم"کورد"ی پێدەڵێن، وڵاتەکەم کوردستانە. هەر پارچەیەکی بەدەستی وڵاتێکەوەیە، ئومێد دەکەین رۆژێک ببینە خاوەنی دەوڵەتێک و کیانی خۆمان هەبێ. لێرەدا لەبەردەم رۆحی کازانتزاکیسدا دەوەستم و دەڵێم: گەورەم ئەو کۆچبەرە یۆنانییانەی لەناو بەڵشەفیکەکانەوە دەگەڕانەوە یۆنان، گەر کەسانێکی کورد لەناو بەڵشەفیکەکاندا مورتەزەقە بووبێتن و یۆنانییەکانیان کوشتبێ، ئەوانە بۆ بەرژەوەندی کورد شەڕیان نەکردووە. هەروەکو چۆن ئەو کوردانەی لەناو جەندرمەی تورکدا بوون و خوێنی ئەرمەنەکانیان رشت، کورد پێی نەوتوون ئەرمەنی بکوژن. کورد وەک نەتەوە لە خوێنی یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکان بێ گوناهن.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گەورە بەچوار قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: ١٩٠٦–١٩١٨ز هەروەکو"ئیلین"ی خێزانی ئەم قۆناغەی بە دۆزینەوەی ڕێگای ناوەوە، کە بیرۆکە فەلسەفییەکانی لە شانۆگەری و وتارەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

قۆناغی دووەم: ١٩١٨ – ١٩٢٤، لەم قۆناغەدا بیری فەلسەفی گەشەی کردووە، کارێکی فەلسەفی کورتی نووسی بە"الندوە" کە دوای مردنی بەچاپ گەیەنراوە، لەم قۆناغەیدا بیروبۆچوونی فەلسەفی گەشەی کردووەو دەری بڕیوە بەتایبەتی لە کتێبی"ئەزموونە رۆحییەکان".

قۆناغی سێیەم: ١٩٢٤ – ١٩٤٢، بە بیرۆکەی پێشکەوتن شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە، قۆناغێکە پڕ لە سەفەرو تەنهایی، کە زۆر پێویستی پێی بوو بۆ نووسینی"ئۆدیسەکەی". ئەم دابڕانەی لە خەڵکی تازە نەبوو لە ژیانیدا، دوورەپەرێزی و تەنیایی رەگەزێکی سروشتی بوو بەلای ئەوەوە، لەم تەنیاییەیدا هەوڵی دەدا دوورکەوێتەوە لە شتی پڕوپووچی رۆژانە وەکو پەیامبەرانی چاخە کۆنەکان دەیڕوانییە ئافرەت. هەرچەندە کازانتزاکی هەوڵی دوورکەوتنەوەی دەدا لە ئافرەت، بەڵام بەجارێ غەریزەی جنسی پێشتگوێ نەخستبوو، لەدوای نووسینی"ئۆدیسە" کەوتە قۆناغی چوارەمەوەو کۆمەڵێ رۆمانی نووسی، لە رۆمانەکانی لە شێوازی نووسیندا دوور دەکەوێتەوە لە کەسایەتی فەلسەفی، کە لە بەرهەمەکانی قۆناغەکانی تردا گرنگی پێدابوو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە رۆمانەکانیدا ئەو بیرۆکە فەلسەفیانە پشتگوێ خستبێ. بابەتەکانی پێشوو هەر دووبارە بوونەتەوە لە رۆمانەکانیدا، جەستەو رۆح، مرۆڤ بەرامبەر بە خودا، بەڵام رەگەزی فەلسەفی بوونە لاوەکی زیاتر گرنگی بە رەگەزی هۆتەری دەدا.

لەکۆتاییدا دەڵێم کازانتزاکیسی راستی کردووە، کە گوتوویەتی:"ئەوەی پێی بخاتە سەر ئەم دوورگەیەی کریت هەست بە هێزێکی نهێنی دەکات، بەگەرمی بە دەمارەکانیدا دەگەڕێ و هەست دەکات رۆحی دەگەشێتەوەو هەربۆیە ئێمەش هەموومان کە هاتووینەتە ئێرە هەست بە کامەرانی و خۆشی و گەشانەوەی رۆحمان دەکەین".

# کە یۆنانییەکان شەرابی کوردستانیان خواردەوە



**خالید جوتیار**

وڵاتی یۆنان لە بەرایی ژیانی مرۆڤایەتیدا شوێنێکی دیار و درەوشاوەی هەیە، وڵاتی کێشەی وجودو عەدەم، دەرەنجامێکی فەلسەفی بەهاداری شیرازەکردۆتەوە لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی هەبوونی مرۆڤایەتی بگونجێ و لە هەمان کاتیشدا تووشی رامانی بکات، مێژووی بەرایی مرۆڤایەتی رابردوویەکی سادە و ساکار نییە وەک هەندێ وای بۆ دەچن، بە تایبەتی کێشەکانی خود و سروشت، ئەوانە سەرەتایەکی قورسن و لە تا ڕێچکەیەکی روون لەبەردەم ژیان بکەنەوە، هەموو پرسیارە مەزنەکان سەرەتا دەستیان پێ کرد، بۆیە لە هەموو سەردەمەکانی دواتریش هەمان پرسیار بە وەڵامێکی تر رووبەڕووی مرۆڤ بووەوە، ژیانیش هەمیشە لەسەر کێشەکان بەڕێوەدەچێ، مێژووی ژیاری یۆنان مێژووی بەرەوپێش چوونی چێژە یان دیدگای فانتازیایە لە بینینەکاندا ئەو سەرەتایە مرۆڤی بەرە و ئاسوودە برد، کاتێک بە هێمنی بیردەکاتەوە، مەبەستەکان شیرازە دەکات و مەودایەک بۆ جوانی بەرجەستە دەکات، کە لە بنەڕەتدا سەوداسەرییە بۆ بە ئامانج گەیشتن.

دیارە ژیان لە وڵاتی خەیاڵ و خەونەکان ئاسۆی بیرکردنەوە بەهاتر دەکات، ئەوکاتە مرۆڤ لە جوانییەکان نزیکتر دەبێتەوە ئەولای پەیکەرەکانی خەیاڵ دەبینێ و هەنگاو بەرە و شادمانییەکی زۆر دەبات،یۆنان بەو بارە تۆپۆگرافی و ئەفسانەییەی خواوەندەکانی لە مێژوودا نەمرتربوون، وڵاتی فرە خواوەند رووبەری بیرکردنەوە واڵاتر دەکات، چونکە مرۆڤ لە پێشدا نەیتوانیوە هەموو رەگەزەکانی بوونی خۆی لە خواوەندێک بدۆزێتەوە. بۆیە یۆنان بە زیۆس و پرۆمسیۆس و ئەفرۆدۆت بەرەنگاری ئەو ژیانە سەختە بکاتەوە، تاوای لێ هات خوای جوانی سەر زەمینی یۆنان و وڵاتانی رۆژهەڵات بگرێتەوە، یۆنانییەکان بەر لەوەی بە لەشکر بێنە کوردستان، بیر و جوانی و رووناکیان ناردبوو، واتا پێشتر پەیوەندییەکی مەعریفی هەبووە، ئەگەر ئایینی زەردەشت پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت لە ئاگرپەرستیدا، ئەوا بەر لەو ئایینە، ئاگر لە خواوەند دزراو کەوتە دەست مرۆڤ، ئەو ئاگرە لە هەمان کاتیشدا رووناکییە یان زانستە ئەو مۆتیفەی ئاگر لە میتۆلۆژیای کوردی بە ئاشکرا دەبینرێ، لە ئەفسانەی فریندا تیداروس و ریڤالدی فڕین یان دەربازبوون لە پیسی ژیانی سەر زەمین، بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان، گەیشتن بە خواوەندەکان دەبێتە نموونەی زیندووی حەزی مرۆڤ، کە دوایی لە ئەفسانەی گەلانی رۆژهەڵات بە ناوی جیاجیا بە دیار کەوت و کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە، کە لە ئەفسانەکانیدا باسی فڕین دەکات، بەو رۆشنبیرییە چڕ و هەستیارەدا یۆنانییەکان لە وڵاتی کورد بۆ دوو مەبەستی جیا بەدیارکەوتن، جارێکیان لە شکستیان جاری دووەمیش لە شاڵاوێکی ژیرانەی دیراسەکراودا. ئەسکەندەری مەکدۆنی- توانی تەرازووی هێز لە رۆژهەڵات بگۆڕێ، لەگەڵ هاتنیان کولتووری یۆنانی، ماوەیەک لە کوردستان هاوزەمان لەگەڵ کولتووری کورد مایەوە، ئەو ماوەیە لە مێژوودا بەسەر دەمێکی رووناک دەناسرێ.

لە رووی مێژووییدا:.

یۆنانییەکان بەو بارە رۆشنبیریی و فەلسەفیەی هەیانبوو پێویستیان بە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕ بوو، بۆیە بەر لە سوپا و لە شکرو داگیرکردنی وڵاتان هزری فەلسەفیان گەیشتە ئەو نەتەوانەی عەوداڵی بیرکردنەوە بوون، "سۆمەرییەکان" پەندێکی جوانیان هەیە، دەڵێن: دەچی وڵاتی خەڵک داگیر بکەی، کە دێیتەوە وڵاتی خۆت داگیر کراوە"، کەچی لەڕووی واقیع بینەوە زۆربەی ئەو پەل هاوێشتن و سنوور فراوانکردنە، حەزی سەرکردەو دەسەڵات و بەرژەوەندی و دنیا دەبینێتەوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی بەر دەستمان هەوەڵین جار یۆنانییەکان لە سەردەمی گەزنەفون-کە سەرکردایەتی ١٠ هەزار سواری کرد، کە لە شەڕێکدا فارسەکان شکستیان هێنابوو لە نزیک- کوناکسا- واتا فەلوجەی ئێستا، بەر لەوەی بگەنە رووباری- یۆنان- هاتنە ناو سنووری کوردستان، کە ئەوکات پێیان دەگوتن- کاردۆخییەکان- ئەو سەرکردە هەندێ شوێنی جوان و کێشەی لەشکرەکەی باس دەکات لە کسیتی- ئاناباسیس- واتا- رووە و ناوەوە- گەزنەفون- داریوشی بە نموونەی هەرە باڵا دەزانی تارادەی پەرستن، بۆیە پشتگیری کرد.

گەزنەفون- کوڕی- چریلوس- سەرکردەی بە ناوبانگ و مێژوونووس لە هەوادارانی سوکرات بوو، لە خێزانێکی ئەروستوکراتی ئەسینا، چووە پاڵ کورشی بچووک، کە هێرشی بردە سەر ئەردەشێری کوڕی داریوش، کەلەشەڕدا کوژرا، یۆنانییەکان بە ناچاری کشانەوە، ئەو مێژووە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە سەرەتایەکی درەوشاوەیە، کە ناومان لە پێش زایین تۆمارکراوە و هەرلێرە ژیاوین. کۆرش بای ئەوە هەبوو زەینەفون مەدحی بکات. کورش برا بچووکی- ئەرتەکسەرکیس، شاهنشای فارس بوو بەوەناسرابوو کە هۆگری چەکدارە یۆنانییەکان بە تایبەتی –هۆپلیتەکان- پیادەی زرێپۆشی، کە ئەوە سیستەمێکی یۆنانی تازە بوو لە شەڕدا، بۆیە ئەو کشانەوەی ١٠ هەزار سواری یۆنانی بەگەورەترین رێپێوانی سەربازی دەناسرێ لە جیهاندا.

هەر ئەو لەشکرە شکست خواردووە و تووشی جەنگی قورسی رووبەڕوونەبۆتەوە. لە ناو کاردۆخییەکاندا چونکە لەلایەک یۆنانییەکان دەیانویست بەسەلامەتی بگەڕێنەوە، لەلای تریش کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان بوون و هەوڵیان داوە خۆ لە شەڕ دوور بگرن.

کە ١٠ هەزار سوارەکە بێ سەر لەشکر مانەوە- گەزنەفون دەکەوێتە بارێکی دەروونی وروژاو لەگەڵ خواوەند پەیماندەدات ئەوکات باسی حاڵەتە دەرونییەکانی دەکات، چۆن ئەو لەشکرە بەکەمترین زیان بباتەوە یۆنان، ئەو کات خەونی دیبوو بروسک لە ماڵی باوکی داوە، بۆیە دوودڵی دایگرت، کەچی سەرکردەکانی تر هەموو بڕیاریاندا بیکەنە سەرلەشکر نەزری لەخۆی گرت قوربانی بۆ خواوەند بکات ئەگەر سەرکەوتنی بە دەست هێنا، هێزی قسەکردنی زۆر کاریگەربوو، زوو سەربازەکانی باوەڕ پێ دەهێنا، بۆیە بڕیاریدا- عارەبانەو رەشماڵ و تفاقی زیادە هەموو بسوتێنێ و تەنها ئەو کەل و پەلانە بمێنن کە لەشەڕدا سوودبەخشن، بۆیە پێی گوتن ئەوەی دەیەوێ خۆشەویستەکەی جارێکی تر ببینێتەوە دەبێ ئازاو نەبەرد بێ، لە وڵاتی کاردۆخیان- زینەفون- کۆمەڵی یادگاری تاڵ و شیرین دەگێڕێتەوە، کە لەشکرەکەیان چەند بە دەردەسەری رزگاریان بووە، بە تایبەت لە ناوچە شاخاوییە عاسێکاندا، کە لەشکر لە گوندێک نزیک دەبووەوە هەموو بەرە و لوتکەی شاخەکان دەڕۆیشتن و ماڵەکانیان بەجێ دەهێشت ئەوجا تاشەبەردی گەورەیان بەسەردا غلۆر دەکردنەوە. زینەفون- دەڵێ لاماندا گوندێکی گەورە لە دۆڵێکی عاسێ خەڵکەکە چۆلیان کردبوو، برسیمان بوو، دیتمان چەندان کوپی گەورەی پڕ شەراب سەریان سواغ دراوە، سەری کوپەکانمان هەڵدایەوە شەرابی کاردۆخییەکانمان نۆشی، ئەو دێیە بۆ ئێمە جێگای هەڵوەستەکردنە، کە کاردۆخییەکان نەک لە شارەکان بگرە لە گوندەکانیش شەرابیان دروست کردووە و جڤاتی خۆشی و بە چێژیان سازکردووە، کەواتە شەراب خۆرە کاردۆخییەکان وڵات داگیرکەر نەبوون، بەڵکو حەزێکی بژێوی بوونی ژیانی ئاسودەیی خۆیان بوون تا لەشکر رەتبێت. لە دیمەنی دووەمی گوندێکی تردا گەزنەفۆن- دەڵێ- رێمان کەوتە گوندێک و نەمانزانی چۆن دەرباز بین و بە چ رێگایەک بڕۆین- لەڕێی وەرگێڕەکەمان داوامان لە پیاوێک کرد، کە رێگامان نیشان بدات، بەڵام کابرا رازی نەبوو، ئێمەش کوشتمان، کەسێکی ترمان بانگ کرد ئەو رێگایەی پێشان داین گوتمان بۆچی کابرای یەکەم رازی نەبوو گوتی: ناهەقی نەبوو، چونکە ماڵی کچەکەی لەو گوندەیە، کە لەشکری ئێوە بەوێدا دەڕوات نەوەک کچەکەی بکوژن.

لە رووداوێکی تریشدا- گەزنەفون- کێخوای گوندێکی گرت کویەیکی بەڕەهن برد تارێگایان نیشان بدات، وابوو باوکە رایکردو -ئەمفیولیس- کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە یۆنان.

رووداوی مێژوویی دووەم- شەڕی- ئەربێلا- یە یان شەڕی گۆگمێللا، نزیک قەڵای هەولێر، کە دیارە ئەوکات لە -نەینەوا- بە ناوبانگ و باڵا دەست تربوو، قەڵای هەولێر لە سەردەمی سۆمەرییەکان ناوی هاتووە و پەرستگای خواوەندەکان بووە، بۆیە ناویان ناوە- ئوربیللیۆ، ئەسکەندەر-٣٥٦-٣٢٣-پ.ز- لە ناوەڕاستی ساڵی ٣٣١پ ز، لە روباری دیجلە پەڕییەوە و بەرەو هەولێر هاتەوە، بەدرێژایی لێواری رووبارەکە هات و لە گوندی- گوگمیلا- لەگەڵ سوپای فارس رووبەڕووبوونەوە- ئەسکەندەر- بەپلانی شەڕو بە خوێندنەوەی دەروونی سوپای فارس و دانانی چەند گروپێک بۆ زانیاری پەیداکردن لەسەر لەشکری فارس چەند رۆژێک چاوەڕێی بوو، کە لەرووی ژمارەوە سوپای فارس زۆر زیاتر بوون لە سوپای ئەسکەندەر- بلوتارکی مێژوونووس دەڵێ، لە راوەدونانی لەشکری شاری هەولێر – ماوەیەک لە شکری یۆنان، بازرگانی یۆنان لە ناوچەکە بڵاوبوونەوە، دراوی یۆنانی بەکارهات، ئێستاش لە کوردستاندا شوێنەوار و ناوی سەرکردەکانی یۆنان ماون، لە هەندێ شوێنی کوردستان دراوی یۆنانی دۆزرایەوە،کە وێنەی ئەسکەندەری لەسەرە، پەیکەری هەندێ لە خواوەند دۆزرانەوە، دیارە یۆنانییەکان ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ماونەتەوە، هەر بۆ نموونە پردێک لە بەینی شاری کۆیە و رانیە هەیە پێی دەڵێن پردی هیزۆپ گوایە ئەوە ناوی سەرکردەیەکی یۆنانییە تا ئێستا چەندجار شوێنەواری یۆنانی لێ دۆزراوەتەوە.

کەواتە یۆنانییەکان نەک لە کوردستاندا رەت بوون بگرە چەندان ساڵ دەسەڵاتیشیان هەبووە.

یۆنانییەکان بە پێچەوانەی نەتەوەکانی تر، ئەگەرچی لە دووجاری زۆر گرنگ لە خاکی کورد جەنگاون، بەڵام هەردوو جارەکە بۆشەڕی کورد و داگیرکردنی وڵاتی کاردۆخی نەهاتوون، بە لکو لە وڵاتی کورد شەڕی نەتەوەکانی تریان کردووە، بۆیە یۆنانییەکان لای کورد خۆشەویستن هەمیشە لە رەگە میتۆلۆژییەکاندا دەگەینەوە یەک- هەر دۆزینەوەی پەیکەری خوای جوانی ئەفرۆدۆت لە نزیک شاری هەولێر نیشانەی موژدەی خۆشنودییە بۆیە، ئێستاش لە کوردەواری کەسێک چ کوڕ چ کچ ئەگەر زۆر جوان و زەریف بێ دەڵێن دەڵێی پەیکەری یۆنانییە.

**سەرچاوەکانی:.**
**١- د. جمال رشيد، ظهور الكرد فى التأريخ- الجزء الاول.**
**٢- گەشتەکەی زینەفون- ریکسی وارنەر- و. محەمەد مەسعود محەمەد**
**٣- گۆڤاری هەولێر- شەڕی ئەربێلا- سەلام ناوخۆش**

**تێبینی: ئەم بابەتە بۆ جاری دووەم بڵاودەکرێتەوە پێشتر لە ژمارە (١٢٣)ی ٢٠٠٩/٨/٨ لە ل ٢٣ هەفتانەی بەدرخان بڵاو کراوەتەوە**



# لەتەک"نیکۆس کازانتزاکیس و ژیان و بەرهەم"

**"من لەهەوڵی ئەوەدام خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم، چونکە دەزانم خودا نە لەئاسمانەو نە لەژێر زەویدایە. بەڵکو خودا لە وجودی مرۆڤدایە." گاندی**

**مەحموود نەجمەدین**

نیکۆس کازانتزاکیس لەساڵی ١٨٨٣ لە کریت لە دایکبووە، لەساڵی ١٩٥٧ مردووە، ژیانی کازانتزاکیس کەوتە نێو جەنگە گەورەکانەوە، هەردوو جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەمی بینی، کۆلیژی یاسای لە زانکۆی ئەسینا تەواوکردووە. لەپاش تەواوکردنی کۆلێژ دەچێتە پاریس و لەلای برگسۆن دەخوێنێ و پاشان دەگەڕێتەوە یۆیان.
کازانتزاکی لەژیاندا سەفەری زۆری کردووەو سوودی لەو سەفەرانە بینیوە. بەهۆی سەفەری چینەوە ڕۆمانی باخچەی بەردینی نووسی کە گەشتێکە بەناو ڕۆحی بوودا دا، سەفەری ئینگلتراو روسیاو میسرو ژاپۆن و ئیسپانیا و فەڕەنساو..هتد کردووە، لەگەڵ گاندی سەرکردەی مەزن و ڕۆحی هند ، لەڕێگای نامە گۆڕینەوەدا پەیوەندی هەبووە
ماوەیەکیش تێکەڵ بە سیاسەت بووە، لەوماوەیەدا کراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای پارتی سۆشیالیست. پاشان بووە بە وەزیری ڕووناکبیری لە حکومەتی ئەوکاتەی یۆنان، بەڵام هەرزوو لە پۆست و دەسەڵات ئەکشێتەوەو دەچێتە نێو دنیای نووسین و فەلسەفەو ئەدەبیات، لەتەمەنی لاویدا ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم لەمێشکیدابوو، بۆیە دەسەڵاتی ئەوکاتەی یۆنان چاودێرییان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینەکانیدا پابەندی هیچ ئایدۆلۆژیایەک نەبوو. زیاتر گرنگی بە مرۆڤدۆستی و ئازادی و عەشق و یەکسانی دەدا. ئەو لینین و مەسیحی وەک یەک دەبینی، هەردووکیانی وەک پەیامهێنەری دادپەروەری و یەکسانی دەبینی، وەک خۆی دەڵێ: ئەوانەی کاریگەریی قووڵیان لەسەرم دروستکردووە. لینین، بووزا، نیچە، هۆمیرۆس، برگسۆن، زۆربا.
لە فەلسەفەی نیکۆس کازانتزاکیسدا دژە نێوان"تناقض"ێک دەبینرێ، کە بیری ئاڵۆزکردووە. هەر ئەو دژایەتییە وایکردووە، کە رووخسارێکی وجودییانەی هەبێ.
لەساڵی ١٩٠٩ بەهۆی باسێکەوە سەبارەت بە نیچە و سەبارەت بە فەلسەفەکەی دەبێت بە دکتۆری زانکۆ، لەسەر ئەم باسە زانکۆی ئەسینا بڕوانامەی دکتۆرای پێ دەبەخشن، نیکۆس کازانتزاکیس لەساڵی ١٩٥١ "دوایین وەسوەسەی کریست" چاپدەکات. بەهۆی ئەم ڕۆمانەوە هەردوو کڵێسای ڕۆمانی کاسۆلیک و یۆنانی ئەرتۆزۆکس دژایەتی دەکەن، ڕۆمانەکە قەدەغە دەکەن، لەساڵی ١٩٥٧ کات دەمرێ و تەرمەکەی دەهێننەوە بۆ یۆنان و هیچ کڵێسایەک نایگرێتە خۆی.
کازانتزاکیس جگە لە ڕۆمان شیعر، شانۆنامەو وتار و سەفەرنامەو ئەدەبیاتی نامەو کتێبی منداڵان و سیناریۆی نووسیوە. لەگەڵ ئەمانەشدا وەرگێڕێکی باش بووە.
لەژیانیدا سێ قەسیدەی نووسیوە، ئۆدێسە کە"٣٣٣٣٣"دێڕە شیعرە، دوانزەساڵ سەرقاڵی نووسینی بووە، شەش جاری نووسیوەتەوە. ئەم دەقە شیعرییە باسی سەرچڵییەکانی ئۆلیس دەکات، مرۆڤی هاوچەرخ کە هەوڵ بۆ ژیانێکی نوێ دەدات و بۆ ئازادی تێدەکۆشێ. کازانتزاکی ئەم قەسیدەیەی ئەوەندە خۆشویستووە وەک دەڵێ تەنانەت بۆ گۆڕیش لەگەڵ خۆم دەیبەم. ئۆدێسە شیعرێک بۆ نەوەی نوێ، نەوەیەک کە هێشتا لەدایک نەبووە.
قەسیدەی دووەمی"ترتسینس"ئەم قەسیدەیەی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢ بۆ ١٩٣٧دا نووسیوە، لەبیست و یەک بەش پێکدێت. لەساڵی ١٩٦٠ لەپاش مردنی لە ئەسینا بڵاودەبێتەوە. هەر بەشێک لەم قەسیدەیە ناوێکی هەیە. لەوانە بەشێکی بۆ نیچە نووسیوە، بەشێکی تری بۆ محەمەد بەشێکی تری بۆ بوودا، بۆ لینین، بۆ موسا، بۆ مەسیح، بۆ شەکسپیر...هتد.
سێیەم قەسیدەی"سۆنێتەکان"ە، ئەم قەسیدەیەی لەژێرکاریگەری دانتیدا نووسیوەو لە یانزە برگە پێکهاتووە.
لە وتارەکانی نیکۆس کازانتزاکی: فریدریک نیچە، دەردی سەدە، ئایا زانست ئیفلاسی کردووە، بێرگسۆن، خوان...هتد.
شانۆنامەکانی کە بەسەر بابەتی ئایینی و فەلسەفەو سیاسی دابەشبوونە. لەوانە: پڕۆمیسیۆس، مەسیح، فاسخا، ڕۆژ دەدرەوشێتەوە، بوودا، کریستۆفەر کۆلۆمبس،...هتد.
لە ڕۆمانەکانی: دەروونە تێکشکاوەکان، باخچەی بەردین، زۆربا، ئازادی یامەرگ، دوا وەسوەسەی کریست، براکوژی، مەسیح لەخاچ دەدرێتەوە... هتد.
بەهۆی سەفەرە زۆرەکانییەوە بۆ ئەوروپاو ئەفریقاو ئاسیا چەندین وتارو ڕیپۆرتاژی سەبارەت بەو ناوچانە نووسیوە، لەوانە: لە روسیا چیم دی، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، میسر، ژاپۆن، سینا.. هتد.
لە کتێبی منداڵان: ئەسکەندەری گەورە، لە کۆشکی مینۆسدا.
سیناریۆکانی: سەرپۆشە سوورەکە، مەحمەد، لینین، دۆن کیخۆتی، کریستی هەتاهەتایی..هتد.
لە نامەکانی کە بۆ خێزان و هاوڕێکانی و کەسایەتییە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی و ئەدیبان ناردوویەتی. زیاتر لەسەدان نامەی هەیە.


**نیکۆس کازانتزاکیس و وەرگێڕان:**

بەر لە هەر زمانی و جگە لەزمانی یۆنانی عەشقی زمانی فەڕەنسی بوو، بەهۆی ئەوەی کاریگەری فەڕەنسای لەسەربووە، بەڵام جگە لە فەڕەنسی زمانی تری زانیوە. وەک ئیتاڵی و ئینگلیزی و ئەڵمانی زانیوەو لەم زمانانەوە بەرهەمی مەزنی بۆ سەر زمانی یۆنانی وەرگێڕاوە. لەکارە وەرگێڕانەکانی تەواوی بەرهەمەکانی"جۆل ڤێرن، ویلیەم جەیمس، بێرگسۆن، فریدریک نیچە، گۆتە، ماکیاڤێللی، دانتی، کۆکتۆ، شەکسپیر،...هتد" ئەمە بەرهەمەکانی نیکۆس کازانتزاکیس بوو.



# کەلتووری خۆشەویستی: کەلتـ

## "نامەیەکی کراوەی پڕ ڕێز و خۆشەویستی بۆ گشت مرۆڤێکی دڵسۆزی کورد"



**د. ئازاد حەمە شەریف**

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر وتارێکم بەناوی (کەلتووری خۆشەویستی) لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بڵاوکردەوە کە ئەوسا ململانێیەکی توند و کەشوبایەکی گرژ و پڕمەترسی هەڕەشەی لە کورد بەگشتی و خەڵکی بەسەزمان و بێدەسەڵات بەتایبەتی دەکرد. ئێستا بارودۆخەکە چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە دوو هێندە بارگاوی و گرژ و پڕمەترسی و سەختتر بۆتەوە و ئەگەر هەتا زووە کورد بەفریای خۆی نەکەوێت و بەنەرمی و لێبووردەیی و ژیری و خۆشەویستی یەکتر نەدوێنێت، زۆر لەوانەیە ڕەشەبای ڕق و کینە لە هەموولایەکەوە هەڵبکات و ڕەشماڵ و دەواری کورد بۆ هەزاران ساڵی تر بپێچێتەوە. هەر بۆیە گەلی کورد، گەورە و بچووک، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، دەوڵەمەند و گەدا، گەنج و پیر، ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستی بە یەکتر خۆشویستن و لێکتر تێگەیشتن و یەکتر پەسندکردن و پارێزگاری لە یەکتر کردن هەیە و زۆر پێویستە بەدڵێکی پاکی پڕبەزەیی و بەنیازێکی پاکتر لەخۆشەویستی و بە زمانێکی ناسکتر لە پەڕەی گوڵ لەگەڵ یەکتر بدوێین.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە کە چۆن کورد بەدرێژایی مێژوو بەدەستی هەموو دوژمنەکانی هاڕدراوە. ئاشکرایە کە ئەنفال چ ژانێکی بەسوێ و چ کارەساتێکی گەورەیە لە مێژووی کۆن و نوێ ی گەلی کورددا. کیمیابارانی هەڵەبجە و شێخ وەسانان و دۆڵی جافایەتی و بادینان و هتد چ ئازارێکی سەخت و چ ئاگرێکی بەسوێ ی لەجەرگی دڵسۆزانی کورد بەرداوە و تا ڕۆژی ئیمڕۆش کڵپەی ئەم ئاگرە، مرۆڤە وێژدان زیندووەکان دەسووتێنێت.

بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، سەروسامان و کەلتووری کورد، هەر تاڵان و بڕۆ کراوەو بەشی خەڵکەکەش هەر فەوتان و ماڵوێرانی بووە. هەر لە ئەنفالی یەکەمەوە بگرە تا دوایین ئەنفالی هەشتاکان. هەزاران گەنج و پیر و منداڵی کورد کوژران و کرانە کۆیلە. ژن و کچانی کورد بەدرێژایی مێژوو بەدەستی دوژمنان هەتک کراون و فرۆشراون. گەنجانمان بێ ژمار بە هەناسەساردی و نائومێدی سەریان ناوەتەوە و ئومێدەکانیان خراوەتە ژێرگڵ. ئەگەر مردووەکانیشمان لەبیرچۆتەوە، خۆ هێشتاش ئێسک و پرووسک و گۆڕەکانیان ماون.

پاش دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ تەنها و تەنها بۆ تاقەجارێک خۆری شادی لە کورد هەڵهاتووەو لەدەست ژان و ژواری چەوساندنەوە و تاڵاوی مەرگ ڕزگاری بووە، کەچی ئێستا وا خەریکە ئێمە بەدەستی خۆمان ئەم خۆرە ئاوا دەکەین و خۆمان دەگەڕێنینەوە باوەشی شەوە تاریکەکان. لە ئەنجامی ئەم ڕۆژگارە دوورودرێژەی چەوساندنەوەی کورد لەلایەن بێگانانەوە هەندێ دیاردەی نامۆ بە کەسایەتی کورد وەکو توندوتیژی و ڕق لێکتربوونەوە و ڕێزی یەکتر نەگرتن نەک یەکتری خۆشویستن و بەزەیی پێکترداهاتنەوە و دەستی یارمەتی بۆ یەکتردرێژکردن گەشەی کردووە. ئەمەش هەڵبەتە ناکۆکی و دووبەرەکی لێدەکەوێتەوە. خەڵکی گێرەشێوێنیش هەن هەست بە لێپرسراوێتی مێژوویی سەردەم ناکەن و هەوڵ نادەن ئاوێک بە ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکی دابکەن و ئاشتی و ئارامی بگەڕێننەوە ناودڵی هەمووان. ئەوانەی وادەکەن نەزانن چونکە لەدوارۆژدا ئەگەر کورد ئەم دەرفەتە زێڕینەی لە کیس بچێت و هیچ بە هیچ نەکات هەرهەمووومان، بێدەسەڵات و دەسەڵاتدار زەرەمەند و ڕەنج بەخەسار دەبین.

هەمووی چەند ساڵێکی کەمە هەناسەیەکی ئازادی هەڵدەمژین. ئێستاش دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوین. لەناوەوە و دەرەوە پیلانمان بۆ ساز دەکەن و دەیانەوێت حکومەتی کوردی، ئەو کۆرپە نازدارەی وڵاتەکەمان، ئاڵامان، سەربەرزیمان لەناو ببەن و وەکو جاری جاران تۆپ تۆپێنمان پێ بکەن. نازانم نەتەوەی کورد چ زوو ئەم هەموو کارەساتەی لەبیرچۆوە؟! چ زوو شۆڕشگێڕانی دڵسۆزی کورد لەبیریان چوو چۆن هەر شەوە و لە ئەشکەوتێک و کوونەشاخێک ڕۆژیان بەدەم خەون بینین بەخۆری ئازادی دەکردەوە؟ چەند خێرا لەبیریان چوو چەندان جار بەئاواتی ئەوەبوون سەرخەوێک بەئاسوودەیی و بێ خەمی بکەن؟ ئەو هەموو تراژیدی یە، ئەو هەموو قوربانی یە، ئەو هەموو فرمێسک و خوێنە، ئەم هەموو ناڵە و هاوارە چ زوو لەبیرکرا؟!

دەزانم هەریەکێک لە خەباتکارە دڵسۆزە بەڕێزەکانمان هەزاران هێندەی ئێمەی خەڵکی شار ئێش و ئازاریان چەشتووە! دەزانم چەندین ساڵی تەمەنی گەنجێتی و جوانی خۆیان کردۆتە قوربانی ڕێگەی خەبات و ڕزگاری. دەزانم زۆر شت بۆ نەتەوەی کورد بەدەست هاتووە و بەبەراورد بەسەردەمەکانی پێشوو، ئیمڕۆ سەردەمی زێڕینی کوردانە. ئەوەی دان بەم ڕاستییانەدا نەنێت یان کوێرە یان کینە لەدڵە. بۆ یەکەمین جارە لەمێژوودا ترسی جینۆسایدکردن و کوردقڕانمان لەسەر لاچووە. بۆ یەکەمین جارە فەرمانگەکانمان لەلایەن کوردی خۆمانە و برا نەتەوەییەکانی تر بەڕێوە دەبرێت. بۆ یەکەمین جارە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئۆخژنێکی شادی تێگەڕاوە کە باڵای ئاڵای شەکاوەی کوردستان بەسەر دامودەزگانماندا لەنجەولار دەکات.

بەڵام هێشتا زۆر لایەنی کۆمەڵگەی کوردی ماون پێویستیان بە چاکسازی و پاکسازی هەیە. خۆ ئەگەر بڵێین لێرەوە تەواو و چیتر هەوڵ نادرێت ئەو کەلێنانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ماون پڕ بکرێنەوە و کەسیش نابێت کەم و زۆر باسیان بکات و ڕەخنە و تێبینی هەبێت، ئەوا یەکسەر ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە: ئەرێ ئەم هەموو خەبات و تێکۆشان و کوێرەوەری و چەرمەسەرییە بۆچی کرا و بۆ کێ کرا؟ ئایا بۆ ئەوە نەکرا کە ڕۆڵەی کورد بە ئازادی و بەختەوەری بژیت و بەسەربەرزی و کەرامەتەوە شانازی بە کوردو کوردستانەوە بکات؟ ئایا بۆ ئەوە نەبوو کە کورد چیتر دەردەسەری و کوێرەوەری نەچێژێت؟ ئەرێ بۆ ئەوە نەبوو کە کۆمەڵگەی شارستانی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جێگای کۆمەڵگەی ناشارستانی و دیکتاتۆری و چەوساندنەوە بنیات بنێین؟ ئایا بۆ ئەوە نەبوو کە هەمووومان پێکەوە چ دەسەڵاتدار و چ بێدەسەڵاتی ڕەش و ڕووت خۆمان بە خاوەنی ئەم وڵاتە بزانین و لە گلێنەی چاوی خۆمانمان خۆشتر بوێت ؟ ئایا بۆ ئەوە نەبوو ئەو گوندانەی کە لەپای شۆڕشەکانی کوردەوە ڕژێمە جیاجیاکانی عێراق خاپووری کردبوون، سەرلەنوێ بەچاکترین شێوە دروست بکرێنەوە و قەرەبووی چاکەی ڕۆژانی نەهاتی گوندنشینان و ناندان و حەواندنەوەی پێشمەرگە بدرێتەوە؟ ئایا بۆ ئەوە کرا کە هەندێک کەس لە دەوڵەمەندیان بتەقن و هەندێکیش لەڕووت و ڕەجاڵی دا بشەقن؟ ئەرێ بۆ ئەوە کرا منداڵان کە لەتەمەنی ناسکی گوڵین دان لەسەر شەقامان ببنە بۆیاغچی و کلینیکس فرۆش و بنێشت فرۆش و لە دوارۆژیش ببنە مرۆڤی دواکەوتووی کەسایەتی تێک شکاو؟

ئەرێ خوشک و براینە بۆ ئەوە نەکرا کە پیروپەککەوتە و بەساڵاچووەکانمان لەدوارۆژی تەمەنیان دا هەست بەوە بکەن کە ئەوانیش خاوەنی وڵاتێکن ناوی کوردستانە و خاوەنی حکومەتێکن کە بەهی خۆیانی بزانن؟ ئەرێ بۆ ئەوە نەکرا کە دەسەڵاتدار بەدڵ و گیان لەگەڵ میللەت دا بێت و ئەوەندە لێ ی نزیک بێت کە هاواری لێ هەڵسا زوو بەفریای بگات؟ ئایا بۆ ئەوە نەبوو خەڵک دەسەڵاتی خۆش بوێت ؟ ئایا بۆ ئەوە نەکرا کە ستەم و نادادپەروەری لابچێت؟ ئایا بۆ ئەوە کرا وێژدانمان بمرێنن و لە ئاست ستەم بێدەنگ بین؟ ئایا بۆ ئەوە نەکرا کە ئەگەر نانەڕەقەیەک هەبێت هەموولامان پێکەوە بیخۆین و ئەگەر ناش هەمووومان پێکەوە بەبرسێتی سەربنێینەوە؟ ئایا بۆ ئەوە نەبوو کە زانکۆکانمان ببن بە بنکەی ڕوناکبیری و گەشەکردنی بیر؟! ئایا بۆ ئەوە نەکرا کە نەوەی نوێ سەرهەڵبدات و بێتە کۆڕی کارکردنەوە یان بۆ ئەوە کرا کە دەرچووانی کۆلێژ دووساڵ بەبێکاری جادەکان بپێوون و خواش دەزانێت تا چەند ساڵی تر هەروا پیاسە دەکەن؟ ئاخۆ بۆ ئەوە کرا کە لە هەندێ فەرمانگەی دەوڵەت ئەوانەی جاران و لەسەردەمەکانی پێش ڕاپەڕین ناپاکیان بە کورد و کوردستان کردبوو و ڕاوەکوردیان بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دەکرد بەنازانم چ ڕێگایەک بکرێنە کاربەدەستی گەورە و فەرمان بەسەر مرۆڤە دڵسۆزە کوردپەروەرە ژێرەکانەوە بکەن؟!! ئایا بۆ ئەوە بوو کەسانی کوردپەروەری ناحیزبی پەراوێز بکرێت و کەسە خۆهەڵواسەکان بەسەر تەنافی حیزبایەتیدا و بەسەرشانی میللەتدا بگەنە کەشکەلانی فەلەک و ببن بە خاوەنی هەموو شتێک و دڵسۆزانی کوردپەروەریش هیچ؟ ئایا بۆ ئەوە کرا کە گومان لە خەڵکی بێلایەن بکرێت و بەتایبەتیش کەسانی دڵسۆزی خاوەن هەڵوێستی کوردپەروەر و هەر کەسێکیش لەگەڵ لایەنێک نەبوو یان لێ ی ڕەنجا، بکرێتە پەندی زەمانە؟ ئایا بۆ ئەوە کرا کە خەڵک دەمکووت بکرێت و نازانم چی و چی لێ بکرێت؟ ئایا بۆ ئەوە کرا ئەوەی بیروڕایەکی جیاوازی هەبوو لەکارەکەی دەربکرێت ؟

تکایە، تکایە، تکایە و هەزارجاریش تکایە با ئەم سیناریۆیانەی پشت پەردەکان بەنیازپاکی و ڕاستگۆیانە بوەستێنرێت و خەڵک فێری کەلتووری بەزەیی و خۆشەویستی بکرێت نەک ڕق و کینە و وانەکرێت خەڵک ڕقی لە کورد و کوردستانیش ببێتەوە، چونکە خەڵک کوردستانی خۆش دەوێت لەبەر کوردستانە نەک لەبەر هیچ شتێکی تر. خەڵک هێمنی و ئاسوودەیی ئەم وڵاتە دەپارێزێت چونکە هەزارەها ساڵە بەدەستی دوژمنان تووشی مەینەتی بووە، هەربۆیەشە کە خەڵک کەمو کوڕی و گەندەڵی و بێدادی لێرە و لەوێ دەبینێت چاوی خۆی دەنوقێنێت و ورتە ناکات.

ئەم ڕەوشەی ئەمڕۆ بەری خەباتی پیرۆزی هەموو لایەکە، چ خەباتکارانی چیا و چ بەرهەڵستکارانی ناوشار. لەناو شارەکانی کوردستاندا بەسەدان خەڵکی دڵسۆزی چاونەترسی وا هەبووە کە دژی ڕژێمی بەعسی دڕندە کاری دەکرد و ڕەخنەی دەگرت و لاساری بەرامبەر دەسەڵاتدارانی بەعس دەکرد. بەڵام ئیمڕۆ خەڵک ژیرو هۆشیارە و نەتەوەپەروەرە بۆیە لەزۆر شت بێدەنگە و بە زۆر شتیش ڕازی یە، ئەگینا خەڵکەکە هەر ئەو خەڵکەی جارانە و بەهیچ شێوەیەکیش ترسنۆک نییە. ئەگەریش کەسانی وا هەبن کە پێیان وایە دوای ڕاپەڕین خەڵک ترسنۆک بووە ئەوە هەرگیز مایەی شانازی نی یە بۆ ئەوانەی ئەم جۆرە بۆچوونانەیان هەیە.

وڵاتی من، کوردستان لانەی شێرانە، لانەی مرۆڤی نەتەوەپەروەر و وێژدان زیندوو هەقدۆستە. پێویستە هەمووولایەکمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو ڕۆحە جوانە مرۆڤدۆستانەیە لە ناخی مرۆڤی کورددا پەروەردە بکەین نەک لەپێناو بەرژەوەندیەکی خۆپەرستانە ئەم ڕۆحە جوانە لە بەین ببەین. با هەریەکەمان لەجیاتی تۆوی ڕق و کینە، خونچەی بەزەیی و گوڵی خۆشەویستی بڕوێنین. چونکە ئەوەی بەزەیی و خۆشەویستی دەچێنێت، خۆشەویستی و بەزەیی دەدورێتەوە. خۆشەویستیش بە مانا فراوانەکەی خۆشەویستی داروبەرد و ئاووهەوا و گوڵ و دڕک و خاک و خۆڵ و مرۆڤ و گیانەوەر و باڵندە و خشندە و هەموو شتێکی سەر ئەم خاکە دەگرێتەوە. هەر ئەم هەستی خۆشەویستییەشە یارمەتی مرۆڤی داوە بەهێزترین بوونەوەری سەر زەوی بێت و هەوڵ بدات ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێش بچێت و ژینگە و دەوروبەر و ژیانی خۆی و خەڵکی تر چاکتر بکات.


پێویستە پێوەرەکانمان بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری خەڵک، ئاستی بژێوی خەڵکی هەژار بێت نەک باڵەخانە بەرزەکانی سەرشەقامە گشتییەکان. ژیانی خەڵکانی پشت باڵەخانە بەرزەکان گرنگە و دەبێ بزانرێت خەڵکی هەژارنشینی ئەوێ چ گلەیی و سکاڵایان هەیە؟



مهاتما گاندی

←

# ـــووری مـرۆڤـایـەتـییە



مارتن لۆسەر کینگ

پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بە باڵەخانەی چەند نهۆمی نی یە، بە شەقامی لووس و ڕێک و پان نییە، بە ڤیلای چەند دۆنمی نییە، بە ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل و فەرمانگەی پڕکۆمپیوتەر و کامیرای چاودێری نییە، بەڵکو ئاستی بژێوی هەژارەکان پێوانەیە!!! قسەو ڕاپۆرتی گەندەڵکاران نابێت لەلای سەرەوەتر بەراست وەربگیرێت، چونکە گەندەڵکاران بۆ بەرژەوەندی خۆیان تا پێیان بکرێت هەموو ڕاستیەکان لە دەسەڵاتداران دەشارنەوەو هەر ئەوانیشن بەهەڵەیان دادەبەن و سەرەنجامیش هەر ئەوانن کەلێن دەخەنە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکەوە. هەستی ناودڵی میللەت گرنگە و پێویستە گوێ لە چرپە و خورپە و ترپەی ناودڵی ئەوان بگیرێت چونکە لەرابردوودا هەرئەوان بۆ کوردستان و کوردایەتی دڵسۆزبوون و لە ئایندەش هەر ئەوان دڵسۆزتر دەبن!! قسەی ناو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان نابێ کەس فریوو بدات، بینینی ڕاستییەکان پتر جێگای باوەڕە!! هەرگیزاو هەرگیز گوفتاری کەسانی زمانلووس و گیرفانپڕ و ماستاوچی ڕاستی دەرناخات، گیرفانی بەتاڵی گەنجە هەناسەساردە بێکارەکانی سەرشەقامەکانمان پێمان دەڵێت وڵات بەرەو چ ئاراستەیەک مل دەنێت!! سەیرێکی رووخساری منداڵە بۆیاغچی و بنیشت فرۆش و کلینیکس فرۆشە دەستگێرەکانی ترافیک لایتەکان و ڕەنگزەردە کڵۆڵەکان و کۆڵکێشە پیرە هەناسەبرکێ پێکەوتووەکان بکەن!! ئامارە پڕ گەندەڵی یە شێوێنراوەکانی هەندێک زمانلووسی ماستاوچی گیرفانپڕ نابێتە پێوەر، خوێندنەوەی ڕاستی شتەکان و بینینیان وەکو خۆی دەمانگەیەنێتە ڕاستی.

هەموو کەسێک دەزانێت کە من کەسێکی حیزبی نیم و لە ڕوانگەی هیچ حیزبێکیشەوە نادوێم. تاقە ڕوانگەی من بیری پاکی کوردایەتی و مرۆڤپەروەری یە. من نووسەرێکی کوردو کوردستانیم. من هەموو کوردم خۆش دەوێت، بە سەرکردە و ڕەش و رووتەوە، بەڵام نیشتیمانی خۆمم لەهەموو شت و کەسێک لا خۆشەویستترە. سەرکردەکانی وڵاتی خۆمم خۆشدەوێت، بەڵام نەوەی نوێ کە ئایندەی وڵاتەکەمانە لە خۆشمم خۆشتر دەوێت. نەوەی نوێ هەردەم ڕای جیاوازتری لە نەوەی کۆن هەیە. ئیمامی عەلی (خوا لێ ی خۆشبێت) زۆر بەجوانی فەرموویەتی:"منداڵەکانتان بۆ سەردەمێکی جیاوازتر لەسەردەمی ئێوە خوڵقاون". هەربۆیەشە، ڕەنگە ئەوان بە هەموو شتێکی ئێمە ڕازی نەبن و ڕوانینی جیایان بۆ شتەکان هەبێت و ڕەخنەمان لێ بگرن.

با ڕای جیاواز و تێڕوانینی جیاواز هەبێت و بەرێز و خۆشەویستییەوە ڕا جیاوازەکانمان بگۆڕینەوە. با دەنگ و ڕەنگ و بیروڕای جیاواز هەبێت بەو مەرجەی ئاساییشی نەتەوەیی و مرۆڤپەروەری و ڕێز لەیەکترگرتن لەلای هەمووومان بێتە بەردی بناغەی بیر و گوفتار و کردارمان. ئەزموونە تازەکەمان بە ڕای جیاواز جوانتر و دیموکراتی تر دەبێت. با لەسەر شەقامەکان، ڕۆژنامەکان، ڕاگەیاندنەکان، ناو هۆڵەکانی خوێندن، ناو زانکۆکانمان و لەناو پەرلەمان دەنگی ڕەخنەگر و بەرهەڵستکار نەک دژەکورد هەبێت. ئەگەر ڕای جیاواز و ڕەخنەگرانە هەبوو خۆ دنیا وێران نابێت. وڵات و پەرلەمانی کەم ڕەنگ و بێدەنگ، وڵات و پەرلەمانێکی مردوو و نەزۆکە. با کەسانی دڵسۆزی سەربەخۆش بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵات، خۆ کوردستان وڵاتی هەمووانە و بەوەش وڵات جوان و جوانتر دەبێت کاتێک بە هەموومان خزمەتی دەکەین، کوردستانیش موڵکی هەموو کوردێکە و بەمیرات تا ئەبەد لەسەر کەس تاپۆ نەکراوە؟! هیچ کەسێک لەم دنیایەدا نی یە هەڵە نەکات، جا چ گەورە بێت و چ بچووک، چ دەسەڵاتدار بێت و چ بێدەسەڵاتی ڕەش و ڕووت. گرنگ ئەوە نی یە کە کێ هەڵە دەکات و چۆنیشی دەکات. گرنگ ئەوەیە گەورە و دەسەڵاتدارەکان بە بەخشندەیی و دڵگەورەیی و لێبووردەیی ی خۆیان لە هەڵەی بچووک و بێدەسەڵاتان ببوورن و بە خۆشەویستییەوە هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدەن. بچووک و بێدەسەڵاتانیش ئەگەر هەڵە و کەموکوڕییەکیان لە گەورە و دەسەڵاتداران بینی پێویستە لێیان لە هەڵا نەدەن و هەوڵ بدەن بەڕێز و خۆشەویستییەوە سەرنجی دەسەڵاتداران بۆ هەڵە و چەوتییەکان ڕابکێشن و بەجۆرێک لەجۆرەکان وایان لێبکەن ئەو هەڵانە ڕاست بکەنەوە. چونکە کێشەی نێوان دەسەڵات و گەل بە لێبووردەیی و خۆشەویستی و بەزەیی نەبێت بە هیچ جۆرێکی تر چارەسەر نابێت.

نەیاسا بەتەنیا چارەسەرە و نە توندوتیژی. چارەسەری تەنیا و تەنیا کەلتووری خۆشەویستی و بەزەیی و لێبووردەییە و بەس. وێڕای ئەوەش فەرمانڕەوایەتیکردن خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە ڕێککەوتن لەنێوان سەرکردە و گەل. واتە گەل چاوەڕوانی ئەوەیە کە سەرکردە هەرچیەکی دەیکات دەبێ بۆ ئەوە بێت کە گەل سوودمەند بێت و لەبری ئەوەشدا گەل ئامادەیە کە گوێڕایەڵی فەرمانی سەرکردەکانی خۆی بێت. بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەردوولا تەنها بەرژەوەندی خۆیان بوێت، ئەوا شیرازەی حوکمرانی تێکدەچێت و پاشاگەردانی هەمووولایەکی کۆمەڵگە دەتەنێت.

(مەهاتما گاندی) مەزن هیندستانی لەژێر چنگی ئیمپراتۆریەتی زلهێزی بەریتانیا دەرهێنا و گەورەترین شۆڕشی بێ توندوتیژی دژ بە داگیرکەران تەنها بە سێ وشە بەرپا کرد کە ئەوانیش بریتی بوون لە:"ڕاستی و خۆشەویستی و بیری ناتوندوتیژی." ڕاستی پەرستی و خۆشەویستی و بیری ناتوندوتیژی پێویستە لەهەموو جومگەگانی ژیان و کۆمەڵگە ڕەنگ بداتەوە، هەر لەناو ئەندامانی خێزانەوە تا دەگاتە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی. هەر ئەمەش تاقە ڕێگای سەرکەوتنمان دەبێت. چونکە ئەگەر ئێمە هەموولایەکمان یەکترمان خۆش بوێت و بەزەییمان بەیەکتردا بێتەوە و دەستی هاریکاری بۆ یەکتر درێژ بکەین و واز لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیخوازی و پارەپەرستی بهێنین و دڵ و مێشکمان بۆ یەکتر بکەینەوە، ئەوا هەر هەموومان یەکتر بە براو دۆستی خۆمان دەزانین و لەئەنجامدا زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگەش لەشوێنی خۆی دەتوێتەوە.

تکا لە هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز دەکەم، با کۆتایی بە کەلتووری توندوتیژی و یەکتر خۆشنەویستن بهێنین. با بەچاوی ڕێز و گەورەییەوە لەیەکتر بڕوانین. لەجیاتی ئەوەی دڵی یەکتر بڕەنجێنین، با باوەشی بەزەیی و میهر و خۆشەویستی بۆ یەکتر بکەینەوە چونکە هەم ئاسمان ئەمەی پێ خۆشە و هەم زەویش. مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بیری لەوە کردۆتەوە کە تەنیا لەڕێگای بەخشندەیی و لێبووردەییەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

لە کتێبی (بەهاگاڤاد گیتا)دا، کەکتێبی کۆنی ئایینی هیندییەکانە بەم جۆرە باس لە کەلتووری خۆشەویستی و لێبووردەیی کراوە: "ئەگەر دەتانەوێت مرۆڤە ئازاکان بدۆزنەوە، بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە توانای لێبوردن و بەخشینیان هەیە و ئەگەریش دەتانەوێت کەسانی قارەمان بدۆزنەوە، بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە لەبەرامبەر نەفرەت دا، بە ئەوین و خۆشەویستی یەوە وەڵام دەدەنەوە."

لە کتێبی (ئاڤێستا)دا، ئاهورەمەزدای مەزن ڕێنوێنی مرۆڤ دەکات بۆ "بیری چاک، گوفتاری چاک، کرداری چاک" کە ئەمەش بێگومان مرۆڤ لەهەموو جۆرە ڕق و کینەیەک دەپارێزێت و وای لێدەکات کە هەرچی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و دەیڵێت و دەیکات لە سنووری چاکە و چاکەکاریدا نەچێتەدەرەوە.


حەزرەتی (بودا)ی ژیر و ئاقڵمەند زۆر جوان بۆ ئەوە چووە کە دەڵێت :" کاتێک خۆمان دەدەینە دەست ڕق و تووڕەیی، ئەوا خۆمانین بەدەستی خۆمان ڕۆحی خۆمان ئازار دەدەین." یان کە دەڵێت: "ئەو کەسەی ڕۆحی خۆی خۆش دەوێت، نابێت بەهیچ جۆرێک ئازاری ڕۆحی کەسانی تر بدات."

لە ( ئینجیلی پیرۆز) کتێبی ماتیۆس، بەشی پێنجەم، ئایەتی چل و چوارەم دا خۆشەویستی و لێبووردەیی گەیشتۆتە ڕادەیەکی بەرزتر: ".. دوژمنی خۆتان خۆش بوێت، ئەوانە پیرۆز بکەن کە نەفرەتتان لێدەکەن، چاکە لەگەڵ ئەوانە بکەن کە ڕقیان لێتانە ...."

لە (قورئانی پیرۆز) دا، سوورەتی (القصص)، ئایەتی پەنجا و چوارەم دا، خودا بەڵێن بەوانە دەدات کە "دان بەخۆدا دەگرن و لەڕێگای چاکەکاری یەوە خراپە لەخۆ دووردەخەنەوە کە پاداشتیان دوو قات دەبێت..." و لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا کە (الترمزی) گێڕاویەتەوە ئەوە هاتووە کە "چاکە بەدوای خراپەدا بهێنە و بەمەش خراپەکە دەسڕێتەوە...."

کەواتە هەموو کتێبە ئایینیەکان پێ لەسەر کەلتووری لێبووردەیی و بەخشندەیی و بەزەیی و خۆشەویستی دادەگرن و وێڕای ئەوانیش نووسەران و بیرمەندانی پایەبەرزی دونیاش لە نووسینەکانیاندا هەمان شتیان دووبارە کردۆتەوە. (ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ) جوانی گوتووە: "ئەم ژیانە بەشی خۆشەویستی ناکات، چ جای ڕق و کینە!" (گاندی) مەزن دووپاتی کردۆتەوە : " لە شوێنێک خۆشەویستی نەبێت، ژیانیش نی یە." (دەلایلاما) ی گەورە بە سەلیقە و وردەکاریەوە لەبارەی خۆش ویستنی خەڵکیەوە گوتوویەتی:" خۆشەویستی تاقە ڕێگایەکە بۆ گۆڕینی خەڵک تەنانەت ئەگەر ئەو خەڵکانە دڵیان پڕ ڕق و کینەش بێت بەرامبەر بە ئێوە.. ئەگەر ئارامتان هەبێت و لەسەر خۆشەویستی مکوڕ بن، سەرەنجام هەر ئێوە سەرکەوتوو دەبن." با بەقسەی (مارتن لۆسەر کینگ) بکەین کە دەڵێ : " خۆشەویستی تاکە هێزێکە دەتوانێت دوژمن بکاتە دۆست." دوا وانەش با لەم بارەیەوە لە (ئۆدن)ی شاعیری مەزنی مرۆڤایەتی وەربگرین کە دەڵێ : "پێویستە یەکترمان خۆش بوێت، دەنا واباشترە بمرین."

**هەولێر: ٢٠١٠/٣/٢٥**


دەلایلاما

## ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسووڵ

# لە ئەزموونی شیعر و کایەکانی ئەدەب و وەرگێڕان ڕاشکاوانە بۆ بەدرخان دەدوێت

ئا: ئەوڕەحمانی مارف

**محەمەد حوسێن ڕەسووڵی ئەندازیار و تاکێکی نێو بواری ئەندازە و زانست و تەکنەلۆژیا، وێڕای زمانی کوردی دایک، عەرەبی و ئینگلیزییەک دەزانێت کە بەکەڵک ئەوە بێت وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ ئەو زمانانە پێ ڕاپەڕێنێت، کە کارەکەشی تاک و تەرایە و تاهەنووکە کەمتر وەرگێڕی کورد خۆی لە قەرەی ئەم جۆرە وەرگێڕانە پێچەوانە دەدات، بەڵکو زیاتر وەرگێڕان لە زمانانی دنیاوە بە کوردی کردنە، کەچی ئەم ئەندازیارە چوست و چالاک و زمانزانە، ئەوە چەند ساڵێکە بە پێچەوانەوە بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە دنیای دەرەوە، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ناخوازێت بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بەمردوویی بمێنێتەوە.**

**بۆیە ئێمەش لە بەدرخانەوە لەسەر ئەم پرسە و کاری وەرگێڕان و زمان و ئاریشەکانی ... دواندمان.**

*** کەرەستەی شیعر زمانە، وەک ئەوەی هۆراس زمان بەدار دەچووێنێت و وشەکانیش بە گەڵا، داریش گەڵای دەوەرێت، هی نوێ جێی دەگرێتەوە، دەسەڵاتی تۆ بەسەر هەردوو زمان "کوردی-ئینگلیزی" یان "کوردی-عەرەبی"دا وا دیارە باشە، چۆن کەسێک کاری وەرگێڕان بکات دەبێ دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەردوو زماندا بشکێت؟**

- ڕاستە کەرەستەی شیعر زمانە و زمانیش کایەیەکی زیندووە وەک ئادەمیزاد و گیانلەبەر و دار ودرەخت و گەڵا، گۆڕانکاری بەسەر دادێ و شتی لێ دەبێتەوە و شتی دیکەی نوێی لێ شین دەبێتەوە. خودی پرسیارەکە ئەو مانایە دەبەخشێ، مانای شت لێبوونەوە و گرنگی و سوود و پەخشی تەرجەمەی زمان بۆ زمانێکی دیکە پیشان دەدا، هەڵبەتە لە کاتی گونجاوی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بڵێم کە خۆی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان من و تۆ و ئەو و ئەواندا لە ڕووی بایۆلۆجییەوە نییە. هەموومان وەک یەک نەشونما و گەشە دەکەین و کارە بایۆلۆجییەکان ئەنجام دەدەین، واتە هەمووومان مرۆڤین و بوونەوەرێکی بایۆلۆجین (باس لە سیاسەت ناکەم، چونکە ئەم بۆچوونە لەم ڕووەوە بۆ هەموو سیاسییەکانی جیهان و ڕادیکالە نەتەوەییەکان ڕاست نییە، من لە ڕوانگەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەئاخڤم). بەم بۆچوونە جیاوازی من و تۆ و ئەو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئێمە تەنها لە سێ شتدا وەک یەک نین، واتە لە : بیرکردنەوە و گوفتار و کرداردا. تۆ بە شێوەیەک بیر دەکەیتەوە و گوفتار دەکەی و کردار ئەنجام دەدەی، بەڵام من بە شێوەیەکی دیکە و ئەویش بە شێوەیەکی دیکەی جیاواز لە هی هەردووکمان. لەبەر ئەمەیە هەموو ژیرەکان و هۆشمەندەکانی جیهانی کۆن و نوێ، بە گشت زمانەکانی جیهان داوای بیری باش، گوفتاری باش و کرداری باش لە مرۆڤ دەکەن. بۆ نموونە، ئەم چەشنە هۆشدارییە لە ڕێنوێنییەکانی زەردەشتدا هەیە، کە زۆر ڕێک لەگەڵ ڕێنوێنی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد(د.خ) دەگونجێ کاتێ دەفەرمووێ: (**من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فان لم يستطع فبلسانه وان لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الأيمان**)، دەست: کردارە و زمان: گوفتارە و دڵ: بیرکردنەوەیە.

جیاوازیش واتای وەک یەکنەبوون دەدا و جیاوازی لە بواری نووسین و ئەدەبدا دەوڵەمەندیی مرۆڤایەتی دەسەلمێنێ، ئەم دەوڵەمەندیەش سامانێکی گەورەی مرۆڤایەتییە و دەبێ ڕێزی لێبگیرێ و تەرجەمەی سەر زمانەکانی دیکە بکرێ لە کاتی شیاوی خۆی، بۆئەوەی مرۆڤی ئەم وڵات و ئەو وڵات هەست بە ئەوانی دیکە بکەن و بزانن مرۆڤایەتی لە بواری بیرکرنەوە چەند سامانداره و بیرکردنەوەش ڕەنگە مۆنۆپۆڵ بکرێ بۆ ماوەیەک، بەڵام بۆ هەتا هەتایە نا. دارەکەی هۆراسیش خێزانە گەورەکەی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکا، کە لە سەرانسەری گێتیدا بڵاوبووەتەوە.

پرسیارەکەت زۆر فراوانە و وەڵامیکی تێرو تەسەلی گەرەکە. بەهەرحاڵ تەرجەمە یا وەرگێڕان چەندەها پێناسەی جیا جیای بۆکراوە، لە هەموویان گرنگتر لای من ئەو پێناسەیەیە، کە دەڵێ: تەرجەمە هونەری گواستنەوەی مەعریفەیە بەزوترین کات. ئەم پێناسەیە وادەخوازێ بڵێین: هەر زانینێک لە شوێنێک سەری هەڵدا و هەر لەو شوێنەش مایەوە و تەرجەمە نەکرایەوە بۆسەر زمانە زیندووەکانی دیکە، بە نیمچە مردوویی دەمێنێتەوە. پرسیار: بۆ بیرکرنەوەی مرۆڤی کورد بە مردوویی بمێنێتەوە؟ کوانێ بیرکردنەوەی تەرجەمەکراوی مرۆڤی کورد لە ناو کتێبە جیهانییەکان بە زمانی غەیرە کوردی؟

ئەو تەرجەمانەی من و هاوتای من دەیانکەین بەشداریکردنە لە پرۆسەی بنیادنانی کۆمەڵگەی کوردی (Nation Building) ئەو بونیادنانەی کە هەردەم ڕابەرانی کورد هەوڵی بۆدەدەن لە سیاسییەکان و خاوەن هزرو بیری کۆمەڵایەتی. پێناسەی بونیادنانیش ڕوون و ئاشکرایە کە ئەرکێکی سووک و ئاسان نییە لە توانای تەنها چەند کەسێکدا بێت، بونیادنان پێویستی بە وزەی هۆشمەندی هەمووان هەیە. باسکردنی ئەم بابەتە و کاریگەری تەرجەمە سەنگێکی زۆری هەیە و پێویستە خاوەن بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر تایبەتی پێ بدەن و گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر بکەن!

من لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆ کوردی تەرجەمە ناکەم، چونکە، بەڕاستی خەڵکێکی زۆر ئەم کارەیان ئەنجام داوەو ئەنجام دەدەن. ببوورە دەڵێم خەڵک! ئێستا لە باشووری کوردستاندا، ڕەنگە زیاتر لە ٣٠٠ نووسەر هەبن ئەم کارە ئەنجام بدەن و ڕۆژانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بە سەدان شیعر و وتاری تەرجەمەکراو لە عەرەبی و ئینگلیزی و زمانانی دیکەوە بڵاودەکرێنەوە. زۆربەی ئەم نووسەرانەش زیاتر خەڵکانێکی ڕۆژنامەنووسن بەم کارو ئەرک وپیشەیە بژێوی خۆیان دابین دەکەن و کاری سەرەکییان تەرجەمە نییە. جا، ئەم تەرجەمانە چەندیان ڕاست و پوخت و دروستە، ئەمەیان دەبێ وەڵام نەدەینەوە، بەڵکو ئەم نووسەرە بەڕێزانە خۆیان بەرپرسیارن لە چۆنیەتی و جۆری تەرجەمەکانیان، چونکە لە کوردستان هیچ دامودەزگایەکی فەرمیمان نییە تا ئەم هەموو تەرجەمەیە لە خۆوە بگرێ و بەتوانا و بێتواناکان لێکدی جیا بکاتەوەو بڕیار بدا کە فلانە کەس تەرجومانەو فلانە کەسیش ڕۆژنامەنووسە، بەڵام ئەم نووسەرانەی کە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکان تەرجەمە دەکەن، ژمارەیان زۆر کەمە، چونکە هەموو کەس ناوێرێ خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە بدات، لە بەر ئەوەی خوێنەری کوردی ئینگلیزیزان و فارسیزان و تورکیزان و عەرەبیزانمان زۆرە و بەراوردکردنی دەقەکان- ئەگەر مەبەست بێ- کارێکی ئەستەم نییە، چونکە دەقە کوردییەکان سەرچاوەکانیان دیارە و ئەوەیش بەدوایاندا بگەڕێ بە ئاسانی بەردەستیان دەکا.

گومانیش لەوەدا نییە دەسەڵاتی تەواو بە سەر هەردوو زمان، تەرجەمە لێکراو (Source Language-SL) و تەرجەمەکراو یا بۆ تەرجەمەکراو (Target Language-TL)، پێویستییەکی جەوهەرییە بۆ ئەنجامدانی کار و کردەی تەرجەمە. ئەمە لە تێکڕای بوارەکانی زانستی وەرگێڕاندا ئاماژەی پێدەکرێ و بە درێژایی مێژووش ئەم چەمکە بوونی هەبووە و باسی لێوەکراوە. تەرجومان هەبووە بەپێی کێشی کتێبە تەرجەمەکراوەکانی بە زێڕ خەڵات کراوە لە هەندێ لە ژیارەکان، هەروەها بەپێی بەڵگەنامەکانی مێژوو بەهۆی ڕەچاونەکردنی دەسەڵاتی زاڵبوون بەسەر هەردوو زمان لە کاتی تەرجەمەدا چەندین کێشەی جۆراوجۆر ڕوویداوە، بەتایبەتی لەبواری تەرجەمەکردنی بابەتە سیاسی و دیبلوماسییەکاندا چ بە شێوەی تەرجەمەی بە نووسین یان ڕاستەوخۆ، هەڵبەتە هۆی سەرەکیش بۆ کەمزانی و کەمتەرخەمی و بایەخنەدانی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە!

*** پرسیارێکی دیکە لەسەر زمان، چۆن زمان پردی لێک گەیشتنە، کەچی کەسانێک زمان بە کارەکتەرێکی سەربەخۆ دادەنێن، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- زمان چەندین پێناسەی بۆ کراوە. بەپێی بۆچوونی زمانناسان باشترین پێناسە بۆ زمان کرابێت ئەوەیە کە دەڵێ: زمان ئامرازێکە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بۆ لێکتێگەیشتن. ئەم پێناسەیە هەم ئاخاوتن دەگرێتەوە و هەم نووسینیش، بەڵام لێکتێگەیشتن جیهانێکی هێجگار فراوانە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستادا کە مرۆڤ لە هەزاران بوار کار دەکات و ئەزموونەکانی خۆی تۆمار دەکات. هاوکات کارکرنی مرۆڤ دەبێتە زانین و داتا و هێدی هێدی کۆکراوەی زانین پێویستی بەکردەی ئیپیستیمۆلۆجی دەبێت تا بتوانێ بە شێوەیەکی دۆکیومێنتاریانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کۆزانینە بکات. لێرەدا ئەگەر هاتوو زمان تەنها پشت بەخۆی ببەستێ وەک کارەکتەرێکی سەربەخۆ، هەبوونی خۆی لەدەستدەدات، چونکە ئەو زانین و زانیارییانەی، کە لە چوارچێوەی تەنها یەک زماندا کۆدەبێتەوە، هێدی هێدی وەلادەنرێ و بۆ گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان و خودی زمانەکە ئیتر کاری لەسەرناکرێ.


ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسووڵ

با سەیرێکی بەرهەمە کۆزانینەکانی ژیارو شارستانییە کۆنەکان بکەین، ئەگەر کولتور و کۆزانینەکان تەرجەمەی سەر زمانی دیکە نەکرابان: ئایا ئێستاکێ چەندیان دەمانەوە؟ ئایا یەکەم ڕوونووسی داستانی گلگامش بە زمانی سۆمەری بوو یان تەرجەمە ئاشورییەکەی دۆزرایەوە؟ ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەی کاتی بەسەرچووە و ئێستا هەموو زانیارییەک دەپارێزرێ. ئەی چەمکی پاراستن واتای ئیپیستیمۆلۆجی نابەخشێ؟ ئەمەشیان واتای تاوتوێکردنی زمان نابەخشێ لەگەڵ زمانێک یان چەندەها زمانی دیکە؟ ئەگینا زمانێک بەتەنیا خۆی هیچ فەلسەفەیەکی نابێت ئەگەر بەراوردی نەکەیت بە زمانێک یان زمانەکانی دیکە. پرسیارێکی دیکە: ئایا چ دیتنەوەیەکی دێرین بە تەرجەمەکراوی بۆ زمانی کوردی دۆزراوەتەوە؟ ئێمەمانان شانازی بەوە دەکەین کە زمانی کوردی زمانێکی زۆر لە مێژینەیە و هەزاران ساڵە خۆی ڕاگرتووە بەرامبەر هەموو هێرشە جیاجیاکانی مێژوو، کەچی کەس باس لەوە ناکات چی زمانی کوردی ماوەتەوە و خۆڕاگربووە؟ بۆ ئەو چەند هەزار ساڵەی باسی لێوە دەکەین، کوانێ بەشداریکردنی زمانی کوردی لە گواستنەوەی کۆزانینەکانی مرۆڤ بە هەر دوو ئاراستە، تەرجەمە لە کوردی و تەرجەمە بۆ کوردی؟

لەلایەکی دیکەوە زمان نەک تەنیا ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتنێکی ساکارانەی ڕۆژانە، بەڵکو ژیری و زرنگی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەک نووسبەند (دۆکیومێنت) دەکا. پێش داهێنانی نووسین، لێکتێگەیشتن و گواستنەوەی زانین و زانیاری لە ڕێگەی شیعر و قسەی نەستەق و پەند و تا ڕادەیەکیش هەڵپەڕکێ ئەنجام دەدرا. ئەگەر بیانویستایە زانیارییەکان بگوازرێنەوە بۆ خەڵکانێک کە شارەزاییان لە زمانی شیعرێکەوە یان پەندێکەوە نییە، دەبوایە بە زمانی هێما یان لەیزین یان پێویستیان بە تەرجومانێک دەبوو. لێرەوە دووبارە دەڵێین زمان کارەکتەرێکی سەربەخۆی سەد لە سەد و کت ومت نییە، بەڵکو لایەنێکی هێجگار گرنگە و پەیوەستە بە کردەی تەرجەمەوە. دەتوانین پرسیارێک بکەین : ئایا ژیری و چالاکییە زەینییەکانی مرۆڤی کورد -بە درێژایی مێژوو- زۆربەی بەفیڕۆنەچووە؟ ئایا بیرمەندێتی مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژوو نەدزراوە و خزمەتی گەلانی دیکەی پێنەکراوە؟ هەر بابایەک لە خاوەن زمانەکانی دەوروبەر ڕاست دەبێتەوە و خۆی دەکاتە خاوەنی هزر و مێژوو و زانست و ئەدەبی کوردی. بۆ؟ چونکە کورد یان تێگەیشتنەکانی خۆی تەرجەمە و خۆماڵی نەکردووە، یان مرۆڤی کورد ببڕای ببڕای بیری نەکردۆتەوە!

وەرگێڕان هەمیشە گیان و هەناسە بە زمان دەبەخشێت و لێناگەڕێت بمرێت. دۆوگ ه. وێڵن (Doug H. Whalen) ی توێژەر لە زانکۆی نیوهێیڤن/کنێکتیکت (New Haven/Connecticut) و دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی بەهاناهاتنی زمانە ترسلێنیشتووەکان (Endangered Language Fund) و ک. دێیڤد هاریسون (David K. Harrison) ی زمانەوان لە زانکۆی یێڵی (Yale University) ئەمەریکی هاوکارەکەی دەڵێن: "لەگەڵ کۆتایی هەزارەی دووەمی مرۆڤایەتی (ئێستا دەستپێکی هەزارەی سێیەمە)، لە سەرانسەری جیهاندا زیاتر لە ٦٠٠٠ زمان هەیە. زۆر لە زمانەوانان وا پێشبینی دەکەن کە نیوەی ئەو زمانانەی ئێستا هەن، ساڵانی ٢١٠٠ تووشی جورێک لە لەناوچوون دەبن و تەنها نیوەی ئەو ٦٠٠٠ زمانانەی ئێستا قسەیان پێدەکرێ دەمێننەوە". بەو پێودانگ وتێڕوانینەی ئەو زمانناسانە لە ماوەی هەر ١٢ ڕۆژێک، مرۆڤایەتی زمانێکی لە کیس دەچێ. واتە هەر کولتوورێک سەر بەو زمانەوە بێت لە ناو دەچێت، وەک لایەنی هزری، فۆلکلۆر، ئایین، مێژوو و گۆرانی و سەردولکە و لایلایەی دایکان ..... هتد. زۆربەی زمانەکانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا فەوتان، چونکە چیتر قسەی پێنەکراو کاری خوێندن و تەرجەمە و تەرجەمەکاری پێنەکرا و زمانی باڵادەستی ئینگلیزی شوێنی گرتنەوە. باس لەوەش دەکەن، کە یەکێک لە هۆکارەکانی قڕبوونی زمان : بۆ دوورەپەرێزی و گۆشەگیری زمانەکە دەگەڕێتەوە، هاوکات زاڵبوونی زمانی دیکە و چەندین هۆکاری تریش بەشداری لەو

←

قڕبوون و قڕکردنە دەکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە زمان بۆ بەردەوامبوون و پەرەسەندن، نابێ لە حاڵەتێکی گۆشەگیریدا بژیت، بەڵکو پێویستە (تا رادەیەکی خوێندراوەکیی) لەگەڵ زمانەکانی دیکەی جیهان لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنگەری بەشداربێت و بڕوای بە تێکەڵبوون و بەیەکەوە ژیان هەبێت. بەڵام تێکەڵبوونی سەد لە سەد و تەواو لەگەڵ باڵادەست، ئەویش هۆکارێکە و زمان دەکوژێ.

کەواتە رۆشنبیرییەکی تاک زمانی و گۆشەگیر، کە تەنها تێرامان و تێڕادیتنی خۆی ڕەچاوبکات و دوور بێت لەچالاکی زمانەکانی دیکە، باشتر وایە ناوی بنێین زمانێکی نیمچە قڕ بوو. زمانی شیرینی کوردیش پێویستە تەنها بۆ خۆی نەژی و بیرمەندی کورد بتوانێ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هزرو تێڕوانینەکانی خۆی بە هەموو جیهان بناسێنێ. هەڵبەتە لەم بوارەشدا کاری تەرجەمە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، بەتایبەتی بۆ ڕەخساندنی ڕۆحی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری گونجاوی دوور لە هزری رادیکال. ئەو کەسانەی لە بواری تەرجەمەدا کار دەکەن، نەوەکانی داهاتووی کورد فێری خۆشەویستی کوردستان و وڵاتپارێزی و ئەمەکداری دەکەن. تەرجومانەکان بە نەوەکانی داهاتووی کورد دەڵێن: فەرموون ئێمە ئێشمان بۆ ئێوە کردووە و جیهانمان بە ئێوە ناساندووە و پێمان وتوون کورد چۆن بیردەکاتەوە. بۆیە، تەرجەمە بۆ زمانی کوردی و لە زمانی کوردی دەبێ پلانێکی تۆکمەی کولتووری بەرفراوانتری میللەتی کورد بێت و پلانێکی شارستانی بێت و سیمای نەتەوەیی هەڵگرێت بۆ ڕۆچوونێکی قووڵتری ژیاریی، ئەگینا زمانەکەمان و ژیریمان بەرەو پێشتر ناچێت.

*** لە وەرگێڕاندا زۆر ئیدیۆم و زاراوەو رستەی تایبەت بە هەر زمانێک هەیە، کە زمانی کوردیش لەوەدا دەوڵەمەندە، ئەوە چۆن لای تۆ چارەسەر دەکرێت؟**

ئەگەر ئێمە تەرجەمەی دەقێک بکەین بە شێوەی وشە بەرانبەر وشە (یان تەرجەمەیەکی وشەیی ئەنجام بدەین)، بوونی ئیدیۆم و زاراوە و رستەی تایبەت بە هەر زمانێک یاخود بڵێین بنیادی زمانەکە، کێشەی زۆرمان بۆ دەنێتەوە لە هەڵێنجانی واتای دەقەکە. تەرجەمەی راستەقینە بریتییە لە تێگەیشتنی واتاو ناوکۆیی رستەو دەستەواژە و دەربڕینی چەمکی تەواوی دەقی ئامادەکراو بۆ تەرجەمە، ئینجا وەرگێڕانی دەقەکە بۆسەر زمانی مەبەست. واتە تێگەیشتنی سەروبەری دەق هەنگاوی یەکەمی تەرجەمەیە، دواتر سەروسیمای دەقی تەرجەمەکراو بەدیار دەکەوێ. هەر چەندە زۆر رای جیاواز هەیە لە پرۆسەی تەرجەمە و هەر تەرجومانێکیش ستایلی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لادان لە ڕۆحی دەقەکە هەرگیز پاساوی بۆ نییە، دەنا کارەکە ئەنجامی چاوەڕوانکراوی نابێ.

دەبێ تەرجومان شارەزاییەکی باشی هەبێ لەسەر ئیدیوم و زاراوەکانی هەر دوو زمان. نەبوونی ئیدیۆم بەرانبەر ئیدیۆم مانای وا نییە، کە لە زمانەکەی دیکە جێگری نییە و تەرجومە ناکرێ. تەرجومانی بەتوانا دەزانێ ئیدیۆم لە چەند وشە پێکهاتووە و سەرجەم وشەکان بەیەکەوە واتایەک یا زیاتر لە واتایەک دەبەخشن و هاوکات وشەکان یا تاقە وشە بەتەنیا واتای تر بە خۆوە دەگرێ، جا پێویستە تەرجومان مامەڵە لەگەڵ واتای گشتی بکاو ئۆلتەرنێتیڤی بۆ بدۆزێتەوە.

دووبارە، تەرجومانی بە توانا لە کەلتوری زاراوە دارشتن ئاگادارە و دەزانێ لە زمانەکەی دیکە چی بۆ دابنێ و دەشتوانێ ئێتیمۆلۆجی وشەکان لە فەرهەنگە تایبەتمەندەکان بدۆزێتەوەو هەروەها دەشتوانێ مێژووی سەرەتای بەکارهێنانی ئیدیۆمەکە دەستنیشان بکا، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزی کە لە بواری زاراوەسازیدا بە جۆرەها شێوە خزمەت کراوە. لەلایەکی دیکە، تەرجومان دەتوانێ پەراوێز بۆ ئەو ئیدیۆم و زاراوانە تەرخان بکات، کە بەرانبەریان نییە، ئەمەیش بۆ ئاگادارکرنەوەی خوێنەر ودەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانێتی، بەم شێوەیە زمانی بۆ تەرجەمەکراو (TL) زیاتر دەوڵەمەند دەکا. ئەمەش دیاردەیەکە لە بواری وەرگێڕاندا بە زۆری لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. بەم جۆرە چەندەها ئیدیۆم و زاراوەی کوردی دەچێتە ناو زمانە بیانییەکان و پێی دەوڵەمەند دەبن و رۆژێکیش دادێ ئەوان لە ئێتیمۆلۆجیای خۆیان ئاماژەی پێبکەن و بڵێن لە بنەچەدا ئەم زاراوەیە یان ئەم ئیدیۆمەو دەستەواژانە لە نەژاددا هی زمانی کوردانە!

*** ئەو کار و وەرگێڕانەی تۆ دەیکەیت خزمەتێکی گەورە بە ئەدەب و زمانی کوردی، بەتایبەتیش کە تۆ بەم کارەت کورد بە دەرەوەو جیهان دەناسێنی، بەڵام هەست ناکەیت ئەم کارەی تۆ بەسەرێک تەنیا خزمەتێکە بۆ نموونە بەچەند شاعیر و ناوێک، دەمەوێ ئەوە بپرسم هەڵبژاردنی دەق و ناوەکان لەسەر چ بنەمایەکە؟**

- پاش ساڵەهای ساڵ لە ئەشکەنجە و خەباتی هەمەجۆری بەردەوام، هەرێمی باشووری کوردستان بووەتە کیانێکی سەربەخۆ و ئازاد و خاوەن حکومەتێکی هەڵبژێردراو و بە پێی دەستووری ئێراقی فیدراڵیش زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە. دواکەوتنی دروستبوونی ئەم کیانە سەربەخۆیە هۆی گەلێک زۆرە، یەک لەم هۆیانە: بێدەسەڵاتی رۆشنبیری کوردی بووە لە بواری لێکتێگەیشتن لەگەڵ خاوەن بڕیارەکاندا لە جیهاندا. مەبەست لێرە تەنها کوردە سیاسییەکان نییە، بەڵکو ئەو کەسایەتییە کوردانەش دەگرێتەوە، کە لە بواری ئەدەبدا کاریان دەکردو و کردوویانە و نەیانتوانیوە دەنگی ڕاستەقینەی کوردستان بگەیەنن بە جیهان. ئەگەر بەرهەمەکانی شاعیرێکی کوردی وەک ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) بکرابایە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانانی دیکە، ئایا کارێکی باش نەبوو ئەو کات و زەمانە ئەگەر ئەوروپا لە ڕێگەی تەرجەمەوە ئاگاداری حاڵی کورد بوایە هەرگیز جەختی لەسەر نووسینە شێوێنراوەکانی نووسەرە فارس و عەرەب و تورکەکان (هاوسێکانمان) نەدەکرد، کە کورد بە میلەتێکی ڕێگر و جەردە لە قەڵەم بدات بە پێی ئەو نووسینانەی نووسەرە فارس و عەرەب و تورکەکان بڵاویان دەکردەوە؟ نووسەری گەورەی رووس مینۆرسکی باس لەوە دەکات، ئەگەر ئەو زەمان تەرجەمەی شاکارەکانی کورد بکرابانایە، کورد زۆر سوودمەند دەبوو لە بواری لێکتێگەیشتن لەگەل گەلانی دیکە. من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕێکی تەواوم بەدەرەوەناساندنی هزر و بیرکردنەوە و دەقی ئەدەبی کوردی هەیە، وا هەست دەکەم کارێکی پیرۆزە و هیچی کەمتر نییە لە ڕۆنانی ژێرخانی وڵاتی کوردان. نووسەرێکی عەرەب دەڵێ: تەنها چیا هاوەڵی کوردانە، ئەمە یانی چی؟

ئێستا لە سایەی حکومەتی -هەزاران ساڵ چاوەڕێکراوی کوردستان-، چەند شەقام دروست بکەین با ئەوەندەش کاری ئەدەبی کوردی بە جیهان بناسێنین، چەند باڵەخانە قیت بکەینەوە با دوو ئەوەندەش شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانوگەری کوردی وەرگێڕینە سەر زمانەکانی جیهان. سەربەخۆیی وڵات پەیوەستە بە پێشکەوتن لە هەردوو بواری لێکنەترازاو: سەرخان و ژێرخان. لە لایەکی دیکەوە، ڕاستە سەدەها نامەی ماجستێرو دکتۆرامان هەیە لە سەر شاعیران و نووسەرانی کلاسیک و کۆن و نوێ، بەڵام ئەوەی دەیبینین تەنها کورتە باسێکە بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی لە کۆتایی نامەکان پەراوێزخراون. دەبا ئەم نامانە تەرجەمە بکرێن تا بزانرێ بیرمەندی ئەکادیمی کوردی لە ڕووی بیرکردنەوەو دنیابینییەوە گەیشتۆتە چ ئاست و پلەیەک، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو گەلانی دیکە شانازی بە بیرمەندەکانمانەوە بکەین! جگە لەمانەش، بە زمانی کوردی چەندین کتێبی نایاب و شاکارمان هەیە دەربارەی سیاسەتی کوردی و چۆنیەتی ڕوانینی سیاسییە کوردەکان بۆ دەوروبەر و جیهان. دەبا زبارەیەک بکەین، لەو رۆژگارە سەربەخۆیە، هەموو ئەو کارانە وەرگێڕینە سەر زمانە بیانییەکان، با بزانیین ئەم هەڵمەتە، چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت و خوێندەوارانی جیهان -پاش خوێندنەوەی کارە تەرجەمەکراوەکانمان- چۆن تەماشای ئێمەی کورد دەکەن؟ پرسیار: بۆ ئێمە هەر خەڵکانی دنیا بخوێنینەوە و ئەوان نەمانخوێننەوە؟ ئایا ئەوان دەبێ فێری زمانی کوردی بن یان ئێمە شاکارەکانی خۆمانیان بۆ تەرجەمە بکەینەوە؟ ئایا ئینگلیز و فارس و تورک و ئەسپان و ئەڵمان و عەرەب و.. هتد، چەند بودجە خەرج دەکەن لە هەموو جیهان بۆ پێناساندنی زمان و کەلتووری خۆیان چ بە تەرجەمە یان بە کردنەوەی چەندەها دەزگای فێرکردنی زمانەکانیان لە وڵاتانی جیهان؟ بۆ ئێمەش نەخوێندرێینەوە؟


من بۆ خۆم زۆر بیانیم دیوە هاتوون بۆ کوردستان بۆ کاری بەشداریکردن لە بواری ئاوەدانکردنەوە ئەو ساڵانەی لە ڕێکخراوە خێرخوازەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا کارم دەکرد. بۆ ماوەی شەش ساڵ لە کارکردنم لە (UNHSP-Habitat)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ چەندەها ئینگلیز و ئیتالی و سویسری و شیلی و ئەڵمانی و ئوسترالی وسویدی و ئەفریقاییەکان و وڵاتانی دیکە باسی کوردمان کردووە، سێ ساڵی دیکەش لەگەڵ کۆمپانییە ئەمریکییەکان. ئەو زانیارییانەی دەربارەی کورد و کوردستانیان هەبوو، چەند شتێکی ساکار زیاتر نەبوو یان هەر زانیارییان نەبوو، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و نووسینی کوردی. کەچی هەندێکیان دەستی نووسین و ئەدەبیشی هەبوو، خۆی بە بیرمەندێک دەزانی، بەڵام کە دەهاتینە سەر باسی کورد، شتێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو تاکو بتوانن لە شوێنێک لە دەرەوەی کوردستان باسی لێوە بکەن. ناویان لێنابووین بەستەزمانەکان (Vulnerable People) و لێقەوماوەکان (Afflicted) و دەرکراوەکان (IDPs). ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆیتەرزی بەریتانی و ئاساهی یابانی (Asahi Shimbun) و فۆکس نیوزی ئەمریکی و ئەسۆشییەیتد پرێس (AP) کە زیاتر لە ١٧٠٠ رۆژنامە و نزیکەی ٥٠٠٠ ئێستگەی رادیۆی هەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەتا دەزگایەکی هەواڵی هیندیش و چەندەها ئێزگەی تەلەفزیۆنی جیهانی، کاتێ دەردەچووین بۆ سەردانی پرۆژەکان لە گوندەکانی کوردستانی -ئەو سات کاولکرابوو-، شتێکی بە سەنگیان لا نەبوو دەربارەی ئەدەبی کوردی. با ئەوەش بڵێم کە ئەو زانیارییانەی لە ئینسایکلوپیدیایە جیهانییە ناودارەکانیش هەیە، دەربارەی کورد، لەو ئاستە نییە بکرێتە بابەتێکی زۆر نایاب و سوودی لێ وەربگیرێ. باسی کورد ناکرێ وەک خاوەن ژیارو شارستانییەک، تەنها باسی شوێن و جوگرافیا و ژمارەی –بەگومانەوە- دانیشتوان و کێشەی نەتەوایەتییان بە درێژایی مێژوو و چەند زانیارییەکی دیکە دەربارەی ژێر دەستەیی و ستەم و بۆ ساڵەهای ساڵ، کورد چی لەبەر دەکەن و چۆن دەگوزەرێن و چۆن ژن دێنن و چۆن هەڵدێن لەم سنوور بۆ ئەو سنوور و چۆن هەڵپەڕکێ دەکەن! کەس ناڵێ کورد چۆن بیردەکاتەوە و چۆن تەماشای هەبوون و نەبوون دەکا!

خاڵێکی گرنگی دیکە هەیە ئەویش بوونی سەدەها بیانی لە ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستانی ئێستا، ئەوانەی لە بوارەکانی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و دبلوماسیەت کار دەکەن یان یارمەتی جۆراو جۆر دێنن. ئەم بیانییانە جار و بار سەردانی پەرتوکخانەکانی ناو شارەکان دەکەن و دەگەڕێن بەدوای کتێبی تەرجەمە کراو بۆ زمانی ئینگلیزی یان زمانە جیهانییەکانی دیکە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زانیارییان دەربارەی کوردو کوردستان. بەڕاستی ئەم کەسانە زۆر جار تووشی شۆک دەبن، کاتێک دەبینن کە لە بازاڕەکانی کوردستان هیچ سەرچاوەیەکی وایان بەدەست ناکەوێ بۆ ئەم مەبەستە. چەند برادەرێکی خاوەن پەرتووکخانە بە ڕاشکاوی باس لەم خاڵە دەکەن، کە رۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەگەڵ بیانییەکان کاتێ دێن داوای کتێبی کوردی تەرجەمەکراو دەکەن.

قۆناخی ئێستا دەبێ گرنگییەکی زۆر بە بواری تەرەجەمەی ئەدەبی کوردی بدات بۆ بەدەرەوەناساندنی هزر و هۆشمەندی کوردان. بیرکردنەوەی کورد تەنها بیرکردنەوەی سیاسییەکانمان نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی تاکی نووسەر و شاعیری کوردیشە. دەبێت بیسەلمێنین کە کوردیش خاوەن بیر و لێکدانەوەیە و لە دنیا دەگا و ئاگاداری جموجۆڵی هزری مرۆڤە لە سەرانسەری جیهان، با بیسەلمێنین کە کوردیش بای ئەوەندەی پێیە بەشداری لە گەشە و نەشونمای کۆمەڵی مرۆڤایەتی و ڕۆژگار بکا و کوردیش دەیەوێ شان بەشانی میللەتانی جیهان بەرەو پێش بچێ و لە باتی شەڕ با ئاشتی بە خەڵکانی جیهان پیشان بدەین بەرێگەی کتێبە تەرجەمەکراوەکانمان تێیانبگەیەنین، کە ئێمەش خاوەن بیرین. با ئەوەش لە بیرنەکەین کە کۆمەڵگەی زیندوو پڕە لە گۆڕانکاری و هزر و ڕوانینی نوێ، یەکێک لەو ئامێرانەی کە بەکار دێ بۆ دوکیۆمێنتکردنی ئەو گۆڕانکارییانە، جموجۆڵێکی بەربڵاوی تەرجەمەیە لە هەموو ڕووەکانی بەرهەمەکانی مرۆڤی کورد تا دەوروبەر و جیهان بزانن کە نووسەری کوردیش فرە ڕوانینی هەیە و خاوەن کۆمەڵگەیەکی زیندووە. دەبێ لە ڕێگای تەرجەمەوە بۆ ئەوانی دیکە بسەلمێنین کە کوردیش کەلتورێکی هزری دەوڵەمەندی هەیە و پێکهاتووە لە واتا شارستانییە زیندووەکان. وتەیک هەیە دەڵێ: بەبێ کتێب مێژوو سفرە، ئەوهاش مێژوو بە بێ تەرجەمە نزیکی سفرە. لەلایەکی دیکەوە ئەو بیرمەندانەی کورد، کە بەرهەمێکیان دەکەوتە بەر دەستان، بێگومان خولیای ئەوە دەبن ئاخۆ بەرهەمەکەیان تا کوێندەری دەڕوا. خەونێکی خۆشە، ئەگەر نووسینەکانیان کە ڕەنگدانەوەی بیری کوردانی شوێن و کاتی کوردستانی ئێستایە، تەرجەمە بکرێنە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان وەک نامەیەک ئاراستەی هەموو دنیا بکرێ، کە کوردیش لە ڕەوتی راستی جیهانبینی بێبەش نییە و شتی پێیە. با تێیان بگەیەنین کە نەژادی کورد جنۆکە نییە!!


بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم خزمەتکردنی چەند ناوێک دەسپێکی کارەکانە. بێگومان دەبێ لە کەسێکەوە دەستپێبکەم و هیوادارم توانای بەردەوامبوونم هەبێ بۆ خزمەتکردنی دەیان یان سەدان شاعیرو نووسەری کورد. هەڵبژاردنی دەقیش بابەتێکی خودییە و پەیوەندی بە ئەو چەمکانەوە هەیە کە لەگەڵ تام و چێژی خوێندنەوەکانی من دەگونجێ. جاروباریش پەنا دەبەمە بەر هەندێک دۆست و برادەری ئەدیب یان ئەدەبدۆست بۆ ڕا وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتەی دەمەوێ تەرجەمەی بکەم. با ئەوەش بڵێم کە چەندەها جار لەگەڵ نووسەران دانیشتووم و پرسیارم ئاراستەکردوون بۆ روونکردنەوەی هەر واتایەک ئەگەر تووشی دوودڵی کردبێتم، بەتایبەتی لە دەقی شیعری، چونکە زمانی شیعر چەندەها راستان و تەختان و ئاستی جۆراوجۆری مانای هەیە پێویستە تەرجومان ئاگاداریان بێت و تەرجەمەی شیعریش نابێ تەرجەمەی وشە بۆ وشە بێ، ئەگینا دەبێتە تەرجەمەیەکی ڕۆژنامەنووسانە و دوور لە روحی شیعر و هیچیتر نا.

**بەشی یەکەم**












# دەزگای بەدرخان بڵاوکراوە کوردییەکان لە بەسرە ئازاد دەکات

**ڕاگەیاندنی دەزگای بەدرخان**

پاش ئەوەی لەلایەن "فەرید ئەسەسەرد" بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کتێبی"ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩١٤ – ٢٠٠٥"نووسرا و ئامادەکرا، بەهاوکاری هەردوو ئامادەکار "وشیار محەمەد ئەمین خۆشناو و سەردار محەمەد" توانیان لە وڵاتی چین لەگەڵ چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی کۆمپانیای پێنووس، کە ئەوانیش بریتی بوون لە"ئەتڵەسی گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان و ئەتڵەسی شاری هەولێر بە زمانی کوردی، نەخشەی عێراق بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، نەخشەی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی".


ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٣ کاتێک بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن و دەستخۆشی لە بەڕێز"فەرید ئەسەسەرد"ئەویش بە دڵتەنگییەوە باسی لەوەکرد، کە ماوەیەکە ئەو ئەتڵەسە گەیشتۆتە"بەسرە"و لە "میناى ئەبو فلوسە، لە ئەبو خەسیب" لەلایەن حکومەتی عێراقی دەستی بەسەردا گیراوەو نایەڵن بێتەوە کوردستان، ئەگەر ڕەزامەندی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی دارایی و دەستەی گشتی گومرگ لە عێراق وەرنەگیرێت لەبەر"سەلامەی فیکری" ئەوا دەبێ هەر لەوێ بێت.

بۆیە پاش ئەوەی "حەمید بەدرخان"بە تەلەفۆن پەیوەندی بە کاک"فەرید"کرد، کە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٥ بە هاوڕێیەتی وشیار محەمەد ئەمین خۆشناو دەچین بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ بەسرە، بەڵکو بتوانین ئەو بڵاوکراوانە ئازاد بکەین و بیهێنینەوە کوردستان، هەرواش دەرچوو.

ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٥ کاتژمێرەی بەیانی "حەمید بەدرخان و وشیار محەمەد ئەمین خۆشناو"بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن و یەکەم وێستگەیان وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقی بوو، کە لەلایەن بەڕێز"فەوزی ئەتروشی" وەکیل وەزیری ڕۆشنبیری عێراق بە گەرمی پێشوازی کران و پاش ئەوەی کێشەکەیان پێڕاگەیاند ئەویش زۆر مەردانەو کوردانەو لەخۆبووردووانە نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی دارایی عێراق کرد، بە ژمارەی"م١و/ن/٤٤٩"لە ٢٠١٠/١٠/٢٥، وەزارەتی داراییش بەژمارە "١١٥٣٢" لە ٢٠١٠/١٠/٢٦ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ناوچەی باشوورکرد، کە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئەبو فلوسە کە هاریکاری و کارئاسانیان بۆ بکات، ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٦ بە هاوڕێیەتی بەدرخان و خۆشناو بەرەو بەسرا بەڕێکەوتن، ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٧ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی باشوور کرا، ئەوانیش بە نووسراوی ژمارە"٢٠٧١٣"ئاراستەی گومرگی"ئەبو فلوس"یان کرد، کە کارئاسانیان بۆ بکەن و ڕێگەیان پێ بدەن، کە بڵاوکراوەکانیان بیبەنەوە بۆ کوردستان.

بەمجۆرە دەزگای بەدرخان ئەمجارەشیان توانی وەکو هەموو جارەکانی دیکە، کە شانازییەکی دیکە تۆمار بکات و هیوا خوازیشە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەلامەی فیکری ڕێگری لە هەموو ئەو کتێبە خراپ و نا شیاوانە بگرێت، کە کوردستان دەگەڕێننەوە سەردەمی جەهالەت.

**تێبینی: لەکاتی سەردانی بەدرخان و خۆشناو بۆ بەسرە هەردوو بەڕێزان حەکیم و فیراس هاوکارمانبوون جێگای ڕێز و سووپاسبوو**



فەرید ئەسەسەرد



لە ڕاستەوە: فیراس ، وشیار خۆشناو ، حەکیم تەمیمی ، حەمید بەدرخان. شەوی 2010/10/26 - بەردەم پەیکەری شاکر سیاب




REPUBLIC OF IRAQ
MINISTRY OF FINANCE
GENERAL COMMISSAR
FOR CUSTOMS
SOUTH





Republic of Iraq
Ministry Of Finance




Republic of Iraq
Ministry of Culture






www.arsivakurd.org

# یەكەمەكانی بەشە كوردییەكان 2009 - 2010




ڕوناک غازی محەمەد   یەكەمی یەكەمەكان



هەژار كەمال یوسف



كاوە تاهیر زاهیر



دنیا شەهاب عەلی



وەلات تاهیر محەمەد

## تابلۆی شانازی

**ئامادەكردنی : پڕۆفیسۆر د. وریا عمر ئەمین**

| پلە قوتابیی یەكەم | كولێژ و زانكۆ | ڕێژە |
|---|---|---|
| 1- ڕوناک غازی محەمەد | زمان ـ بەغداد | 91.08 |
| 2- كەریم ئیبراهیم سایەخان خدادا | پەروەردەـ بەغدا | 90.65 |
| 3- وەلات تاهیر محەمەد ئیسماعیل | ئاداب / ئێوارانـ دهۆک | 86.73 |
| 4- كاوە تاهیر زاهیر | ئاداب ـ دهۆک | 85.96 |
| 5- هەژار كەمال یوسف | پەروەردە بنیات ـ دهۆک | 85.86 |
| 6- شنۆ نەجات ئەسعەد | پەروەردە ـ سەلاحەددین | 85.45 |
| 7- عومەر عەبدولرەحمان عومەر | پەروەردە ـ ڕانیە | 85.14 |
| 8- دنیا شەهاب عەلی | زمان - ئێواران ـ سەلاحەددین | 85،07 |
| 9- ڕێژنە سەیفەدین حەسەن | زمان ـ سەلاحەددین | 84.92 |
| 10- كاروان جومعە ڕەحیم محەمەد | پەروەردەی چەمچەماڵ | 83.47 |
| 11- ئەرمەن حەسەن ساڵح | پەروەردە ی كەلار | 81 |
| 12- كامەران بابەكر | پەروەردەی بنەڕەتی ـ سەلاحەددین | 81 |
| 13- موژدە ئیسماعیل نوری | خانەقین | 80.42 |
| 14- كامیل قانیع ئیبراهیم | زمان ـ سلێمانی | 78.41 |
| 15- نیعمەت سابیر عوسمان | سۆران | 78 |

# چۆن لە بۆچوونەكەی من دەڕوانی

**فەیسەڵ عەلی**


ئەوەی لە گفتوگۆكانی ڕۆژانەمان وردبێتەوە تێبینی خاڵی هاوبەشی دەكا، كە هەموو گفتوگۆكانمان لێی بەدەر نییە، ئەویش جیاوازی بیروڕایە، بێگومان ئەویش سروشتێكی مرۆییە لەهەموو كۆمەڵگە مرۆییەكاندا باوە.
هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر مرۆیەک پاشخانێكی پەروەردەیی و كلتووریی و ئابووریی خۆی هەیە، جیاوازی بیروڕا بەسەر گفتوگۆكانی لەلایەک لایەكی تردا دەسەپێنێ ئەو جیاوازییەش لەو پاشخانەی هەریەک لەو دوو لایەنەی گفتوگۆكارەدا هاتووە، ئەوەش بۆشاییەک لە نێوان هەردوو بۆچوونەكەدا دروست دەكات، ئەو بۆشاییە بەپێی رووبەری جیاوازی نێوان پاشخانە پەروەردەیی یان كلتووری یان ئابوورییەكانی هەر دوولایەن فراوان یان تەسک دەبێتەوە.
زۆربەی كات ئامانجی گفتوگۆكان نزیككردنەوەی نێوان بیروڕاكانە لەڕێگەی تەسككردنەوەی بۆشاییەكانی نێوانیان، یان گەیشتن بە بیروڕایەكی هاوبەش یان لایەک بڕوا بەبیروڕای لایەكەی تر دەهێنێ یان هەردوولا سوورن لەسەر بیروڕاكەی خۆیان و بێ ئەنجام كۆتایی دێت. زۆرجار دەرئەنجامی سروشتی هەر گفتوگۆیەكی بابەتیانە بەیەک لەم دوو حاڵەتە بەدەر نابێت، ڕێككەوتن لەسەر ڕایەک لەو دوو بیروڕایە یان قبوڵكردنی بیروڕای لایەنێكی ئەو دوو لایەنە، هیچ زەرور نییە لایەک بەردەوام بیەوێ بیروڕاكەی خۆی بسەپێنێ تادەگاتە ئەنجام، ئەویش لەبەر یەک هۆكار، چونكە ئەگەر گفتوگۆی بابەتیانە ئەو میتۆدە پەیڕەو بكا ئەوا گفتوگۆكە دەبێتە جەدەل، ئەوەش ئەو هێڵە باریكە جیاكەرەوەی نێوان گفتوگۆی بابەتیانەو جەدەلە.
بەتێڕوانینێكی ورد بۆ هەموو خاڵە جیاوازەكانی ناو كۆمەڵ، دەگەینە ئەوەی كە گرنگترین هۆكاری جیاوازی بیروڕا ڕێک نەكەوتنە لەسەر چەمكەكان. چونكە هەردوو لایەنی گفتوگۆكار لەسەر بنەمای پاشخانە پەروەردەیی و كلتووریی و ئابوورییەكی خۆی پێناسەی ئەو زاراوەیەی جێی گفتوگۆیە دەكات، كە مەرج نییە لەگەڵ پاشخانی لایەكەی تردا بگونجێت، جیاوازیی بیروڕاكە دەرئەنجامێكی سروشتی ئەو پاشخانە جیاوازەیە.
بۆیە دەكرێ ئیدارەی ئەم جۆرە جیاوازیانە بدرێ لەڕێگەی تێگەیشتنی ئەوەی هەر لایەنێكی گفتگۆكە مەبەستێتی لەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەكەن، ئینجا لەو تێگەیشتنە هاوبەشەوە بیروبۆچوونەكانی خۆیان بخەنەڕوو و بەرگری لێ بكەن و بۆشایی جیاوازییەكانیان تەسک بكەنەوە. پرسیكی لەو جۆرە ڕاهێنان و مومارەسەیەكی زۆری دەوێ بۆ تێگەیشتن لە نەفسیات و پاشخانە كلتووریی و پەروەردەیی و ئابوورییەكان و دیاریكردنی ئامانج لەگفتگۆكە، تادەگاتە چارەسەركردنی خاڵە جیاوازەكان لەڕێگەی پەیوەستكردنی بەخاڵەكانی ڕێككەوتن، هەروەها بەراوردكردنیان بۆ ئەوەی بگەنە بڕوایەكی هاوبەش بۆ گرێدانی هەردوو بیروڕاكە.
بەچارەسەركردنێكی بابەتیانەی گفتوگۆكانی نێوانمان، دەتوانین سوود لەلایەنە ئیجابییەكانی جیاوازی بیروبۆچوونەكانمان وەربگرین، كە گرنگترینیان گواستنەوەی مەعریفەیە. بەبێ جیاوازی ناتوانین شارەزایی لە لایەنەكەی بەرانبەرمان وەربگرین، جیاوازیمان لەگەڵیدا وای لێ دەكات بەشێوەیەكی دروست تێگەیشتنەكەی خۆی كەدەرئەنجامی پاشخانە جیاوازەكەیەتی بگوێزێتەوە، ئەوەش وامان لێ دەكات كە بەكراوەیی و عەقلانی و شارستانییەوە لەگەڵ هەموو سەرچاوە فكرییە جیاوازەكاندا بەبێ هیچ هەڵچوونێک مامەڵە بكەین، بەهوشیارییەوە ئەوانە وەربگرین، كە سودمان پێ دەگەیەنن و بەئازایەتیشەوە ئەوانە ڕەتبكەینەوە كە زیانمان پێ دەگەیەنێت.
ئەم سەردەمە سەردەمی مامەڵەكردنە لەگەڵ شارستانییە جیاوازەكان، كە بووتە ئەركێكی حەتمی و هەلومەرجەكانی دەوروبەر بەسەرماندا دەیسەپێنێت. چیدی مومكن نییە پێشبكەوین و بەجیهانی پێشكەوتوو بگەین ئەگەر هاتوو توانای هەڵمژین و فلتەرەكردنی بیروبۆچوونەكانمان نەبێت.

# تنۆكە فرمێسكێک: بۆ هونەرمەندی گوناح سەفوەت جەراح

**ڕابەری سەید برایمی**

**باوەک عەكسی قەمەر نەبێ لەناوحەوزێكی لێخندا، باقەدری سەنعەتكاران، بەهرەداران، ناویان بمێنێ لەپاش مردندا، بائەمەكداربین، وریاو هۆشیاربین، هەروەک شاعیری نەمر (عاصی ) دەڵێ : بابێ وەفادەرنەچین: چونكە مەدحی شارو ئەهلی بەهیچ كەسی ناكرێ ئەهلی دیقەت بێتەكۆیە فیكری خۆی باڕاگرێ**

بەهرەداریێ، شانۆكاریێ، تیشكی ئەستێرەی پرشنگداریێ، لەسەری سەراو كۆساریێ، لەعاسیمەی سوڵتانی زەوق، شەوق دەداتەوە شەوق، شاری كۆیەی پێ بەختەوەرە، بەوبەهرەوەرە، ئەوئەكتەرە، دەرهێنەرە پڕهونەرە، ئەوزاتە هونەرمەند سەفوەت جەراحە، ( دەڵێن ڕاحەتی ئەڕواحە ) سەفوەت عەلی، لە تیرەی نانەكەلی، باپیری جەڕاح، باوكی كارمەندی تەندروستی بەڕەسەن هەولێرین، خۆوبەختی زێرین، كەوتوونەتە كۆیە، سەفوەت عەلی حاجی محەمەد نانەكەلی لەساڵی ١٩٣٥ لەگەڕەكی قەڵاتی شاری كۆیە، هاتۆتە ژیان ( گلەی ناكا ئەوەندەی دەنكە جۆیە ) لەكۆیە خوێندوویەتی، بۆ یەكەم جار تیپی سینەمایی گەڕۆک، هاتۆتە نێوان حەمامۆک و چنارۆک، فلیمی سینەمایی یان نمایش كردووە، لەوێوە عەشق و عەوداڵی نواندن و شانۆ بووە، ساڵی ١٩٤١ ئەونمایشەی لەكۆیە بینیوە، خولیایەكی سیحری و بەردی بناغەی پێ هەڵچنیوە، وەک دیارە لە مێژووی شانۆ، ساڵی ١٩٥٧ یەكەم كچ تەختی شانۆیی پیرۆز كرد،بووە ئەستێرەی ئاسمانی شانۆ ( خێریە عەبدول ڕەحمان ئەحمەد ) بووە لەكۆیە ڕۆڵی كچە شەهیدی بینیوە عەبای فڕێ داوە، لەدەقی شانۆگەری لایداوە، حەماسەتی خولقاندووە، جەماوەری واجۆشاندووە، وایی زانیوە ڕاستی ڕوویداوە ئەو ئەستێرە گەشە، نەوەی مەلا ڕەشە
ست ( خێریە ١٩٤٣ – ١٩٧٧ ) شەرەفی یەكەم ئەكتەری ئافرەتی پێدەبەخشرێت، لە دادگای ویژدان و داد پەروەریی، هەرچەند لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ لەكۆیە لەئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی ) خاتوو (لوتفیە عبدولقادر) ڕۆڵی خزمەتكاری بەبێ ووتە بینیوە بەڵام ڕۆڵی كەم و كورت بووە، ئەمیش وەک ئافرەتێكی ڕاستەقینە، لەمێژووی شانۆ هەر لە پێش و یەكەمینە، پاش ئەو لەساڵی شەستەكان،
خاتوو ( ماریا خەمۆ ئیسرائیل یۆنان ) ماریا باكوری، چۆتە سەرشانۆ بەسەربەرزیی و ڕووسوری،
هەروەک ( عاصی ) شاعیر دەبێژێ :
**شوكرولیلا ئەهلی كۆیە بوونە یەكەم بەهرەوەر لایەقی هەرنەوعە .مەدحن شارو چیاو دەشت و دەر ئەهلی فەزل و ئەهلی غیرەت هەق پەرست و باخەبەر شێری مەستن بۆ شەجاعەت چاونەترس و پڕهونەر مەزرەعەی ئەوسافی زەوقیان لایەقە بۆ خۆشە چین**
سەفوەت جەراح لەوشارە گۆش كراوە، لەكوورەی هونەرو ئەدەب جۆشدراوە، بەو خەونی ئەوینی شانۆوە، بەوپەڕی زەوق و باوەڕبەخۆوە، سەرئەنجام بەشی شانۆی هونەرە جوانەكانی لەساڵی ١٩٥٩ لەبەغدا تەواو كردووە، دراماو شانۆی بەرەو پێش بردووە لە ئاسمانی هونەر بۆتە ئەكتەرو دەرهێنەرێكی مەزن و لێوەشاوە، وەک ئەستێرەیەكی گەش و پرشنگو درەوشاوە، بەشداری دەیان فلیمی سینەمایی و زنجیرە تەلەفزیۆنی عەرەبی كردووە
مەلۆی خەرمانەی بەرهەمی هێندە بەبەرەكەتە، ئەو هونەرمەندە، ئەو خۆشەویستە، ئەو سەفوەتە،
یەكەم دەستپێكی كاری شانۆیی لەساڵی ١٩٥٤ لەهەولێر لە شانۆ گەری ( عوتێل ) ی شكسپیر پێشكەش كردووە، ئەو زاتە مەزنە، ئەوپیاوە، ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە، چونكە بەئەركی پێشكەوتنی هونەری زانیوە،
جگە لەوەش بەهرەی هەبووە لە موزیک و ئاوازو گۆرانی، نەک لەنواندن لەو بوارانەش لێ دەزانی، سەرنوسەر بووە لە گۆڤاری سینەماو شانۆ، توانایەكی دیكەشی هەبووە لەبواری ڕۆژنامەوانی،
ساڵی ١٩٤٥ لەكۆیەماڵیان باری كردووە، لەوێوە خووی بەعەشقی شانۆوە گرتووە، لە پەنجاكان چۆتە ڕیزی حزبی شوعی، دوایی چۆتە بەغدا، زۆربەی ژیانی لەبەغدا بەسەربردووە، كاریگەری ( حەقی شبلی ) زۆر لەسەربووە، كەبەڕێوەبەری گشتی سینەماو شانۆو هونەر بووە، دوایی لەسەر خێران و بەخێر، گەڕاوەتەوە و هاتۆتەوە هەولێر، بەڵام ئاخ ساڵی ١٩٩٩،دابڕاوە لەهونەرو دراماو شانۆ، (كپ داگەڕان ) ی لێ داوە، بۆیە دابڕاوە، هونەرمەند سەفوەت جەراح، شەكەت و نەخۆش و گوناح، بێ چارەسەر بەدەردی سەر ماوەتەوە، وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، تالە ١٩ / ٧ / ٢٠١٠ بارگەی بە ئێجگاری بۆ ناو گۆڕ پێچاوەتەوە،
كپ داگەڕان ئەوەی كردی كردی، بۆیە مەرگ بردی، ئەوەندە ئەرجو و دەكەین لەلاتان،
(**بكەن یادی موحیبی بێ ڕیاتان**)



سەفوات جەراح

# ئـــــیلام شاری دێرینی کوردان

## ئیلام سەربەرز، ئەی شاری دێرین هاوزاراوەگەی بەدرەو خانەقین



هوشیار ئەحمەدی
Hoshyar_bu@yahoo.com

گەر نەڵێین کۆنترین دەتوانین بڵێین شاری ئیلام یەکێ لە کۆنترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە ئاوێنەی باڵانوێنی رەسەنایەتی دابونەریت و کولتووری کوردە. ئەو شارە جگە لەوەی دەتوانێ شانازی لایەنی مێژوویی و هەڵکەوتی جیۆگرافیایی پارێزگای ئیلام وەک شارستانییەتی لەمێژینەی کورد نیشان بدات، دەتوانێ بیسەلمێنێ کە گەلی کـورد لـە کۆنـترین گـەلـە نیشتەجێیەکانی گەلانی هیند و ئەورووپی و هیند و ئاریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەیەک بووە و هەیە کە ئێستا بە ئێران ناسراوە.

بەگوێرەی توێژینەوە مێژووییەکان لە مەڕ دیـرۆکـی کـولـتـووریـی ـ شـارسـتـانـیـی ئـەم پارێزگایە بە پێی بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوە شـوێـنـەوارنـاسـیـەکـان، بـە تـایـبـەت لە تەپۆڵکەگەلێک وەکوو "عەلی کش"، "چۆغا سپی ـ سەوز"، "خەزێنە" و.. لە "دێهلۆڕان"و"کزئاوا" و"کانی ماسی" لە "هلیلان" لە هەزارەکانی بەر لە مێژووداولێکۆڵینەوەی چڕ لە گۆڕستانەکانی سەردەمانی مێژوویی، "ورکبود"، "جۆگەی گەوهەر کول نسار"، "بردبال"و...ولێکۆڵینەوەی دیرۆکناسی "دەراو شـــار"(درە شـهـر) لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلام، دیرۆکی کۆن لە هەزارەی هەشتەمی پ/ز روون بووەتەوە.

پارێزگای ئیلام پڕشەنگدارە لە شارستانییەتی کۆنی نیشتیمانی دێرینی کـوردان. ئەم پارێزگایە و بەتایبەت شاری ئیلام بەشێکە لە شارستانییەتی ئیلامی دێرین کە نزیکەی 3000 ساڵ پ/ز پێکهاتووە و لەم سەردەمانەدا تا ساڵی 640ی پ/ز درێـژەی بە تەمەنی خۆی داوەوخاوەنی سەردەمانێکی زێڕینی دەسەڵاتدارێتی بووە. ئیلام لە نووسراوەکانی بابۆلی دا بە(ئالام یان ئالامتۆ) نێوی هاتووە کە بە واتای کوێستان یان (وڵاتی خۆرهەڵاتن ـ هەڵاتنی خۆر) ە و زۆر جاریش لە بەر جوانی و رازاوەییوسەرسەوزی بە نازناوی "بووکی زاگرۆس" (عروس زاگرس) ناو دەبرێ .

لە سەردەمانی ماد، "هەخامەنش"(ئەخمەنێش) "سلووکی"و"ئەشکانی" دا ئەم نیشتیمانە بە هۆی دراوسێیەتی لە گەڵ "هەمەدان ـ سنە ـ کرماشان ـ لوڕستان"ولە هەموان گرینگتر "شـووش" (خوزستان)دا پێگەیەکی تایبەتی هەبووە.

ئیلام لە سەردەمی ساسانییەکاندا بەهۆی نێزیکی لە "تیسفوون"ی پێتەختی ساسانییەکان و وەکوو شوێنێک لە چەشنی دەروازە بۆ چوونە ناو وڵاتی ئێرانەوە بایەخێکی سیاسی ـ جیوگرافی ـ ئابووری هەبووە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا نشتیمانی ئیلام لە ویلایەت گەلی "مێهرجانقزق" بە ناوەندێتی "سیمرە"و"ماسبزان" و هەروەها ناوەندێتی "سیروان" پێکهاتبوو کە بەهۆی چایی و شاخاوی بوونی ناوچەکانیەوە پاش داگیرکرانی لە لایەن عەرەبەکانەوە لە ژێر ناوی ئیسلام دا، نازناوی وڵاتی جبال یان کوێستانی لێنرا.

بەگشتی پارێزگای ئیلام ناوچەیەکی کوردنشینە کە لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران هەڵکەوتووە و لە باکوورە وە لەگەڵ شاری گەورە و کوردنشینی کرماشان، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ "لوڕستان"ولە باشوورەوە لەگەڵ "خوزستان" دراوسێیە. لە بەشی ڕۆژئاواوە 425 کم سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا هەیە.

ڕووبەری تەواوی ئەو پارێزگایە( 19044) کم چوارگۆشەیە کە بەشێکی ئێجگار زۆری ناوچەکانی ئیلام کوێستانی و شاخاوییە خـاوەن کـانگـاو کـانـزای چـڕەو راوگـە و لـەوەڕگـەی سـەرسـەوز وچـڕو پـارێـزراوە. شـاخ وکـێوی بـەرز و پۆشـراو لـە دارستان وتاڤگەی بڵیند و ڕووبـار و چۆمی گـەورەو پـڕئـاو ودەشـت ودیـمـەنـی جـوان ورەنگینی هـەیـەو هـەروەهـا هـەڵکەوتەکەی لـە بـواری وەرزەکـانـی سـاڵـدا بـە چەشنێکە کـە ناوچە گـەرمـەسـێروسـەردەسـێرەکـانی یـەکـتری لە ئامێز دەگرن وبەگشتی ئاووهەوایەکی لەبارو دڵفڕێن پێکدێنن.

جێگای ئاماژە پێدانە شاری ئیلامیش وەکو و زۆرێک لە شارەکانی دیکەی ڕۆژئـاوای ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە مەحکووم بە شـەڕلـێدراوی بـووە، ئـەم شـارە جگە لـەوەی کـە هـەر لـە کـۆنـەوە لـە لایـەن داگـیرکـەرانـی مێژووەوە بـەردەوام لەبەر هەڕەشەو هێرشدا بووە و چەندین جار لە لایەن سەرکەوتووانی شەڕەوە وێرانی و کاولکاری بە سەردا هاتووە، بۆ ئاخرین جاریش لە شـەڕی نێوان ئێران ـ عێراق دا یەکێ لە گۆڕەپانە بەردەوامەکانی شەڕی ماڵوێرانکەری ئەو دوو حکومەتە بوو کـە هـەم سیمای شـارەکـە و هـەم جەستەی ئابووری، کولتووری، شارستانی و مێژوویی ئیلام تووشی خەساری قەرەبوو نەکراوە بوو. خـەسـار گـەلێک کـە هـەنـووکـەش بیرەوەرییە تاڵەکانی بیرو زەێنورۆحی خەڵکی بێ تاوانی ئەو شارە دەڕەنجێنێ. ساڵانێکە بەسەر کۆتایی ئەو شـەڕەدا تێپەڕ دەبێت کەچی ئەو شارە هەروا برینەکانی شەڕ بەسیمایەوە دیارەو خەڵکی ئەو شارە، بە تایبەت گەنج و لاوەکان بۆ دابینکردنی بژیوییەکی (مەمرە و بژی) ژیانیان، ناچارن ڕوو لە شارە گەورە فارس نشینەکان وەکوو تاران، ئیسفەهان، شیراز و بەندەرەکان.. بکەن. ئەم پارێزگایە خاوەنی شەش شار بە ناوەکانی ئابدانان ـ ئەیوان ـ ئیلام ـ شیروان چڕداوڵ ـ مێهران و دێهلۆڕانە کە ناوەندی پارێزگاکەش خودی شاری ئیلامە، کە لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین زیاتر بیانناسێنین.






## جاریکی دیکە یاسای ڕۆژنامەگەری هەمواردەکرێتەوە



دڵزار حەسەن

بە هۆی نا تیگەیشتن و نەبوونی زەمینەیەکی فراوان لە ناو یاسای ڕۆژنامەگەری کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم ئیمزاکراوە، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی زۆری سکاڵا و سزاکان و جێبەجێکردنی یاسای سزاکانی ئێراقی بەسەر میدیا و ڕۆژنامەنووسانەوە. لەم چەند ڕۆژەی رابردوو، پرسی هەموارکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری خرایەوە ژێر باس. هەرچەندە تا ئێستا ئاشکرا نەبوە ئاخۆ ئەوە دەسەڵات و خودی پارتی دیموکراتی کوردستانە ئەو پرسەی وروژاندووە کە سکاڵایەکی زۆری لەسەر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسەکان تۆمارکردووە و لە پاشان بە هۆی فشارەوە لایبرد، یان واقیعی حاڵی ڕۆژنامەگەری و ناتێگەیشتنی دادگا و یاساکەیە ئەو باس و خواسەی دروستکردووە. بەهەرحاڵ هەر کامێکیان بێت، گرنگ ئەوەیە هەوڵێکی دەستە جەمعی لە ئارادایە بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە. لێرەدا پێویستە پرسیار لەوە بکەین ئاخۆ چ هەڵە و کەموکورتییەک لە یاساکەدا هەیە تا بگاتە ئەو ڕۆژەی کە هێشتا تەمەنی نەبۆتە سێ ساڵ داوای هەمواركردنی دەکرێت، یان ئەوە دادگا و یاساکانی دیکەی سزاکانن وای لە هەموو لایەک کردووە بیر لە چارەسەری دیکە بکەنەوە؟!!. لە هەردوو حاڵدا هۆکار و کەمتەرخەمی بەدی دەکرێت. یەکێک لەو کەمتەرخەمیانە ئەوەیە یاسای ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە پارێزگاری تەواو لە ئازادی نووسین و ڕادەربڕین بکات و زۆرێک لە مادده و بڕگەکانی بە مەتاتی و هەڵواسراوی جێهێشتوە، بۆیە دادگاکانی کوردستان وەک خۆیان دەیڵێن بیریان لە مادده و یاسای سزاکانی عێراقی کردۆتەوە کە زۆر بە زەقی و بێ پەردە سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە سنووری ئاسایشی نەتەوەیی و نەریتی گشتی دەبەزێنن. هەندێک لە پەرلەمانتاران و یاساناسان و ڕۆژنامەنووسانیش ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هەڵەیەی کە ماددەی ئادابی گشتی و ئەمنی نەتەوەییان لە یاسای ڕۆژنامەنووسی هەڵگرتووە. لێرە ئەو راستییە دەردەکەوێت، کە یاسای ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە تەلبەندێکی بتەو و بە هێز بۆ پارێزگاریکردنی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان بکێشێت، بۆیە زۆر بە ئاسانی کەوتینە داوی یاسای سزاکانی عێراقەوە. بێگومان لەمەیاندا ئێمەی ڕۆژنامەنووسان زیانێکی گەورەمان کردوو، دواجار کەوتینە داوی یاسای دیکەوە. باشە ئێستا دەبێ بپرسین چ لە یاساکە هەمواربکەین و چۆنیش هەمواربکرێت، یان دوای ئەو هەموارکردنە چارەنووسی سزاکانی عێراقی چی لێبەسەردێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی تازەی ئەو یاسا هەموارکراوە دەکات؟!!!. گەر ماددەی نەریتی گشتی و ئاسایشی نەتەوەییمان دانایەوە و شەرحی خۆیمان بۆ کردوو سنووری ئازادیمان بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان فراوانترکرد، دەبێ هەڵویستی دەسەڵات و دادگاکان چۆن بێت؟ لە کاتێکدا داواکاری گشتی کوردستان و دادگاکان هێشتا بە تەواوی سەربەخۆ نینە و پێشێلکاری جۆراو جۆریان لێچاوەنوارڕدەکرێت. پێموایە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی ئێمە" دیارە مەبەستم کۆمەڵگە و دادگا و ڕۆژنامەنووس و دەسەڵاتیشە" هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی یەکتر بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و کلتووری مەدەنیانەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو مومارەسە دەکرێت، ئێمەش بەو شێوەیە درێژە بە ژیانی هاوچەرخانەی خۆمان بدەین. کەوایە ئەو هەموارکردنەش تینویەتی هیچ لایەکمان ناشکێنێت و ڕەنگە هەمان پێکداکێشان لە نێوان دەسەڵاتەکان ڕوو‌بداتەوە. ڕەشبین نیم بەرامبەر هەوڵی هەموارکردنەکە، بەڵام گەشبینیش نیم ئەم هەوڵە سەربکرێت. تا دەسەڵات بەشێک لەو غرورەی کە هەیەتی بەرامبەر بە دەستکەوتە سیاسی و نەتەوەییانەی وازلێنەهێنێت، دادگاش دەبێت لەمەوداو لەوە تێبگات ئەو نوێنەرایەتی یاسایەک دەکات بەرژەوەندی گشتی تێدایەو بۆ کۆی کۆمەڵگە وەک یەکە، نەک جیاوازی لە نێوان ئەوو ئەم و ڕەش و سپیدا بکات. ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی ئێمەش زەرووە لەو خۆ بە سەنتەر و فریشتە زانینەی واز لێبێنێت و ئیتیک و ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی لە بەرچاو بگرێت، نەک خۆی هێندە سووک بکات و ببێتە داردەستی ئەوو ئەم، لەلایەکی دیکەوە بەردەوام لە بۆسە دابنیشێت بۆ نوقرچە لێدانی دەسەڵات و حکومەت و دام و دامەزراوەکانی. بێگومان گەر ئەوەمانکرد ئینجا هەر هەموارکردنێک لەم یاسایە ڕوو‌بدات دواجار ناچار نابین یەکتری بە پێشێلکردنی یاسا تۆمەتباربکەین.

# سیاسەتمەدار و پارێزەر و نووسەر کاردۆ گەڵاڵی



ڕزگار سەید کاکە ڕەش

**بەفر و خوێن ...!؟**
**بۆ شەقامی گلۆپ تاک تاک**
**لە ناو گەشتی هاوڕێیەتی،**
**خولاینەوە .**
**ڕووە و چاوی دەیان ناپاک**
**جماین بەکۆڵ**
**ڕشاینەوە.**
**کاتێ دیمان،**
**مانگ گیرا بوو...**
**ئەستێرەکان، زەردهەڵگەڕان**
**ڕێچکەی ئافرەت،**
**خڕ تەنرا بوو**
**چەقەوانەی بێ وێنەکان**
**ئابڕووی دەتکان .**
**ڕۆژێ دەبێ ....**
**ئا ئەوانەی ڕێمان دەگرن**
**گوللەی کاروان دەیان پێکێ**
**دەمرن، دەمرن**
**ئینجا شێوەی ...**
**وشەکانیش لە چوارچێوەی**
**قەفی پێوەند، ڕزگار دەبن**
**ڕزگار دەبن....**
**( کاردۆ گەڵاڵی )**

باهەمومان پێکەوە یادێکی کاردۆ گەڵاڵی شار و سوارەی پێشمەرگەی شاخ بکەینەوە .. کاردۆی پارێزەر کادیرێکی چالاکی شۆڕشی ئەیلول، مرۆڤێکی ورە بەرز و چاونەترس ڕۆڵێکی دیاری لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستدا هەبوو، چالاک و کارا لە خەباتی ڕێکخستنی بزووتنەوە کاری دەکرد، توانی کۆمەڵێک خوێندکار و لاوی لە هێلی ڕێکخستنەکان کۆبکاتەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە وشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی ئەو لاوانە ،. جگە لە خەباتی سیاسی خاوەنی گەلێک نووسین بووە لە هونەر و وێژەی کوردیدا، لە کۆڕی زانیاری کوردا کاری کردوە و دوو پەرتوکی بە چاپگەیاند و بڵاویکردەوە، ئەوانیش: عەلیشونهەڵگر و زێدەبایی .

چەندان پرۆژەی دەستنووسی هەبووە، بەنیازی لە هەلێکدا بە چاپیان بگەینێ، وەک دەڵێن : دوو کتێبی دەسنووسی لەسەر ( مێژووی قوتابیانی کوردستان ) و (ماتریالیزمی دیالیکتیک ) نوسی بوو . بە داخەوە پاش شون بزرکردنی کاردۆ ئەم دەستنووسە بە نرخانەش شون بزر بون .


بۆیە لای خۆمەوە حەزم دەکرد بۆ خوێنەرانی بەڕێز. سەرەتای نووسینەکەم بە شیعرێکی کاردۆ چەند نووسینێکی دسپێکرد.. لە مانگی ٢٢/ ٩/ ١٩٧٦ لە نووسینێکیدا بە وشەی جوان و پڕ لەماناوە دەڵێ : " با قودسیەتی ڕۆژنامەگەری بپارێزین، لە کەوانەی کاری نووسین و ڕۆژنامەدا دەستپاکی پێوانەی بەرهەمی ڕاسەقینە و ڕەسەنن . بەتایبەتی لە بەر ئەوەی ئەم مەیدانە دەرفەتێکە هەل و مەرجی هۆشیاری و ڕۆشنبیری لێرە دەرسێکت . مرۆی ڕەند و ئەمەکمەندیە چاوێکی پیرۆزەوە دەڕوانیتە ڕۆژنامەو ڕێزی نەریت و پێداویستییەکانی دەگرێت و ڕۆژنامەی وا ناسیوە، کە دەنگی هەقیقەتی توێژەکانی کۆمەڵە هەر بۆیەش خەڵکی بە چاوی قێز و بێزەوە دەڕوانە ئەوانەی سووکایەتی دەرهەق بە قودسیەتی ڕۆژنامە و نووسین دەکەن ...! ( نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب ) لێرەوە نۆرەی ئەوەمان دێت هاوار بکەین ..باوکم ئیدی با قەلەم و دەفتەریش بە دەست خاوەنەکانیانەوە بن .. ؟ . هومەرمەند و نوسەر و کارزان و ڕەنجدەری ڕەسەن، ئەو کەسەیە بەسەلیقەو قەناعەت و ڕاهاتنەوە تەرازویەکی هاوتا لەهەڵوێستی بەکردەوە و بیری ڕاستگۆیی هاوسەنگ بێنیەگۆڕێ .. " هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ لە نووسینێکیدا لە سەر توێژی قوتابیان دەڵێ : " قوتابیان بەشێکی گرینگ و پارچەیەکی گیانداری کۆمەڵگای کوردستان پێک دێنن، سەرەڕای ئەوەی لە شۆڕشی نەتەوایەتی کورد جوتیار، کرێکار و دۆستە نزیکەکانیان زەخیرە و سوتەمەنی ئەو شۆڕشەن، قوتابیانیش لە ڕێزی پێشەوە و لەگەڵ هالاوی گڕ و گڵپەی شۆڕش تەنیون و هەمیشە دەوری پیرۆزی خۆیان بە کردەوە ئیسپات کردوە و ئیسپاتی دەکەن ..."

بەڕێز کاک عادل موراد لە ئەلقەی نۆزدەم( کوردستانی نوێ) بە ناوی ئاسۆی مێژوو دەڵێ : " شەهید ساڵح یوسفی لەهاوینی ١٩٧٥دا داوای چەند کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیرە بنچینەکانی شۆڕشی کوردد اتاکو بارودۆخەکە تاوتوێ بکەن، سەرەتای دیدارە نهێنییەکان لەم بەڕێزانە دەستی پێکرد (عەلی عەسکەری، ڕەسوڵ مامەند، یەدوڵلاکەریم فەیلی، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، نوورەدین عەبدولڕەحمان، دکتۆر خالید سەعید، عومەر مستەفا دەبابە، شێخ محەمەد شاکەلی، نەجمەدین گلی، موقەدەم تایەری عەلی والی، سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەعدی عەزیز گچکە، لیوا عەزیز عەقراوی، مەلا ناسیح ئیسماعیل سەید ئەحمەد، عەلی عەبدوڵلا عەلی (عەلی هەژار)، عارەب عەبدولقەهار (کاردۆ گەلاڵی)، لەڕێگەی ئەمانەشەوە بارودۆخەکە لەگەڵ سەدان خەباتگێڕدا تاوتوێ کرا، لەوانە: سەید مەجید و محەمەد بەحرکە و مام یاسین مستەفا گەلاڵی و عەریف عوسمان و عەریف سەلیم و مامەحەمەدئەمین و ئەحمەد ماهی و سەلیم ئاغۆک و مەلا عومەری چل هەوێزە و سەعد عەبدوڵلاو سەید سەلیم ڕەواندزی و چەندانی دیکە بەجیا یاخود لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە، ئیدی بڕیاردرا کادرەکان ڕێک بخرێن تاوەکو بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەگژ ڕێوشوێنە ڕەگەزپەرستانەکانی ڕژێمدا بچنەوەو بڕیاردرا ڕێکخستنێک بەناوی (بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان) واش بڕیاربوو ١٩٧٦/١/١دا بزووتنەوەکە جاڕ بدرێت، بەڵام تەواو نەبوونی ئامادەکاریی پێویست جاڕدانەکەی بۆ کاتێکی دیکە دواخست، چونکە پەیوەندیی بەچەندین کادری شۆڕشی پێشوو نەکرابوو کە بەنهێنی لە ئۆردوگاکانی پەناهەندەیی لەئێراندا مابوونەوە، لەبەرئەوەی ساواک ( موخابەراتی شا) لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەی دەکردو هەر جموجۆڵێکی دژ بە بڕگە نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیرو ڕژێمی سەدام حسێن سەرکوت دەکرد، هەروەک بەڕێز ساڵح یوسفی بەنهێنی بەسکرتێری حزبەکە دەستنیشانکرا، چونکە تا ڕۆژی تیرۆرکردنەکەی لەڕۆژ١٩٨١/٦/٢٥نەیتوانی لەبەغدا دەربچێت. هەردوو شەهید عەلی هەژارو کاردۆ گەلالی بەسەرکردایەتی هەڵبژێدران، شێخ محەمەد شاکەلی-یش ئەڵقەی پەیوەندی بوو لەنێوان شەهیدی دامەزرێنەر ساڵح یوسفی و مەکتەبی سیاسییدا، کە ڕەسوڵ مامەند لەشاخ سەرۆکایەتی دەکردو هەریەک لەلیوا عەزیز عەقراوی و موقەدەم تایەری عەلی والی و سەعد عەبدوڵلاو محەمەد ڕەحیم خاڵە حاجی و سەید کاکە یاریدەیان دەدا، .حزبی سۆسیالیستی کوردستان توانی جەماوەرێکی فراوان لەشارو لادێکاندا بەتایبەتی لەهەولێرو سلێمانی و کەرکووک و بەغدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەهۆی ئەوەی ڕایگەیاندبوو، کە هێڵی ناوەنجییە لەنێوان یەکێتیی و پارتی. "

بەڕێز مامۆستا ئیسماعیل تەنیا ی نووسەر پەرتووکێک بەناوی ( کاردۆ گەڵالی نووسەر پارێزەر و سیاسەتمەدار ) لە ٩٦ لاپەرە پێکهاتووە ساڵی ١٩٩٧، بەدرەنگەوە ٥٠٠ دانەی لە چاپ داوە،. وەک خۆی دەڵێ : " لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ وە خەریکی کۆکردنەوە و سەر و سۆراخکردنی بەرهەمەکانی ئەم شەهیدەم . زۆربەی هەرە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکانم بەدوای گەڕان و پشکنینم کردووە، بە ڕاستی ئەم کارە لەو سەردەمدا ئەستەم بوو . بۆ نووسینی بڵاونەکراوەش پەنام بۆ بنەماڵەکەیان و دۆست و هاوڕێیانم بردووە . بەرەنجامی ماندووبوونەکەم، ئەوەندەی بەردەستە. دڵنیام بەرهەمی هزری کاردۆ زۆر لەمە زێترە . " هەروەها نووسەر دەڵێ : ساڵانی ٨٦ – ١٩٨٨ ویستم بینێرم بۆ شاخ تا هەڤاڵانی چاپی بکەن ڕێک نەکەوت، کە ڕاپەرینیش بەرپا بوو، چەند جارێک پرۆژەی چاپکردنەکەم چرپاندە گوێی هەڤاڵە دەست ڕۆیشتووەکانی لقی هەولێری حزب، دوایش بۆ چەند جارێک بەو ئومێدە سەردانی سەر کردایەتیم کرد لە ڕانیە و بە زەقی باسم کرد تاکو چەند جارێک بە کاک بەهرۆز گەڵاڵی ئامۆزای شەهیدم وت، مخابن گشتیان، زۆر بێ وادەو وەلام بوون ..!!


کاردۆ عبدولقەهار مستەفا گەڵاڵی لە ساڵی ١٩٥١، لە گوندی ( کەردز) ی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەم گوندە دەست پێ دەکا و ناوەندی و ئامادەیش لە شاری هەولێر تەواو دەکات، پاشان دەچێتە کۆلیژی یاسا لە بەغدا .. ساڵی ١٩٧٤ کە شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە، خوێندن جێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە شاخ .. لە نسکۆی شۆڕشیش وەک هەزاران پێشمەرگەو کادیر ڕوو دەکاتەوە شار و دەچێتەوە هەمان کۆلیژو درێژە بە خوێندن دەدات، لە ساڵی ١٩٧٨ دا بە سەرکەوتویی (یاسا) تەواو دەکات . دەبێتە پارێزەرو نوسینگە لە شاری هەولێر دەکاتەوە .. کاردۆ بڕوای وابو هەموو مرۆڤێک دەکرێ ناو و ناوەڕۆکی جیاکاتەوە لە ڕێگای نیشتیمان و گەلەکەیدا، بۆیە لە دادگای هەولێر ناوی خۆی بۆ ( کاردۆ ) گۆڕی، ئەم ناوەش بۆ زیاتر لە ٢٤٠٠ ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە .. کە نووسەرانی یۆنانی و ڕۆم کوردستانیان ناو نابوو کاردۆخییەکان .. مەبەستیان ئەم وڵاتە بوو، کە کاردۆخییەکان تێدا ژیاون .. ئەو گەل و هۆزەش نیشتەجێی نێوان چیاکانی دیاربەکر و نەسیبین و زاخۆوە، کە سنوورەکانیشی بەتەواوی و ئاشکرا و ڕوون نەبووە، لەکاتێک لەشکری زەینەفوونی یۆنانی لە خاکی کوردستان زەربێکی کوشندەی بەرکەوت.

کاتێک گەلی کورد لە شۆڕش و تێکۆشاندا جێماو بوو، نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش ببووە پرسە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەو کات زۆر کەس لە کوردایەتی و شۆڕش سارد بوونەوە، کە باسی خەباتی نەتەوایەتیت بۆ دەکردن، سەریان ژانی پێ دەکرد، حکومەتی بەعس ئەو خێزانە کوردانەی لە ئێران دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی باشووری ئێراقی ڕایدەگواستن تا ژمارەیان گەیشتە ٣٠٠ هەزار کەس لە ساڵی ١٩٧٦، لە ڕووی سیاسەتی بەعەرەبکردنیش پلانێکی چروپڕی دارێژی بوو لە شاری کەرکووک نزیکەی ١٠٠ هەزار عەرەبی هاوردەی نیشتەجێ کرد .. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەو ڕەفتارە ڕەگەز پەرستانانەو ڕاگواستنی بەکۆمەڵی ئەو ڕۆلانەی کورد گەڕابوونەوە، بەنهێنی و بەجیا چاویان پێک دەکەوت بۆ چارەسەرێکی بەپەلەو واقیعیانە بۆ کارەساتەکە بدۆزنەوە، کە بەسەر جوولانەوە و شۆڕشی کورددا هاتبوو، ئەوەبوو خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کوردیش لە بیری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێ و پێشکەوت و دابوون، هاوکات ئەم شۆڕشەی نسکۆی بەسەر هات، بەڵام نەوەیەکی نوێ و شۆڕشگێر و ڕۆشەنبیری پێگەیاند و ئامادەی کرد بوو بۆ هەڵاسانی دوژمن و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە قۆناغی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا هەزاران ڕۆڵەی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی پێ گەیاندووە و پێشکەشی نیشتیمان و شۆڕشەکەی کردووە. کاردۆ گەڵاڵی پارێزەر یەکێکە لەو سەرکردە تێکۆشەر و ماندوونەناسانەی کە تا دوا هەناسەی ژیانی هەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەی لە مەیدانی خەباتدا کۆڵی نەدا و گشت ساتەکانی تەمەنی بێ گوێ دانە مەرگ و ترس و ئازار و ئەشکەنجە، لە جاران بەگوڕتر تێ هەڵچووەوە و دەستی بە خەباتێکی سەختی کوردایەتی کردەوە، لە سەر بنچینەی سوسیالستی... کاتەکانی دەخستە سەر یەک بۆ گەڕان و پەیوەندی کردن و بەسەرکردنەوە، تا بسەلمێنێ کە لایەنی کەم هێندە مرۆی کورد و لاوەکانی هۆگری شۆڕشن، دوژمنان بزانن شۆڕش بەمەرگ نەکەوتوە و کاروانەکە سەر لێشێواو نییە، لە فەرهەنگ و مێژویی هیچ گەل و نەتەوەیەک بێ شۆڕش و قوربانیدان سەرکەوتوونەبووە، کوردیش دیرۆکی پڕە لە سەرهەڵدان و تراژیدی و شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی هەزارەها تێکۆشەر و شۆڕشگێری کردۆتە قوربانی، ڕەنگە لای کەسانی ئازادیخواز.. کێشەی نەتەوەیی زۆر گرینگ نەبووبێ، ئەوەندەی ڕزگاری و ئازادی ومافی مرۆڤ و فکرە و ئایدیلۆژیا.. یان پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە جیهاندا بە سەرکەوتن و ئازادی گەلانی ژێردەست دەزاندرێ، بۆیە ئەم شێوە خەباتەش یەک دەگرێتەوە دەبێتە هاودەنگ و هاوکێشە، نموونەی ئەو کەسانە لە شۆڕشگێڕی ڕۆشنبیر لە نێو ماندا کەم نین .. ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن : ئەوانە شۆڕشگێر بوون و لە بیر چەپ دابوون، لە پاڵ شۆڕشی ئەیلول دەڕازان و ڕازە خەویان دەکرد.. !



کاردۆ گەڵاڵی - ئەو پیاوەی تارۆژی لە سێدارەدانی سەربەرزانە ژیا

**بەشی یەکەم**




@ ( ) .com



# جاشبوون لای ئێمەو لای ئەوان !

**کاروان ئەنوەر**

من تێناگەم ئەم میللەتەی ئێمە بۆچی ناوی بەستەزمانترین و بێوەیترین ئاژەڵی لەخائین وخۆفرۆشەکانی خۆی ناوە؟؟. ئاخر تاوان نییە نازناوی (جاش) لەکەسێک بنێیت گوندی خۆی سووتاندبێت و کیژۆڵەی گەرمیانی بە دیاری بۆ بەعسییە پێ پەتیەکان بردبێت!!

**ئەم پرسیارەم لەچەندین زمانزانی کورد کردووە:**

بۆچی ئێمە بە خائینەکانمان دەڵێین جاش!!؟؟

هەریەک لەئەوان وەڵامێکی ساردو سڕی داومەتەوە، کە بە هیچ جۆرێک تینوێتی پرسیارە گڕگرتووەکەی نەشکاندووم.

جاش، جاشولکە، بێوەیترین ئاژەڵ، ئەگەر دایک و باوکیشی لەگوێ درێژ واتە لەکەر بن ئەوە پرسیار لە سەر زۆڵێتی و ئەسلۆفەسڵیشی نامێنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی جاش و جاشولکەو جاشێتی و جاشبوون و جاشایەتی و بەجاشکردن و هەموو زاراوەکانی تری بەخائینکردن بەستراونەتەوە بەم ئاژەڵەوە؟

من بۆچوونێکی جیاوازم هەیە لەسەر جاشبوون یان جاشێتی یان جاشایەتی و هەموو زاراوەکانی تر، کە چاوگەکانیان وشەی (جاش)ن:

وادەزانم ئێمەی کورد وەک کۆمەڵگەو تاکەکانی ناو کۆمەڵەکەمان، نامانەوێت تاوانبارو خۆفرۆشەکانمان ریسوا و بێ دەرەتان بکەین، لەشەڕیشدا بەشی ئاشتیمان لەگەڵ ئەواندا هێشتوەتەوە. تەنها ئەوەندە تاوانبارمان کردوون، کە ناوی ئەو ئاژەڵە داماوەمان کردووە بەنازناو بۆ ئەوان و ئیتر سەرجەم تاوانەکانی ئەو خۆفرۆشانەمان لەبیرکرد.

بۆ راستی ئەم بۆچوونە سەیرەم تەنها ئەم دوو دیمەنە بخوێنەرەوەو ئەوسا بزانە رای تۆش وەک رای منی لێ نایەت؟؟

دیمەنی یەکەم: هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەسەردان ڕێی کەوتبووە وڵاتی چیک و لەشاری پراگ-ی پایتەختی چیک ماوەیەک نیشتەجێ بوو، ئەو ماوەیە لە ئەپارتمانێکی چەند نهۆمیدا ژیابوو، بەڵام تێبینی کردبوو، کە بە تەنها پیرەژنێک هەیە لەو باڵەخانەیەدا، کە سەرجەم خەڵکەکە حەزیان لەچارەی نییەو سڵاوی لێناکەن و کاتێک ئەو پیرەژنە لەئاسانسێرەکەدا سەردەکەوێت، کەسی تر لە گەڵیدا سەرناکەوێت!! مەسەلەی ئەم پیرەژنە پرسیارێکی گەورەی لای هاوڕێکەم دروست کردبوو، کاتێک پرسیبووی بۆچی ئەو پیرەژنە کەس خۆشی ناوێت؟ لەوەڵامدا وتبوویان ئەو ژنە لەسەردەمانی جەنگی دووەمی جیهانی هاوکاری نازییەکانی ئەڵمانیا بووە لەوڵاتی چیک، ئەوە ئێستا زیاتر لە ٦٠ شەست ساڵ تێپەڕبووە بەسەر ئەو جەنگەدا، بەڵام هێشتا خەڵکی وڵاتی چیک و شاری پراگ ئەو تاوانەو ئەو هاوکاری و دەستتێکەڵکردنەیان لەبیرنەچووە، بۆیە بەتوندترین سزا سزای دەدەن، کە لەخۆیانی جیا دەکەنەوە، چونکە ئەو خائینەو خیانەتیش تەنانەت بە شەست ساڵیش پاک نابێتەوە..

دیمەنی دووەم: لەشوێنێک دانیشتبووم لەسەر خاکی ئەم هەرێمی کوردستانە، کابرایەکی تەنگە ئەستوور و سمێڵ رەشی قەترانی، کە هەموو گیانی بۆیاخی تەواو بوو، هاتە مەجلیسەکەو دوو کوڕی گەنجیش لە پشتییەوە راوەستابوون، خەڵکەکە هەموو دەست لەسەرسنگ بۆی وەستان و رێزێکی زۆرو زەوەندیان لێگرت، پاش چەند ساتێک کابرای رەشی قەترانی بەروویەکی خۆشەوە مەجلیسکەی بەجێهێشت و چۆن بەڕێزەوە پێشوازی لێکرا ئاوهاش بەڕێزەوە بەرێکرا!!. منیش ناوو ناسنامەی ئەو کابرایە بوو بە خولیای سەرم و لام بوو بە پرسیارکردنی هاوڕێکەم لە پیرەژنەکەی خەڵکی براگ. بۆچی ئەم کابرایە ئەوەندە بەڕێزە؟ بۆچی ئەوەندە خۆشەویستە؟؟

بەچپە لەو کەسەی تەنیشتم پرسی. ئەوە کێ بوو؟

وتی ئەوە فڵان کەس بوو؟ منیش دەنگم هەڵبڕی و وتم جا خۆ ئەوە موستەشار بوو ناوی لە لیستی ئەنفالچییەکانیشدا هەیە؟

-جا چییە ئێستا پیاوێکی ساڵح و لەخواترسەو هەر خەریکی خێرو حەسەنات کردنە. هەزار گوناهو یەک تۆبە!!

بەڵێ تاوانی خۆفرۆشتن لای خەڵکی وڵاتی چیک بەو جۆرە بوو. لای ئێمەش بەمجۆرەیە تەنها جاشبوونە..

من دڵنیام بیرکردنەوەی کۆمەڵگە دەتوانێت سزای تاوانبار بگۆڕێت، ئەگەر هەر جاشێکی (بەئیجازەی عومەر کلۆڵ-سەرۆکی جاشە بێتاوانەکانی کوردستان) لای خۆمان بەدەردی پیرەژنەکەی پراگ ببەین، ئەوە باشترین سزایە بۆ خۆفرۆشتن، بەڵام ئەگەر توندترین سزای ئێمە ئەوەبێت ناوی تاوانبارو خۆفرۆشیان لێبکەینەوەو ناوێکی زۆر بێوەی و نەرمیان پێوە بنێین(جاش)، بێگومان بن لەناو پرسەو مزگەوتەکانیشدا خەڵک لەبەریان هەڵدەستن و رێزیشیان هەر بەردەوام دەبێت.

karwananwar@yahoo.com

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو
هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
- حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)

بەڕێوەبەری نووسین:
- عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
awrahman2002@yahoo.com
- نەخشەساز: یەعقوب یوسف ئەبوبەکر
kurdistan2700@yahoo.com 0750 766 26 99
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر

www.arsivakurd.org